رووداو
RÛDAW
ژمارە (432) دووشەممە 2016/11/14 - 23ی گەلاڕێزانی 2716 (750) دینار

## دوایین نامە دەنگییەکانی کۆچبەرێک پێش خنکانی

### شەپۆل وا خەریکە دێتە ناو بەلەمەکە

**رووداو- هەولێر**

"قوربانت بم شتێکمان بۆ بکە، خەریکە شەپۆل دێتە نێو بەلەمەکەمان و دەخنکێین". ئەوە هاواری کۆچبەرێکی کورد بووە لەناوەڕاستی دەریای ئیجەوە. ئەم هاوارە لەڕێی نامەی دەنگییەوە، لە کۆچبەرێکی کوردەوە بۆ هاوڕێیەکی لە ئەڵمانیا نێردراوە.

قوربانییەکە ناوی هۆگر قاسم بووە، سەرەتای ئەمساڵ لەگەڵ 60 کۆچبەری دیکە، ویستوویانە بە بەلەمێکی بچووک بەنێو دەریای ئیجەدا بەرەو یۆنان بپەڕنەوە، بەڵام شەپۆلی دەریا نغرۆیان دەکات. هۆگر و 23 کۆچبەری دیکە دەخنکێن و 28 کۆچبەریش بێ سەروشوێنن و تاوەکو ئێستا هیچ هەواڵێکیان نییە.

"... شەپۆل وا خەریکە دێتە نێو بەلەمەکە و دەمانخنکێنێ". ئەمە دوا نامەی دەنگیی هۆگرە کە هاوڕێیەکەی لەگەڵ نامەکانی دیکەی لەلای خۆی پاراستوونی. لەو ڕۆژەوە تەرمی هۆگر لەنێو دەریادایە و تاوەکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە.

«11

## لە سلێمانی نووسراوی پڕوپاگەندە بۆ داعش بڵاودەکرێتەوە

3

وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بە وەکالەت بۆ (رووداو):

## بەغدا ڕێگا نادات فڕۆکەخانەکانی کوردستان ببنە خاوەنی ڕادار

5

"بێچووە شێرەکانی خەلافەت"..

## هەڕەشە گەورەکەی پاش تێکشکانی داعش

10

# هەردوو باڵەکەی یەکێتی لەسەر داوای ئێران بێدەنگ دەبن

«4



## کورد لە سوێد پارە قەرز دەکەن و لە کوردستان موڵکی پێ دەکڕن

«11

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### داعش 2745 منداڵی ئێزدی بێ باوک و دایک کردووە



هەڤپەیڤین 7

گوتەبێژی بەرەی شۆڕشگێڕانی ڕەققە:

### کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە زیاتر لە ساڵێک دەخایەنێ

تەندروستی 18

### چوار جۆر پەیینی زۆر مەترسیدار هاوردەی کوردستان دەکرێن




کۆمەڵایەتی 15

### پیاوێک لە چلەی هاوژینەکەیدا خۆی دەکوژێت



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 432 ) – دووشەممە 2016/11/14



## گەنجێکی کورد لە ئامەد داهێنان دەکات

**ڕووداو– ئامەد**

لە ناوچەی بسمیلی شاری ئامەدی باکووری کوردستان، گەنجێکی کورد جەلال گۆگەر بە داهێنانەکانی خەڵکی ناوچەکەی سەرسامکردووە و زۆربەی داهێنانەکانیشی لە بواری مۆبایل و کۆمپیوتەرە. داهێنەرەکەی ناوچەی بسمیل پێشتر کەڤەرێکی بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان دروستکردبوو کە بە چاویلکەی تایبەت دەبیندرا. ئێستاش کڵاوێکی دروستکردووە کە مۆبایل و لاپتۆپ و هەموو ئامێرێکی کارەبایی پێ بارگاوی دەکرێتەوە. کڵاوەکەش خۆی بە تیشکی خۆر بارگاوی دەبێتەوە.

# داعش 2745 منداڵی ئێزدی بێ باوک و دایک کردووە

**سەرباز سیامەند**
**ڕووداو– هەولێر**

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری گشتی کاوربـاری ئێزدییەکان لـە وەزارەتی ئەوقاف و کاروبـاری ئاینـی لە هەرێمی کوردسـتان، رایگەیانـد کە لە کۆی ئـەو 6413 ئێزدییەی لەلایەن داعشـەوە رفێنراون، تاوەکو ئێسـتا تەنیا 2754 کەس رزگارکراون.

خەیری بۆزانی وردەکاریی زیاتری لەبارەی رزگارکراوەکان ئاشـکرا کرد و گوتی لەوانەی رزگارکـراون 1429یـان منداڵـن. 998یـان ئافرەتـن و 327یشـیان پیـاون. بەپێـی ئامـارەکان تاوەکـو ئێسـتا 57%ی ئەوانەی رفێنراون، هێشتا لە دەستی داعشدا ماون.

خەیـری بۆزانـی ئاماری ئەو کەسانەشـی ئاشـکرا کرد کـە نەمـاون و گوتـی "بەپێی ئامـارە باوەڕپێکـراوەکان، داعـش تاوەکـو 2016/10/19 هـەزار و 293 کوردی ئێزدی شـەهید کـردووە. بـەو هۆیەشـەوە چەندین منـداڵ بـێ دایـک و بـاوک بـوون. 1759 منـداڵ باوکیـان لەدەسـتداوە، 407 منـداڵ دایکیـان لەدەسـتداوە، 359 منداڵیش دایک و باوکیـان نەمـاون و 220 منداڵـی ئێزدیش دایـک و باوکیان لەژێر دەسـتی داعشـدان و چارەنووسـیان نادیـارە. بەگشـتی 2745 منداڵی ئێزدی بێ دایک و باوک بوون".

خەیری بۆزانی لەبـارەی ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کـوردی ئێزدیش گوتی "تاوەکو ئێسـتا 30 گۆڕی بەکۆمەڵی کوردانی ئێزدی لە شـەنگال و دەوروبـەری دۆزراونەتەوە کە تەرمی کەسێک یان زیاتریان تێدا بووە".

خەیـری بۆزانی ئاماژەی بـۆ ئەوەش کرد کە داعش نەک تەنیا دەسـتی لە زیندووەکان نەپاراسـتووە، بەڵکـو دەسـتی بـۆ گـۆڕی مردووەکانیـش بـردووە "بەپێـی ئامارەکانی ئێمە 44 مەزار و شـوێنی پیرۆزی ئێزدیەکان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە تەقێنراونەتەوە".

چەکدارانـی داعـش ڕۆژی 2014/8/3 هێرشـیان کـردە سـەر قـەزای شـەنگال و دەوروبـەری و لـە ئەنجامـدا 6413 کـوردی ئێزدییـان رفاند کە 3543یان لە رەگەزی مێ و 2870 کەسیشیان لە رەگەزی نێر بوون.

سـەبارەت بە ژمـارە و چارەنووسـی ئەو کوردانەی تاوەکو ئێسـتا لە دەسـتی داعش رزگار نەکـراون، خەیـری بۆزانی گوتی "هیچ شـتێک لەبـارەی چارەنووسـیان نازانین، ئەوەندە دەزانین تاوەکو ئێستا 3659 کوردی ئێـزدی لـە چنگی داعشـدا مـاون کە 1834 کەسـیان لە رەگەزی مێن و 1825یشـیان لە رەگەزی نێرن".



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

# به دڵی داعش گوتاری نەدا، ناردیانە زیندان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

مەلایەکـی گەڕەکـی گۆگجەلـی لـە شـاری موسـڵ، دەڵێـت بەهـۆی ئـەوەی بەدڵـی چەکدارانی داعـش گوتاری هەینی نەخوێندووەتـەوە، سـێ جـار دەسـتگیر کراوە.

چەند ڕۆژێکـی کەم دوای ئەوەی داعش شاری موسڵی گرت، دەسەڵاتدارانی تازەی شار لە دوای مەلا عەباس ساڵح و مەلاکانی دیکەیـان نـارد و پێیانڕاگەیاندن کە دەبێ لەمـەودوا بەپێـی ڕێنمایی ئـەوان گوتاری هەینـی بخوێننەوە و گوتارەکانیش لەلایەن ئەوانەوە دەنووسـرێن، بـەڵام مەلا عەباس پابەندی بڕیارەکە نەبوو.

ئەو کە مەلای یەکێـک لە مزگەوتەکانی گەڕەکـی گۆگجەلیـی شـاری موسـڵە، بە (ڕووداو)ی گوت "دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، چەکدارانی داعش هاتنە گەڕەکەکەمان. دوو چەکداریان هاتنە لام و گوتیـان لەگەڵمـان وەرە، منیان بردە لای ئەمیرەکەیان".

ئەمیرەکـەی داعـش دوو داواکاری لـە مەلا عەباس هەبووە، یەکەمیان بەیعەت بە خەلیفەی داعش بدات، دووەمیشیان دەبێت لەمەودوا ئەو گوتارە بخوێنێتەوە کە داعش بۆی دەنووسێ. بەڵام مەلا عەباس هەردوو داواکارییەکـە ڕەتدەکاتـەوە و داعشـیش لەسەر ئەوە دەستگیری دەکەن.

مـەلا عەبـاس گوتـی "دوای دوو هەفتە دووبارە بەدوامدا هاتن، دیسان بردمیانەوە لای ئەمیرەکـەی داعـش، دیسـان هەمان داواکاری هەبوو. منیش وەکو جاری پێشوو ڕەتمکـردەوە. زۆر هەوڵم لەگەڵ ئەمیرەکە دا کـە ئـەوەی ئێـوە دەیڵێـن هەڵەیـە و ناکرێ، بـەڵام ئەمیرەکە تووڕە بوو، گوتی بیبەنە زیندان".

مـەلا عەباس دەگوازرێتەوە بۆ زیندانێک لە بەری لای ڕاستی موسڵ کە پێیانگوتووە زیندانەکـەی لای کڵێسـا، یـەک مانگ لەو زیندانە دەمێنێتەوە، پاشـان بەو مەرجەی چیـدی گوتاری هەینی نەخوێنێتەوە، ئازاد دەکرێ.

## مەلایەکی گەڕەکی گۆگجەلی:
## زیندانی پێشمەرگە دیلەکان جیاواز بوو

مەلا عەبـاس دوو جـاری دیکە لەلایەن داعشـەوە دەسـتگیر دەکرێ. ئـەو گوتی "جاری دووەم بردمیانـەوە هەمان زیندان، بـەڵام جاری سـێیەم بردمیانـە زیندانێکی دیکـە. هـەر جارێکیـش بـە بیانوویـەک دەسـتگیریان دەکردم، جارێـک دەیانگوت تـۆ زانیـاری دەدەیە کوردسـتان، جارێک دەیانگوت تۆ زانایەکی هەڵگەڕاوەی، بۆچی بەیعەت بە ئەمیری موسڵمانان نادەی؟".

بـە گوتەی مـەلا عەباس، داعش سـێ زیندانـی گـەورەی هەبـووە و هـەر سـێ زیندانەکەش لە بەری لای ڕاسـتی موسـڵ بـوون. سـەبارەت بـەو پێشـمەرگانەی لەلایەن داعشـەوە بـە دیل گیـراون، مەلا عەباس گوتی "ئەو کاتەی لە زیندان بووم. چەکدارێکی داعش کە لە زیندان بوو گوتی زیندانی پێشمەرگە جیاوازە".

مـەلا عەباس هیـچ تاوانێکی لـە خۆیدا شـک نەبـردووە، بۆیـە ویسـتوویەتی بۆ بەرپرسانی داعشـی ڕوون بکاتەوە کە ئەو بە ناهەق گیـراوە، تاوەکو ڕۆژێک دەیبەنە دەرەوە.

ئـەو گوتـی "منیان بردە لای کەسـێک بـە ناوی ئەبو تـەڵاڵ کە لەنێو خانوویەکی گـەورەدا بوو.. بە ئەبـو تەڵاڵم گوت ئەوە سـێ جارە لـە هیچ و خۆڕایی دەسـتگیرم دەکـەن. ئەویـش پەیوەنـدی بـە چەنـد کەسـێکەوە کـرد، پاشـان نووسـراوێکی بۆ کـردم و پێیگوتم ئەگـەر ئەمجارە هەر کەسێک دەستگیری کردی، ئەو نووسراوەی منی پێ نیشان بدە، ئیدی وازیان لێهێنام".

بەرهەمی ساڵانەی زەیتوونی باشیک 600 تۆنە

# داعش زەیتوونی باشیکی دەنارده سووریا

**ڕووداو– باشیک**

بەرپرسـێکی کشـتوکاڵ لە ناحیەی باشیک دەڵێت، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی شارۆچکەکەیان لەژێر دەسـتی داعشـدا بووە، چەکدارانی داعش زەیتوونـی ئـەو ناوچەیەیان ڕنیوە و بەشـێکی زۆریان هەناردەی سووریا کردووە.

ناحیەی باشیک سـەر بە قەزای حەمدانیەی پارێزگای مووسڵە، دوای دوو هەفتە گەمارۆدان، هەفتەی ڕابردوو لەلایەن پێشـمەرگەوە کۆنترۆڵ کرایەوە. زۆربەی دانیشـتووانی ناحیەکە کوردی ئێزدین و بە کشتوکاڵەوە خەریکن. بە تایبەتیش لە بەرهەمهێنانی زەیتووندا پێشەنگن.

نیعمـەت سـاڵح، جێگـری بەڕێوەبـەری کشـتوکاڵی ناحیەی باشیک بە (ڕووداو)ی گوت "بەرهەمی سـاڵانەی زەیتوون لەم شـارۆچکەیە دەگاتـە نزیکەی 600 تۆن". نیعمەت ئەندازیاری کشـتوکاڵە و کوردێکی شـەبەکی دانیشـتووی گونـدی فازڵییەیە. ئەو کـە داعش هات هەر لە گوندەکەی خۆی مایەوە، بەڵام لە فەرمانگەکەی دەوامی نەدەکرد.

نزیکەی 70%ی دانیشـتووانی باشیک کوردی ئێزدین، 20%یان کریستیان و 10%یشی کوردی شەبەک و عەرەب و تورکمانن.

نیعمـەت دەڵێت "پێش ئـەوەی ئەو ناوچانە بکەونـە ژێر دەسـەڵاتی داعش، سـێ کارگەی دروسـتکردنی زەیتـی زەیتوون لەگەڵ سـەدان کارگەی دروستکردنی خۆشکردنی زەیتوون لە ناوچەی باشـیک هەبـوون، بەرهەمی زەیتوونی باشـیک ڕەوانـەی مووسـڵ، هەولێـر، دهۆک، بەغـدا و باشـووری عێراق دەکرا، بـەڵام دوای هاتنی داعش، بەشـێک لە دار زەیتوونەکان بەر بۆردومان کەوتن و سووتان. ئەوەشی مابووەوە چەکدارەکانـی داعـش بەرەکەیـان دەڕنـی و دەیاننارد بۆ مووسڵ و سووریا".

بـە گوتەی ئەو بەرپرسـەی کشـتوکاڵی باشـیک، 30%ی خەڵکـی ناحیەی باشـیک پشـت بـە زەیتـوون دەبەسـتن. نیعمـەت دەڵێـت "ڕووبەرێکـی بەرفراوانـی خاکـی باشـیک کراوەتە زەیتوون. ئەگەر وەزارەتی کشـتوکاڵ پلانـی هەبـێ، زەیتوونـی ئـەم ناوچەیـە سـوودێکی زۆری بـۆ هەرێمـی کوردستان دەبێ.

سـەبارەت بـە نرخی زەیتـوون، نیعمەت سـاڵح گوتی "پێش هاتنی داعش یەک کیلۆ زەیتوون لەنـاو کێڵگە بە 1000 دینار بوو، بـەڵام دوای هاتنـی داعش کیلـۆی بە 400 دینار بوو. چونکە هەر سێ کارگەکەی زەیتی زەیتوون لە نێو باشیک لەکار کەوتبوون".

بە گوتـەی جووتیارانی ناوچەکە، حەوت جـۆر زەیتوون لە باشـیک هەیە، جۆرێکیان بە ناوی زەیتوونی باشیک ناوی دەرکردووە.

فەیسەڵ ستار، کە جوتیارێکی دەوروبەری باشیکە و 30 ساڵە بە کشتوکاڵەوە خەریکە بە (ڕووداو)ی گوت " خاک و هەوای باشیک بـۆ چاندنـی زەیتـوون زۆر گونجـاوە. دار زەیتـوون هەیە لەم ناوچەیـە تەمەنی 150 سـاڵە، نزیکـەی حـەوت جۆر زەیتـوون لە باشـیک هەن، جۆرێکی تایبەتمان هەیە کە پێیدەڵێن زەیتوونی باشیک".



# ماوەی دوو ساڵ لەناو موسڵ گیری خوارد

**نەبەرد حوسێن**
**ڕووداو– موسڵ**

بەرەبەیانی زوو لەگەڵ هەرسێ منداڵەکەی و هاوژینەکەی لەبەغداوە بەرەو موسڵ بەڕێکەوتن. زاهیـر وای دانابـوو دوای تەواوبوونی ئاهەنگی خوشکەزاکەی، یەکسەر بگەڕێتەوە بەغدا، بەڵام داعش لەگەڵ ئەواندا گەیشتە نێو موسڵ، ئیدی نە خوشکەزاکەی زاهیر ئاهەنگی گێڕا و نە زاهیر و خێزانەکەشی توانییان بگەڕێنەوە بەغدا.

لەگەڵ گەیشتنی سـەربازانی سوپای عێراق بە گەڕەکی ئینتیسـاری شـاری موسڵ، زاهیر مەهدی خۆی گەیاندە لای سەربازانی سوپا. بە تامەزرۆییەوە مژی لە نێرگەلەکەی دەستی دەدا کـە دوو سـاڵ و نیو بوو نەک هـەر نێرگەلەی نەکێشـابوو، بەڵکو لە ترسی چەکدارانی داعش نەیوێرابـوو لـە ماڵـی خوشکەزاکەشـی بێتە دەرەوە.

زاهیر مەهدی لەدایکبووی بەغدایە و ناوی ئەو شارە لەسەر ناسنامەکەی بووە، بۆیە لە ترسی چەکدارانـی داعـش نەیوێراوە بچێتـە دەرەوە، چونکـە ئەگەر دەسـتگیرکرابا بە ئاسـانی لە دەستی داعش ڕزگاری نەدەبوو.

دیـارە زاهیـر مەهدی چانسـی هەبـووە کە هەڵمەتی کۆکردنەوەی سەتەلایتی ماڵان لەلایەن داعشـەوە نەگەیشـتە گەڕەکی ئینتیسـار کە گەڕەکێکی کەنار شـاری موسـڵە لە بەری لای چەپی شارەکە. بۆیە ئەو دوو ساڵ و نیوەی لە موسڵ بووە، بەدیار سەتەلایتەوە دانیشتووە.

زاهیـر دەڵێت "لـە ماوەی ئەو دوو سـاڵ و نیـوەی لە موسـڵ گیـرم خواردبوو، تووشـی خەمۆکـی بووم. لەو ماوەیەدا تەنیا تەماشـای تەلەفزیۆنـم دەکـرد". گوتیشـی "هـەر ماڵێک سەتەلایتی هەبووایە سزاکەی 500 هەزار دینار و لێدانی 50 جەڵد بوو". بەڵام وەک زاهیر دەڵێت، بەهۆی گەورەیی موسـڵەوە پرۆسـەی گەڕان و پشـکنینی ماڵان بۆ سـەتەلایت نەگەیشتبووە گەڕەکەکەی ئەوان.

### ئاهەنگیان بۆ کەرکووک گێڕا

داعش وای لە خەڵکی ژێر دەسـەڵاتی خۆی گەیاندبوو کە کەرکووک و دوبز لە ژێر کۆنترۆڵی خەلافەتەکەیاندایە. زاهیـر دەڵێت "ئەو ڕۆژەی داعش هێرشـی کردە سـەر کەرکـووک، ئەوان لەنێو شار تەقەی خۆشییان دەکرد و ئاهەنگیان دەگێڕا، دەیانگوت گوایە ویلایەتی کەرکووکمان گرتووە".

هاوژینەکـەی زاهیـر لەپەنجـەرەی ئەو ژوورەی زاهیـری لێ دانیشـتبوو، گوێی لە قسـەکانی مێردەکەی گرتبوو. ئەو جلێکی ڕەشـی لەبـەر کردبوو، پەچـەی فڕێدابوو بـەڵام نەیدەویسـت خۆی پیشـانی کامێرا بـدات. دیـار بـوو وەک زاهیـری مێـردی هێشتا ترسـی داعشی لەدڵدا مابوو، بەڵام ئـەو وەک مێردەکەی نەبوو، ڕۆژانە لەگەڵ خوشکی زاهیر دەچوونە دەرەوە.

زاهیر ئێسـتا لـە گوندی شـەهرەزادی نزیـک گەڕەکـی ئینتیسـار چاوەڕێیـە بۆ ئـەوەی بیگەڕێننەوە بەغـدا. یەکەم کەس کە زاهیـر حەز دەکات ببیینـێ دایکیەتی و دەڵێت "هەر ببیینم دەسـت و پێیەکانی ماچ دەکەم".



## سێ وەزیر بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێن

**ڕووداو- بەغداد**

عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهۆی بوونی دۆسیەی گەندەڵییەوە، وا بڕیارە لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمەوە سێ وەزیر و سەرۆکی دەستەی گەیاندن و پەیوەندییەکان بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن. عادل نووری گوتی "بڕیار وایە هەریەک لە وەزیرانی پەروەردە، کشتوکاڵ و تەندروستی، هەروەها سەرۆکی دەستەی گەیاندنی عێراقی بانگهێشتی پەرلەمان بکەین و بانگهێشتەکەش بۆ ئیستیجوابە، ئەگەریش وەڵامەکانیان بە دڵی پەرلەمانتاران نەبوو متمانەیان لێوەردەگرینەوە". نووری گوتیشی "تائێستاش دۆسیەی بانگهێشتکردنی ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق بە کراوەیی ماوەتەوە".



راپۆرت
ڕووداو
ژمارە (432) - دووشەممە 2016/11/14

# لە سلێمانی نووسراوی پڕوپاگەندە بۆ داعش بڵاودەکرێتەوە

مەریوان نەقشبەندی:

## بەڵگەمان لەسەر هەندێک کەس کۆکردووەتەوە و داومانەتە دادگا




**ڕاوچی حەسەن**
**ڕووداو- هەولێر**

لە شاری سلێمانی و لە دوو شوێنی جیاواز، دوو وێنە بڵاوبوونەتەوە کە ناوەڕۆکەکەیان بانگەشەیە بۆ داعش. بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقافیش دەڵێت لە سلێمانی هەندێک کەس بە ئاشکرا بانگەشە بۆ داعش دەکەن و بەڵگەیان لەسەر ئەو کەسانە کۆکردووەتەوە و بۆ دادگایان ناردووە.

یەکێک لە وێنەکان بەرامبەر چیای ئەزمەڕ گیراوە، لەوەی دیکەیان باڵەخانەی شاری جوان (گراند ملینیۆم) دەرچووە، لەسەر هەردوو وێنەکانیش نووسراوە (دەوڵەتی ئیسلامی لە سلێمانی، ئێمە لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا هەین، بە فەزڵی خوا فەتحی کوردستان دەکەین....".

ئەم وێنانە ڕۆژی 2016/10/29 لە "هەژمارەکانی داعش" لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکراونەتەوە. ڕووداو لە ڕێگەی نامەی فەیسبووکەوە قسەی لەگەڵ خاوەنی ئەو هەژمارە کرد کە بە (ئەبوو سۆران ئەلکوردی) خۆی ناساند و ئەکاونتەکەشی هەر بەو ناوەیە. (ڕووداو) پرسیاری لێکرد کە ئایا لە سلێمانی دەژی و خۆی ئەو وێنانەی گرتووە؟ سەرەتا نەیویست وەڵام بداتەوە، بەگوتەی خۆی ڕێگەی پێنەدراوە قسە بکات، بەڵام دوای چەند پرسیارێکی دیکە و بەردەوامبوون لە پرسیارکردن، گوتی "ئێمە نەک لە سلێمانی، لە زۆربەی جیهان هەین و ئەشمێنین، ئەو وێنانەش لەلایەن برایانمان لە سلێمانی گیراون".

ئەبوو سۆران شوێنی خۆی ئاشکرا نەکرد کاتێک پرسیاری لێکرا، تەنیا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە "فەتحی هەموو کوردستان" دەکەن.

ماوەیەکە لایەنگر و هەوادارانی داعش، هاوشێوەی سەرەتای هاتنی داعش بۆ عێراق و کوردستان، کەوتوونەتەوە خۆ و بە دروستکردنی ئەکاونت و پەیج لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە زمانی کوردی، پڕوپاگەندە بۆ ئەو ڕێکخراوە دەکەن. ئەو ئەکاونت و پەیجانە ڕۆژانە هەواڵ و وێنە و ڤیدیۆکانی داعش بە تایبەتی هەواڵەکانی پێگەی ئەعماقی داعش، وەردەگێڕنە سەر کوردی و بڵاوی دەکەنەوە.

ئەبوو سۆران بە ناوهێنانی وشەی "داعش" کە کورتکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامە، قەڵس دەبێت و دەڵێت "تۆ جاریٰ مەڵێ داعش، چونکە ئێمە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامین، هەروەها شەڕی ئێمە دیارە لەسەر چییە و بۆچی لە پاڵ ئەوان دەجەنگین، شەڕی ئێمە شەڕی عەقیدەیە....".

بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف کە زانیاری لەبارەی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە هەیە، دەڵێت خەڵکانێک هەن لە کوردستان بە ئاشکرا پشتگیری لە داعش دەکەن.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کەسانەی لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاوکاریی چەکدارانی داعش دەکەن، لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان هەن و بە ئاشکرا پشتگیری خۆیان بۆ داعش دەردەبڕن".

بەگوتەی نەقشبەندی "ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە کارانە دەکەن و بە کوردی لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاوکاریی داعش دەکەن و نووسراوەکان بڵاودەکەنەوە، زۆربەیان لە سنووری پارێزگای سلێمانین".

گوتیشی کە ئەوان لەو کەسانە بێدەنگ نین و چاودێرییان دەکەن. نەقشبەندی گوتی "ئێمە لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە چەندین بەڵگەمان لەسەر ئەو کەسانە کۆکردووەتەوە و زانیاری تەواومان داوەتە دادگاکان، بەڵام ئەوە ئیشی دادگایە کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات. ئەگەر ئەوانە خۆیان بن، دەبێت بە سزا بگەیەنرێن".

مەریوان نەقشبەندی باسی ئەو لیژنەیەی کرد کە کار لەسەر پڕوپاگەندەکانی داعش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و گوتی "لیژنەیەک لە وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ناوخۆ و پێشمەرگە پێکهێنرابوو بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک کارمان لەسەر کرد، بەڵگەی تەواومان لەسەر تەواوی ئەو کەسانە کۆکردووەتەوە کە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لەڕێگەی سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە هاوکاریی داعش دەکەن. بە ئاشکراش دیارە ئەو کەسانە کێن، بەڵام لە کوردستان و بەتایبەت لە زۆنی سلێمانی دادگا تاوەکو ئێستا یارمەتیدەرێکی باش نەبووە تاوەکو لێکۆڵینەوەی جددی لەسەر ئەو کەیسانە بکات".

نەقشبەندی داوا دەکات ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانە بگرێتەبەر، چونکە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی کوردستانیان دەزانێت و دەڵێت "ئەگەر جاران چەکدارانی داعش لەڕێگەی مزگەوتەکان و ناوەندە ئاینییەکانەوە بانگەشەیان بۆ داعش کردبێت، ئەوا ئێستا سوود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێت وەردەگرن".

گوتیشی "ئەو کەسانە ئاشکرا و دیارن کە لە کوردستان ئیش بۆ چەکدارانی داعش دەکەن".

# داعش چەکی لێزەر و کۆڕنێتی دەستکەوتووە

فەرماندەیەکی سوپای عێراق:

## داعش لە مووسڵ شەڕێکی "سەرشێتانە" دەکات

## لە 80 گەڕەکی بەری چەپی مووسڵ تەنیا 5 گەڕەک کۆنترۆڵ کراونەتەوە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

نزیکەی مانگێک بەسەر دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا تێپەڕ دەبێ و لە کۆی 80 گەڕەک کە دەکەونە بەری لای چەپی شارەکە، تەنیا پێنج گەڕەک لەلایەن سوپای عێراقەوە کۆنترۆڵ کراونەتەوە. فەرماندە باڵاکانی سوپای عێراق دەڵێن داعش چەکی زۆر پێشکەوتووی دەستکەوتووە.

ڕۆژی 2016/10/17 هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ یەکەم گوللەی دەستپێکی شەڕی موسڵی تەقاند و بەوەش دەرگای لەسەر گەورەترین شەڕ بەرامبەر چەکدارانی داعش کردەوە. ڕۆژی دەستپێکردنی شەڕەکە دیارە، بەڵام ڕۆژی یەکلابوونەوەی لەهیچ شوێنێکەوە دیار نییە.

فەرماندەکانی سوپای عێراق کە ئێستا هەندێ گەڕەکی پێشەوەی شاری مووسڵیان کۆنترۆڵ کردووە، نایشارنەوە شەڕی دەرپەڕاندنی داعش لە مووسڵ "سەختە و ئاسان نییە".

عەبدولغەنی ئەسەدی، سەرۆکی دەزگای دژە تیرۆری عێراق کە بە فیرقەی ئاڵتونی دەناسرێن، لەگەڕەکی عەرەبجی لە موسڵ بە (ڕووداو)ی گوت "یەکەم کاری ئێمە پێش ئەوەی لەگەڵ داعش شەڕ بکەین، دەبێ خەڵک بپارێزین، چونکە داعش خەڵک وەکو قەڵغانی مرۆیی بەکاردێنێ". هەر ئەمەشە بەقسەی ئەسەدی، کە وا دەکات پلانەکەی سوپای عێراق بەشێوەیەکی زۆر لەسەرخۆ بچێتە پێشەوە.

داعش لە ڕێی پێگەی ئەعماق لە یوتیوب چۆنیەتی شەڕی چەکدارەکانی بەرامبەر سوپای عێراق لەنێو گەڕەکەکانی مووسڵ بڵاودەکاتەوە و تێیدا دەردەکەوێ کە شەڕێکی قورس بەرامبەر سوپای عێراق دەکەن و تەنانەت هەندێجار وێنەی ئەو چەک و ئۆتۆمبێلانەش بڵاودەکاتەوە کە گوایە لە شەڕەکەدا دەستی کەوتوون.

مەعن سەعد، فەرماندەی لیوای دووی فیرقەی ئاڵتوونی کە هێزەکەی لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی شارەکە لەگەڵ داعش شەڕێکی سەخت دەکەن، بە (ڕووداو)ی گوت "شەڕی قورس لە مووسڵ هەیە و داعش شەڕێکی سەرشێتانە دەکات". سەعد باسی کاریگەریی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو دەکات لەلایەن داعشەوە و دەڵێت "تاوەکو ئێستا داعش بەس لە میحوەری ڕۆژهەڵاتی مووسڵەوە 180 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوی بەکارهێناوە".



### داعش چەکی کۆڕنێتی لەکوێ بوو؟

تاوەکو ئێستا لە کۆی زیاتر لە 80 گەڕەکی لای چەپی موسڵ، سوپای عێراق پێنج گەڕەکی کۆنترۆڵ کردووەتەوە کە لە هەندێکیان هێشتا هەندێجار شەڕ و پێکدادان لەنێوان داعش و سوپای عێراقدا ڕوودەدات.

هەر یەک لە گەڕەکەکانی "گوکجەلی، سەماح، سەدام، ئینتیسار، شەیما" بە تەواوەتی کۆنترۆڵ کراون. هەروەها گەڕەکەکانی سەلام، قادسیەی دوو، بەکر هێشتا شەڕیان تێدایە.

وەک فەرماندەکانی سوپای عێراق باسی دەکەن "قەڵغانی مرۆیی" و مانەوەی خەڵک لەنێو خانووەکان، ڕێگری سەرەکین لەوەی سوپا نەتوانێ بەخێرایی پێشڕەوی بکات و تۆپبارانی داعش بکات.

لەو ڤیدیۆیانەدا کە داعش بڵاویان دەکاتەوە، وا دەردەکەوێ کە بەشێکی ئەو چەکدارانەی لەنێو موسڵ شەڕی سەخت بەرامبەر سوپای عێراق دەکەن، چەکداری بیانین.

داعش لەم شەڕەدا چەندین تانک و زرێپۆشی سوپای عێراقی بە چەکی (کۆڕنێت) تێکشکاندووە کە هاوشێوەی چەکی میلانە.

کۆڕنێت دروستکراوی ڕووسیایە. یەکێک لە فەرماندەکانی فیرقەی 9ی زرێپۆشی عێراق لەکاتی تێپەڕینی هێزەکەیان لە گەڕەکی شەیما بۆ گەڕەکی فەلەستین بە (ڕووداو)ی گوت "ناتوانین سەربازەکانی خۆمان لەڕێگەی زرێپۆش و تانکەوە بگوازینەوە، چونکە داعش چەکی زیرەکیان هەیە و یەکسەر ئامانج دەپێکن. بۆیە تاوەکو هێزەکانی ئێمە هەندێ لە کۆڵانەکانی ئەو گەڕەکە نەگرن، ناتوانین تانک و زرێپۆشەکانی خۆمان ببەین".

ئەو چەکە پێش هاتنی داعش لەلایەن سوپای عێراقەوە بەکارهێنراوە، هەروەها سوپای سووریاش ئەو چەکەی هەبووە، بۆیە نازانرێ سەرچاوەکەی کام لایە و ئاخۆ چەند چەکی لەو جۆرەیان لەدەستە.

### داعش بە چەکی لێزەری شەڕ دەکات

داعش لە 2014/6/9 موسڵی گرت، دوای ئەوەی چەک و جبەخانە و پارەیەکی زۆری کەوتە دەست، بە ماوەیەکی کەم ڕومادی و فەللوجەشی گرت و تاوەکو دەروازەکانی بەغداش ڕۆیشت. چەکی پێنج فیرقەی سەربازیی سوپای عێراق کە چەکی ئەمریکی و ڕووسی بوون، کەوتنە دەستی داعش.

فەریق جەمال ئیمینکی، سوپاسالاری پێشمەرگە لەبارەی شەڕی موسڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشمەرگە باشترین ئاسانکاری بۆ سوپای عێراق کرد بۆ ئەوەی بچنە نێو موسڵ".

فەریق جەمال ئیمینکی باسی قورسیی شەڕی موسڵ دەکات و دەڵێت "شەڕی نێو شار ئاسان نییە، بەتایبەت لە موسڵ کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە".

بەبڕوای سوپاسالاری پێشمەرگە، لە قۆناغەکانی داهاتوودا "پێشڕەویی سوپای عێراق بۆ نێو قووڵایی شاری موسڵ لەسەرخۆتر دەبێ، چونکە پلانی شەڕ دەگۆڕدرێ و داعشیش تاکتیکی نوێ بەکاردێنێ، بەتایبەت کە لە شەڕی موسڵدا دەرکەوت داعش چەکی نوێی پێیە. لەوانەش چەکی لێزەری و چەکی کۆڕنێت کە دژە تانکە".

## مالیکی: شتێک نییە بەناوی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان

**ڕووداو– هەولێر**

نووری مالیکی، سـەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسـا لە هەڤپەیڤنێکدا لەگەڵ ماڵپەری ئیلاف، ڕایگەیاند "لە بودجەی عێراقدا، شـتێک نییە بەناوی مووچـەی فەرمانبەرانی کوردسـتان، بەڵکو پشـکی 17%ی بودجەی هەرێمی کوردسـتان هەیە، کە بەهۆی پابەندنەبوونـی حکومەتەکەی بارزانی بە ڕێککەوتننامەی نەوتییەوە پشکی هەرێمی کوردستان بڕاوە، چونکە مەعقول نییە هەرێمی کوردستان داهاتی نەوتی خۆی ڕەوانەی ناوەند نەکات و داوای بەشی نەوتی بەسرا ش بکات". لەبارەی هەڕەشەکانی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، مالیکی ڕایگەیاند "مووسڵ ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی دیکە دەبێتەوە، کە ئەویش لەلایەن ئەو حەشدەیە کە ئوسامە و ئەسیل نوجەیفی سەرۆکایەتی دەکەن".



ڕووداو ڕاپۆرت
ژمارە (432) – دووشەممە 2016/11/14

# باڵەکانی یەکێتی لەسەر داوای ئێران بێدەنگ دەبن

## باڵی "زۆرینە" هێرۆ ئیبراهیم و پاڤێڵ تاڵەبانی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ "ناوەندی بڕیار" ڕادەسپێرن

### گوتەبێژی ناوەندی بڕیار: لەسەر داوای ئێران بەشێوەیەکی کاتی بێدەنگ دەبین



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

شـاڵاو عەلی عەسـکەری، گوتەبێـژی باڵی "ناوەنـدی بڕیار"ی یەکێتی ڕایگەیاند کە لەلایەن ئەوانەوە کۆسـرەت ڕەسوڵ، جێگری سکرتێری گشـتی و لە باڵـی "زۆرینە"ش هێـرۆ ئیبراهیم ئەحمـەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسـی و پاڤێڵ تاڵەبانـی ڕاسـپێردراون بـۆ کۆبوونـەوە لەگەڵ یەکـدی، گوتیشـی کـە لەسـەر داوای ئێران و بەشـێوەیەکی کاتی، هـەردوولا بێدەنگبوونیان هەڵبژاردووە.

مانگێک لەمەوبـەر باڵی "زۆرینە"ی مەکتەبی سیاسـی بـە سـەرۆکایەتی مـەلا بەختیـار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی و ئامادەبوونـی 33 ئەنـدام لە کـۆی 51 ئەندام کـە ئەندامانی ناوەنـدی بڕیاری تێـدا نەبوون، کۆبوونەوە. دواتریـش بڕیاریان دا مەلا بەختیار ڕاسـپێرن بۆ ئەوەی سەردانی کۆسرەت ڕەسوڵ بـکات تاوەکـو وادەی کۆبوونـەوەی داهاتـووی سەرکردایەتیی یەکێتی دیاری بکات.

دوو هەفتـە لەمەوبەریـش مـەلا بەختیـار سەرۆکایەتی شاندێکی یەکێتی لە "باڵی زۆرینە" کرد و سەردانی کۆماری ئیسلامییان کرد، دوای گەڕانەوەشـیان مەلا بەختیار سەردانی کۆسرەت ڕەسـوڵی کـرد بـۆ ڕوونکردنەوەی مەبەسـتی سەردانەکە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی لە "باڵی زۆرینە" بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێدەچێت لەو سـەردانەدا مەلا بەختیار داوای لە کۆسرەت ڕەسوڵ کردبێت بانگهێشـتی ئەندامانی سـەرکردایەتی بکات بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو.

ئەو بەرپرسـەی یەکێتی گوتی "لەبەرئەوەی لە کۆبوونەوەی پێشـتری سـەرکردایەتیدا مەلا بەختیـار بـۆ ئـەو کارە ڕاسـپێردرا، ڕەنگە لەو کۆبوونەوەیەیـدا لەگـەڵ کاک کۆسـرەت ئـەو داوایەشـی لێکردبێت، بۆیە ئێسـتا دەبێت کاک کۆسرەت کاتی کۆبوونەوەکە دەستنیشان بکات".

بەڵام شـاڵاو عەلـی عەسـکەری، گوتەبێژی ناوەنـدی بڕیاری یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نەمانبیسـتووە مـەلا بەختیار ئـەو داوایەی لە کاک کۆسـرەت کردبێـت، ڕەتیشـی دەکەینەوە مـەلا بەختیـار داوا لـە کاک کۆسـرەت بـکات بـۆ بانگهێشـتی ئەندامـان بـۆ کۆبوونـەوەی سەرکردایەتی، بەڵکو دەبێت کاک کۆسرەت ئەو داوایە بکات".

کۆسـرەت ڕەسـوڵ بەنیـاز نییـە داوا لـە ئەندامان بکات بۆ کۆبوونەوەی سـەرکردایەتی؟ شـاڵاو عەسکەری گوتی "نەخێر، لەبەرئەوەی تا ڕێکنەکەوین، کۆبوونەوەی چی بکەین؟".

لە سـەرەتای دروسـتبوونی باڵـی ناوەندی بڕیارەوە، کۆماری ئیسـلامیی ئێران دەستی بە نێوەندگیری لـە نێوان هـەردوو باڵەکە کردووە بۆ ئەوەی کێشـەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. سـەرکردەکەی باڵـی "زۆرینە" گوتـی "بەهۆی نێوەندگیریی ئێرانەوە هەست بە هێوربوونەوەیەک لـە هەردوولا دەکرێـت، بەتایبەتیش هیچ لایەک لێدوانی توند نادەن".

بەڵام گوتەبێژەکەی ناوەندی بڕیار ڕەتیکردەوە هێوربوونەوە هەبێت و گوتی "ئەوە هێوربوونەوە نییە، بەڵکو لەسـەر داوای ئێران بەشـێوەیەکی کاتـی هـەردوولا بێدەنگیـن بۆ ئـەوەی بوار بە چارەسـەر بدرێـت، بێدەنگییەکـەی ئێمەش تا چەندێـک دەخایەنێـت ئـەوە کاک کۆسـرەت و د.بەرهەم بڕیاری لەسەر دەدەن".

لـە مـاوەی ڕابـردوودا وا بڵاوکرایـەوە کـە هەریەک لە کۆسـرەت ڕەسـوڵ و هێرۆ ئیبراهیم کۆبوونەوەیان کردووە. شـاڵاو عەلی عەسکەری جگە لە پشتڕاسـتکردنەوەی ئەو کۆبوونەوەیە، گوتیشـی "هـەر لەسـەر داوای ئێـران چەنـد کۆبوونەوەیـەک لـە نێـوان کاک کۆسـرەت و هێرۆخـان کـراوە. کۆبوونەوەکانیـش خـراپ نیـن، بـەڵام هـەر موجامەلەی یەکـدی بوون و هیچ بەرەوپێشـچوونێکی تەواو بۆ چارەسـەری کێشەکان نەبووە".

شـاڵاو عەلی عەسـکەری هەروەها گوتی کە کێشـەی ئەوان کێشەی شەخسی نین "کێشەی بیروبۆچوون و فیکر و قووتی خەڵکە، کێشەی بەغـدا و پەیوەندییەکانـی پارتـی و گـۆڕان و ئێرانە، لەبەرئەوە چارەسـەرکردنی کێشـەکان کاتیان دەوێت".

لەو کۆبوونەوانەی لە نێوان کۆسرەت ڕەسوڵ و هێـرۆ ئیبراهیـم ئەحمەددا کـراون، د.بەرهەم سـاڵح کە جێگری دووەمی سـکرتێری گشتیی یەکێتییـە، بەشـداریی نەکردووە. شـاڵاو عەلی عەسـکەری هۆکاری ئەوەی ڕوونکردەوە و گوتی "لەبەرئەوەی ئێمە کاک کۆسرەتمان ڕاسپاردووە بـۆ کۆبوونەوە و گفتوگـۆ، ئەوانیش هێرۆخان و پاڤێـڵ تاڵەبانییـان بۆ قسـەکردن لەگەڵ باڵی ناوەندی بڕیار ڕاسپاردووە".

سـەبارەت بە کاتی کۆبوونـەوەی داهاتووی سـەرکردایەتی یەکێتی، بەپێی ڕاگەیەنراوەکەی دواییـن کۆبوونـەوەی "باڵـی زۆرینـە" دەستنیشانکردنی کاتەکەی بە کۆسرەت ڕەسوڵ سپێردراوە. شاڵاو عەلی عەسکەری گوتی "دوای ڕێککەوتن لەسەر هەموو کێشەکان، کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یان سـەرکردایەتی دەکرێت، بەڵام ئەگەر ڕێکنەکەوین، کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتیش بە نادیار دەزانم".

دوای دروسـتبوونی باڵـی ناوەنـدی بڕیـار، لیژنەیـەک بـۆ گفتوگـۆی کێشـەکان لەنێـوان هەردوولادا دروستکران، بەڵام وەکو شاڵاو گوتی "لیژنەکە دوو کۆبوونەوەی کرد، کۆبوونەوەکانیش بە بنبەسـت گەیشـتن و لیژنەکە کۆتایی هات، چونکـە کۆبوونەوەکان کاتی خۆپیشـاندانەکان بوون و ویستیان بەو کۆبوونەوانە کات بکوژن".

سـەرکردەکەی باڵی "زۆرینە" گوتی "ڕاسـتە ئەو لیژنانە کۆبوونەوەیان کـردووە و ئەوەندەی بزانین لەسـەر دوو تەوەر ڕێککەوتن، یەکێکیان قسـەنەکردن بـۆ میدیا و ئـەوەی دیکـەش قسـەنەگوتن بە یەکـدی، بەڵام نەمانبیسـتووە کارەکانیان بە بنبەست گەیشتبن".

گوتەبێـژی باڵی "ناوەندی بڕیـار" بێ ئومێد نییە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ "باڵی زۆرینـە" و دەڵێـت "هەوڵەکان بۆ چارەسـەری کێشەکان بەردەوامن و بیری جیابوونەوەش لای هیچمان نییە".

# "مامەڵەی ڕاستەوخۆی بەغدا لەگەڵ پارێزگاکانی کوردستان" هەرا دەنێتەوە

### پەرلەمانتارێکی بزووتنەوەی گۆڕان:
### لایەنە عێراقییەکان پشتگیریمان دەکەن




(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**ڕووداو– سلێمانی**

پەرلەمانتارێکی سەر بە فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق داوا دەکات، حکومەتی عێراق بۆ سـاڵی داهاتوو مامەڵەی ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ پارێزگاکانـی هەرێمی کوردسـتان بکات، ئەگەر هەرێمی کوردستان پابەند نەبوو بە ڕێککەوتنی تایبەت بە بودجە لەگەڵ بەغدا، دەشڵێت لایەنە عێراقییەکانـی نـاو پەرلەمـان پشـتگیریی لەو پێشنیازە دەکەن.

حکومەتـی عێـراق سـەرقاڵی ئامادەکردنی پـرۆژەی یاسـای بودجەی گشـتییە بۆ سـاڵی داهاتـوو. هۆشـیار عەبدوڵـڵا، پەرلەمانتـاری فراکسـیۆنی گۆڕانیـش لـە پەرلەمانـی عێراق، هەفتـەی ڕابـردوو داوای کـرد کە لـە حاڵەتی پابەندنەبوونـی هەرێمـی کوردسـتان بـە ڕێککەوتنـی تایبەت بـە بودجـە، پارێزگاکانی هەرێمـی کوردسـتان بتوانـن لەڕێی ئیـدارەی پارێزگاکانیانەوە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکەن بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانیان.

هۆشیار عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو پێشـنیازە بۆ سـاڵی داهاتـووە، چونکە ئەگەر قەیرانـی بێ مووچەیی بەردەوام بێت، ئاشـتیی کۆمەڵایەتی لە کوردسـتان لەمەترسیدایە، بۆیە پێشـنیازەکە گەورەتریـن خزمەت بـە خەڵکی کوردستان دەکات".

هۆشـیار عەبدوڵڵا پێیوایە ئەو پێشـنیازەی ئەو، چارەسەری کێشەی مووچەی فەرمانبەران دەکات و دەڵێـت "ئەگـەر پارێـزگاکان داهاتی خۆیـان بـۆ بەغدا بنێرنەوە، لانیکەم بۆ سـاڵی داهاتوو فەرمانبەران بێ مووچە نابن و هەمانکات ڕێگـەش لـە بەتاڵانبردنـی نـەوت دەگیرێت".

گوتیشی "داهاتی نەوتی کوردستان ئاگری تێبەر بێـت یاخود بخرێتە ئاوەوە زۆر باشـترە لەوەی بچێتە گیرفانی مافیاکان و ئەوانیش دامودەزگای سەرکوتکردن و گەوجاندن و وێرانکردنی هەرێمی کوردستانی پێ بەهێز بکەن".

سـەبارەت بە پشتگیری لە پێشنیازەکەشی، هۆشیار عەبدوڵڵا گوتی "لەو بڕوایەدام فراکسیۆنی گۆڕان، یەکێتی و کۆمەڵ پشتگیریمان دەکەن".

هەرچەنـدە حکومەتـی عێراق زیاتـر لە دوو سـاڵە بودجـەی کوردسـتانی بڕیـوە، بەڵام لە هەندێک دۆسـیەدا ڕاسـتەوخۆ مامەڵـە لەگەڵ پارێزگاکان دەکات، زانا ڕوستایی پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسـلامی، پێشـنیارێکی خۆی ئاشکرا کرد کە لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا داوای کردووە هاوشـێوەی مامەڵـەی ڕاسـتەوخۆی بەغدا لەو دۆسـیانە لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان، دەکرێت بۆ مەسـەلەی مووچەخۆرانیش، لەڕێگەی بانکی مەرکـەزی کـە دوو لـق لە هەولێر و سـلێمانی دەکاتـەوە، بـۆ ئـەو فەرمانبەرانەی کـە بەغدا دانیان پێدا دەنێت، مووچەکانیان ڕاستەوخۆ لە بانک وەربگرن.

ڕوستایی گوتی "بەڵام مامەڵەی ڕاستەوخۆی بەغـدا لەگـەڵ پارێزگایەکـی کوردسـتان لـە دەسـتووری عێراقدا ڕێگەپێـدراو نییە، چونکە بەپێی دەسـتوور، کوردستان دامەزراوەی خۆی هەیە و تا ئەو کاتەی پارێزگاکە بەشێک بێت لە هەرێم، ئەو کارە نابێت".

بەمەبەسـتی دۆزینـەوەی ڕێگەچارەیـەک بـۆ قەیرانـی مووچـەی فەرمانبەرانـی هەرێمی کوردسـتان، مانگـی ڕابـردوو پەرلەمانی عێراق لیژنەیەکـی بە سـەرۆکایەتی هومام حەموودی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان پێکهێنا.

قـادر محەممـەد، پەرلەمانتـاری یەکێتی و ئەندامـی ئەو لیژنەیە بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لیژنەکە کۆبوونەوەیەکی کـردووە و بڕیار دراوە لیژنەکـە سـەردانی لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی عێراق و کوردستان بکات.

قـادر محەممەد گوتی "لیژنەکە ڕاو بۆچوونی هـەردوولا کۆدەکاتـەوە و ڕایـەک دەخاتـە بەردەسـتی پەرلەمـان، بڕیـاری کۆتاییـش بۆ پەرلەمان دەمێنێتەوە".

ئـەو پەرلەمانتـارە کـە ئەندامـی لیژنـەی داراییشـە، گوتی "تـا قەیرانـی دارایی کۆتایی دێت، سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد دەتوانێت شـتێکی وا بکات بە تەفاهوم لەگەڵ حکومەتی عێراق کە لە سـاڵی داهاتوودا مامەڵەی جیاواز لەگەڵ پارێزگایەکی هەرێمدا بکرێ".

د.موسـەننا ئەمین، سـەرۆکی فراکسـیۆنی یەکگرتـوو لـە پەرلەمانـی عێـراق دەڵێت هەر پێشنیازێک بۆ چارەسەری مووچەی فەرمانبەران بێـت پشـتگیریی دەکـەن و هێڵـی سـووریان لەسـەری نییە، بـەڵام دەڵێت "ئەو پێشـنیازە واقیعی نییە".

د.موسـەننا بـە (ڕووداو)ی گـوت "ئـەو پێشـنیازە ناچێتـە بـواری جێبەجێکـردن و ئەنجامـی نابێـت، چونکە هەرێمی کوردسـتان نەوت و داهاتی ڕادەسـتی بەغدا ناکات، داهاتی پارێزگاکانیـش جگـە لە نـەوت، ئەوانەی دیکە ئەوەنـدە زۆر نیـن تـا عەبادی لـە بەرامبەریدا مووچە بنێرێت".

شـاخەوان عەبدوڵـڵا، پەرلەمانتـاری پارتی لـە پەرلەمانـی عێـراق بـە ئاماژەدان بەوەی پێشـنیازەکە ڕەتدەکەنەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئـەو پێشـنیازە بەهیـچ شـێوەیەک جێبەجێ ناکرێت و لەڕووی یاساییشەوە تانەی لێدەدرێت. لەبەرئـەوەی سـلێمانی شـارێکی هەرێمـی کوردستانە و مامەڵەی ڕاستەوخۆش لەگەڵ هەر پارێزگایەکدا پێچەوانەی دەستوورە".

شاخەوان گوتیشی "حکومەتی عێراق کێشەی لەگـەڵ هەرێم هەیە، چ مەجبوورە کێشـەیەکی دیکە لەگەڵ پارێزگایەکی دیکە دروسـت بکات، جگـە لـەوەش ئەگەر عێـراق کێشـەی لەگەڵ سـلێمانی چارەسـەر بکات، ئایا کێشەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نامێنێ؟".

سـەبارەت بە ڕای پەرلەمانتارە عێراقییەکان لەبارەی ئەو پێشنیازە، هۆشیار عەبدوڵڵا گوتی "لایەنە عێراقییەکانیش پشـتگیریمان دەکەن". بەڵام زانا ڕوسـتایی گوتی "لایەنە عێراقییەکان دەزانـن لەڕووی یاسـاییەوە ناکرێت، لەبەرئەوە ناتوانن دان بەوەدا بنێن بەغدا ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ سلێمانی بکات".

لـە خۆپیشـاندانەکانی ئـەم دواییـەی مامۆسـتایانی سـنووری پارێزگای سلێمانی بۆ داوای نەمانـی پاشـەکەوتی مووچـە، هەنـدێ لـە خۆپێشـاندەران هانایـان بۆ عەبـادی برد. د.موسـەننا گوتی "لایەنـە عێراقییەکان ڕەنگە هەڵوێسـتیان زۆر یەکگرتـوو نەبێـت، بـەڵام کاتێـک هەرێمـی کوردسـتان وای لێهاتبێت لە خۆپیشـاندانەکاندا نـاوی عەبـادی بێنن، ئەوە جێی دڵخۆشییانە".

پارتی پێیوایە لایەنە عێراقییەکان پشتگیری ئەو پێشنیازە دەکەن. شاخەوان عەبدوڵڵا گوتی "هەر پرۆژەیەک لەلایـەن گۆڕانەوە بێت، لایەنە عێراقییەکان پشـتگیری دەکەن، چونکە گۆڕان دژی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە".

### پارتی بە "خیانەت"ی دەزانێت

ڕۆژی 12/11/2016 لە کاتی خۆپیشـاندانی مامۆسـتایانی لە سلێمانی، ئارام شێخ محەممەد، جێگری سـەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەنێو خۆپیشاندەراندا ڕایگەیاند "هەوڵ دەدەین حکومەتی عێراق ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکان بکات".

ئێوارەی هەمان ڕۆژ فراکسـیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردسـتان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکیدا ڕایگەیاند. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام هەوڵی چارەسـەرکردنی ئەو کێشـانەی داوە. بۆ ئەو مەبەسـتەش چەندجارێک شاندی باڵای هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کردووە.

لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتبوو "مامەڵەی ڕاسـتەوخۆی پارێزگایەک لەگەڵ بەغدا، دەچێتە خانەی خیانەت و خۆفرۆشییەوە و بۆ کەس ناچێتە سەر".

## مەولود باوەموراد، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ (ڕووداو):

# ئەم حکومەتە هەر لە سەرەتاوە بنکەفراوان نەبوو



مەولود باوەموراد، وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پەرلەمان، هەروەها وەزیری گواستنەوە و گەیاندنە. بەهۆی پەککستنی پەرلەمانەوە ئێستا زۆربەی رۆژەکان لە وەزارەتی گواستنەوە دەوام دەکات. ئەو لەم هەڤپەیڤینەدا قسە لەسەر کارەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، هەروەها حکومەت و پەرلەمان دەکات و دەڵێت "حکومەتی بنکەفراوان سەرکەوتوو نەبوو". باوەموراد کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو، هەروەها سەرۆکی شاندی حیزبەکەی بووە بۆ پێکهانی کابینەی هەشتەم، دەڵێت هیچ حیزبێک بە یەکگرتووشەوە پشتگیریی حکومەتیان نەکردووە.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
هەولێر-ڕووداو

### هەتا حکومەت پارە و نانی هەبوو لایەنەکان لەگەڵی بوون

### هیچ کام لە حیزبەکان بە یەکگرتووشەوە پشتگیری حکومەتیان نەکرد

### ئەگەر دۆخەکە بەوشێوەیە بێت، ساڵی داهاتوو هەڵبژاردن ناکرێت

### هەندێک لایەن کە زانییان قەیرانی دارایی دروست بوو، لە حکومەت سارد بوونەوە

**ڕووداو: گرنگیی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە چیدایە، کاتێک زۆربەی خزمەتگوزارییەکان کەرتی تایبەت دابینی دەکات؟**

**مەولود باوەموراد:** وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن 24 خزمەتگوزاری جیاواز پێشکەش دەکات و حەوت بەڕێوەبەرایەتیی گەورەمان هەیە. تاکە خزمەتگوزارییەکی کەرتی تایبەت دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێتە. گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیای کوردتێل و نورتێل هەیە کە پشکی حکومەت 27% و 30%یە. ئەمەش لە بەرامبەر بەکارهێنانی بەدالەکانی حکومەتە لەلایەن ئەو دوو کۆمپانیایە، چونکە حکومەت هیچ پارەیەکی بەو کۆمپانیایانە نەداوە. لە هەرێمی کوردستان 47 کۆمپانیای ئینتەرنێت کاردەکەن. زۆربەیان وای فاین.

**ڕووداو: ئەی مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاکانی مۆبایل دەکەن؟**

**مەولود باوەموراد:** مۆڵەتی کۆمپانیاکانی مۆبایل لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵە، چونکە لە هەموو جیهان هەر وڵاتە و خاوەن کۆدێکە، کۆدی عێراقیش 0064 تەنیا دەدرێتە پایتەخت. تەنیا دەستەی پەیوەندی و راگەیاندنی عێراق پەیوەستن بە پێدانی کۆد بە کۆمپانیاکان و ئێمە ناتوانین کۆد بەهیچ کۆمپانیایەک بدەین. هەروەها چوار جۆر مۆڵەت دەدەین، مۆڵەت بە هەموو هێڵەکانی گواستنەوەی شارەکان و دەرەوەی شارەکان دەدەین، مۆڵەتی گواستنەوەی کەلوپەل، مۆڵەتی گواستنەوەی نەوت و گواستنەوەی قوتابیان. 369 کۆمپانیای گواستنەوە لەگەڵ 130 نووسینگەی گواستنەوە لە لای ئێمە تۆمارکراون کە 13 یان تایبەتن بە گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: بەڵام گواستنەوەی نێوان شارەکان زۆر خراپە؟**

**مەولود باوەموراد:** ئێمە تەنیا مۆڵەت دەدەین، ئەوانی دیکە پەیوەندی بە سەندیکای شوفێران و شارەوانییەوە هەیە.

**ڕووداو: پرۆژەی هێڵی ئاسنی لە هەرێمی کوردستان بە کوێ گەیشت؟**

**مەولود باوەموراد:** هێڵی ئاسنی لە هەرێمی کوردستان سوودی نییە و بە کەڵک نایەت، چونکە شارەکان لە یەکدی دوور نین و جگە لەوە بایی ئەوەندە هاووڵاتی نییە بە شەمەندەفەر هاتوچۆ بکەن. بیرۆکەی بەستنەوەی هەرێمی کوردستانمان بە ڕێگای ئاسنین بە دەریای ناوەڕاست و ئیستەنبوڵ و وڵاتانی ئەورووپا هەیە، ئەمەش خەونێکی گەورەیە و پێویستی بە بودجەیەکی گەورە هەیە. پێشتریش کاک فاروقی مەلا مستەفا پرۆژەی هێڵی ئاسنی سلێمانی-کەرکووک و بەغدا و وڵاتانی کەنداوی پێشکەش کرد بۆ گواستنەوەی کەلوپەل، لە ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەکە پەسەندیش کرا، بەڵام ئەو تاوەکو ئێستا بەدوای پرۆژەکەوە نەهاتووەتەوە.

### 13 کۆمپانیای گواستنەوەی نەوت لای ئێمە تۆمارکراون

### هێڵی ئاسن لە هەرێمی کوردستان سوودی نییە

### حکومەت پشکی لە کوردتێل و نورتێل هەیە

### داهاتی فرۆکەخانەی هەولێر سێ ئەوەندەی فرۆکەخانەی سلێمانییە

**ڕووداو: ژمارەی تەنکەرەکانی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی نەوتت لەلایە؟**

**مەولود باوەموراد:** 13 کۆمپانیای گواستنەوەی نەوت تۆمارکراون، گەورەترین کۆمپانیا کۆمپانیای قەیوانە کە زۆرترین تەنکەری هەیە، بەڵام ژمارەیەکی دروستمان لا نییە، سەبارەت بە ژمارەی جوڵەی تەنکەرەکان.

**ڕووداو: بەڵێنی کەمکردنەوەی نرخی ئینتەرنێتتان بە هاووڵاتیان دا، بەڵام ئەو بەڵێنە وەکو خۆی جێبەجێ نەکرا؟**

**مەولود باوەموراد:** کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت ڕێژەی 10% بۆ 25%ی نرخەکانیان کەمکردەوە، بەڵام زۆر بەکارهێنانی لەلایەن هاووڵاتیانەوە وا دەکات کێشەی بەردەوام هەبێت، بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کێشەکانی ئینتەرنێت بەرەو چارەسەر دەڕوات. ئینتەرنێت بەهۆی جیاوازیی کەناڵەکانی هاتنی بۆ کوردستان نرخێکی یەکگرتووی نییە، چونکە لەڕێی چەند کۆمپانیا و دەستێکەوە دەگاتە هاووڵاتیان.

**ڕووداو: ئەو هێڵانەی ئینتەرنێت چۆن دێتە نێو هەرێمی کوردستانەوە؟**

**مەولود باوەموراد:** بەپێی ڕێنمایی لە هەر خاڵێکی گومرگی یەک کێبڵ دێتە کوردستان، لە مەرزی ئیبراهیم خەلیل نەورۆز تێلە. لە پەروێزخان ئایکۆنێت دێتە هەرێمی کوردستان. کۆمپانیای عێراق سێڵیش داوای کردووە لە حاجی ئۆمەرانەوە کێبڵی ئینتەرنێت بهێنێ. سەرجەم کارەکانمان بۆ تەواوکردن، بەڵام خۆیان دەستیان پێنەکردووە. ڕاکێشانی کێبڵ پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوەی عێراق هەیە و هەروەها ئەو وڵاتەی کێبڵەکەی لێوە دێت و وەزارەتەکەی ئێمەش.

**ڕووداو: لە ڕووی ئاسایشی زانیاری و ئاسایشی نەتەوەیی، چۆن ئاسایشی ئەو هێڵانە دەپارێزرێ؟**

**مەولود باوەموراد:** ئەمە پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە هەیە نەک ئێمە، بەڵام ئەو کێبڵانە مس نین تا لە شوێنێک چاودێریی بخەیتە سەر، بەڵکو فایبەر ئۆپتیکە، ئەگەر خاوەنەکەی نەیەوێ هەرگیز زانیاری لێ ناچێتە دەرەوە. باسکردنی بردنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان شەڕێکی سیاسی قێزەونە، جا هەرێمی کوردستان چی هەیە لە دەرەوە نەبێت.

ڕووداو: چیتان کرد بۆ ڕێگری لە گەیشتنی شەپۆلی رادیۆکانی داعش؟

مەولود باوەموراد: لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و ڕۆشنبیری شەپۆلی رادیۆکانی داعشمان لە هەرێمی کوردستان نەهێشت.

**ڕووداو: چۆن ئیشوکاری فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان ڕێکدەخەن؟**

**مەولود باوەموراد:** لە ڕووی سەرپەرشتییەوە، فڕۆکەخانەکان سەر بە ئێمەن. لە ڕووی ئاسایشەوە سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانن. فڕۆکەخانە زیاتر لە 20 بەشی هەیە. ئێستا فڕۆکەخانەی هەولێر بە 17 وڵاتەوە بەستراوەتەوە. فڕۆکەخانەی سلێمانیش بە 12 وڵاتەوە.

**ڕووداو: چارەنووسی فڕۆکەخانەی دهۆک چی لێهات؟**

**مەولود باوەموراد:** بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئیشوکارەکانی دروستکردنی ئەو فڕۆکەخانەیە وەستاوە.

**ڕووداو: داهاتی فڕۆکەخانەکان چەندە؟**

**مەولود باوەموراد:** داهاتی مانگی نۆی ئەمساڵی فڕۆکەخانەی سلێمانی ملیۆنێک و 163 هەزار دۆلار بووە. داهاتی فڕۆکەخانەی هەولێریش دوو ملیۆن و 357 هەزار دۆلار بووە. داهاتی ساڵی رابردووی فڕۆکەخانەی سلێمانی 7 ملیۆن و 396 هەزار دۆلار بوو. داهاتی فڕۆکەخانەی هەولێریش 19 ملیۆن 435 هەزار دۆلار بوو. داهاتی فڕۆکەخانەی هەولێر لە چاو فڕۆکەخانەی سلێمانی سێ بەرامبەرە. بۆیە ئەو پەرلەمانتارەی لەسەر شاشەکانەوە زانیاری ناڕاست دەدات و دەڵێ داهاتی فڕۆکەخانەی سلێمانی زیاترە، ڕاست ناکات.

**ڕووداو: تا چەند ئەوە ڕاستە کە بەغدا "ئاسمان" وەکو کارتێکی سیاسی دژی هەرێمی کوردستان بەکاردێنێ؟**

**مەولود باوەموراد:** بەغدا لە ڕێگەی ئاسمانەوە گوشارێکی سیاسی لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات، بەو بیانووە ڕێگا نادات فڕۆکەخانەکانی ئێمە ببنە خاوەنی ڕادار. هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی تەنیا لە ڕێگەی تاوەرەوە فڕۆکە دەبینن، بۆیە هەر فڕۆکەیەک هەڵدەستێ دەبێت ئەندازیارانی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی پەیوەندی بە بەغداوە بکەن تاوەکو ئەوان ڕێنمایی فڕۆکەکە بکەن تا دەگاتە هەرێمی کوردستان. تاوەرەکانی ئێمەش لە دووریی شەش هەزار مەترەوە لەسەر زەوی فڕۆکە دەبینن. خوا نەخواستە ئەگەر فڕۆکەکە شتێکی بەسەر بێت، ئەوا دەبێت لە بەغداوە چارەسەر بکرێت. بەرپرسانی بەغداش بیانوویان هەیە و دەڵێن "دەبێ ئاگامان لە هەموو فڕۆکەیەک هەبێت کە دێتە ئاسمانی عێراق، چونکە ئەوە بابەتێکی سیادییە". ڕادار کڕدراوە، بەڵام بەغدا ڕێگا نادات دابنرێ.

### شەپۆلی رادیۆکانی داعشمان نەهێشت

### فڕۆکەخانەی هەولێر بە 17 وڵاتەوە بەستراوەتەوە، سلێمانیش بە 12 وڵات

### بەغدا ڕێگا نادات فڕۆکەخانەکانی کوردستان ببنە خاوەنی ڕادار

**ڕووداو: وەڵامی یاداشتەکەی یەکگرتوو بۆ حکومەت چی لێهات؟**

**مەولود باوەموراد:** دەبێ لە حیزب بپرسی، چونکە من تەنیا بە سیفەتی ڕێکخەری پەیوەندیی حیزب و حکومەت ئەو یاداشتەم بە بەریدێک داوەتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

**ڕووداو: لە حکومەت دەکشێینەوە؟**

**مەولود باوەموراد:** ئەو پرسیارە لە حیزب بکەن. من یەکێکم لە 35 ئەندامەکەی سەرکردایەتیی حیزب.

**ڕووداو: ئەگەر حیزب داواتان لێ بکات دەکشێینەوە؟**

**مەولود باوەموراد:** بێگومان دەکشێینەوە، بە سەرکردایەتیمان گوتووە هەر کاتێک حیزب بڵێ بکشێنەوە عەریزەیەک دەدەین و دەکشێینەوە.

**ڕووداو: بەشێک لە ڕێکخستنەکانتان گلەییان لە ئێوە هەیە کە سەرەڕای خراپیی بژێوی خەڵک، بەڵام هێشتا لە حکومەت بەردەوامن؟**

**مەولود باوەموراد:** چەند جارێک گوتوومە، کێشەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان سێ کێشەیە. کێشەی سیاسی، بێ متمانەیی بە حکومەت و نەبوونی زانیارییە. بێ متمانەییەکی قووڵ هەیە، ئەگەر باسی خواش لەم حکومەتە بکەی، خەڵک بڕوات پێناکات. ڕاستییەکەی حکومەتی بنکەفراوان هەر لە سەرەتاوە حکومەتی بنکەفراوان نەبوو. هیچ کام لە حیزبەکان بە حیزبەکەی خۆشمەوە پشتگیریی ئەم حکومەتەیان نەکرد، هۆکارەکەشی بۆ هەڵسوکەوتی پەرلەمان دەگەڕێتەوە. وەزیرەکان هەموویان لە پەرلەمان متمانەیان وەرگرتووە. هەر حیزبە بەپێی ڕێژەکەی لە پەرلەمان بەشداریی حکومەتی کردووە. دەبوو هەر پەرلەمانتارە پشتگیری وەزیرەکەی خۆی بکات کە لە کۆتایی دەبووە پشتگیریی کۆی پەرلەمان بۆ حکومەت، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا. هیچ پەیوەندی و تێکەڵبوونێکی ئیجابی لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و حکومەت بۆ سەعاتێکیش ڕووی نەدا.

**ڕووداو: بۆچی پەیوەندیی ئیجابی نەبووە، ئەی لە سەرەتای دروستبوونی حکومەتەوە، سەرۆکوەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان لە پەرلەمان نەبوون؟**

**مەولود باوەموراد:** جا ئەو وەزیرە نەچووەتە پەرلەمان بۆ ئەوەی دەستخۆشی لێبکەن. جاری وا هەبووە 17 سەعات وەزیر لە پەرلەمان بووە، بە سەدان نووسراوی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمان بوو، کێ دێڕێکی لێ خوێندووەتەوە؟ دیسان دەڵێمەوە حکومەتی بنکەفراوان بەهۆی خراپیی پەیوەندیی پەرلەمان و حکومەتەوە سەرکەوتوو نەبوو. هیچ کوتلەیەک پشتگیری وەزیرەکانی خۆی نەدەکرد، جگە لەوە هەندێک لە حیزبەکان کە زانییان قەیرانی دارایی دروست بوو، ناتوانن هیچ شتێک لەم حکومەتە بکەن، بە ساردی ئیشەکانیان بەڕێوە دەبرد و پاشەکشەیان لێکرد. چونکە بودجەی بەکاربردن لە هەندێک وەزارەت 30% بوو. لە هەندێکیان هیچ نییە تا پرۆژەی پێ جێبەجێ بکات و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بیکاتە کەرەستەی هەڵبژاردن و دەنگی پێ کۆبکاتەوە.

هەتا حکومەت پارەو نانی هەبوو هەندێک لایەن لەگەڵی بوون، بەڵام کاتێک نەما ئامادە نەبوون، بچنە ژێر باری ئەو دارە شکاوە. بە بڕوای من ئەمەش ڕاکردنە لە بەرپرسیارێتی.

**ڕووداو: تۆ پۆستی پێکهاتەی کریستیان بەڕێوەدەبەی، داواتان لێکرا پۆستەکانی گۆڕان بە وەکالەت پڕ بکەنەوە؟**

**مەولود باوەموراد:** ئەمە پرسێکی سیاسییە، پێشتر یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ بڕیاریان دا پۆستەکانی گۆڕان پڕ نەکەنەوە.

**ڕووداو: دۆخی سیاسی کوردستان و دامەزراوەکان چۆن کارا دەکرێنەوە، تاکەی قەیرانە سیاسییەکە بەردەوام دەبێت؟**

**مەولود باوەموراد:** لە هەموو حاڵەتێکدا دۆخەکە بەبێ گۆڕان ئاسایی ناکرێتەوە، چونکە سەرۆکی پەرلەمانی لایە، حکومەتیش لە ڕێگای پەرلەمانەوە ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، بۆیە هیچ شتێک بەبێ پەرلەمان ناکرێت، تا تەمەنی یاسایی خۆی تەواو دەکات ئەم حکومەتە قابیلی ئەوە نییە بڕووخێ و بکەوێت و هەڵبوەشێتەوە، چونکە بەبێ پەرلەمان هیچ ناکرێت.

**ڕووداو: ساڵێکی دیکە حکومەتیش ماوەی یاسایی تەواو دەبێت و دەبێتە حکومەتی کاربەڕێکەر، ئایا هەڵبژاردن دەکرێ؟**

**مەولود باوەموراد:** هەڵبژاردن ئیرادەی سیاسی و ڕێککەوتنی دەوێت، ئەگەر دۆخی سیاسی کوردستان بەم شێوەیەی ئێستا بێت هەڵبژاردن لە ساڵی 2017 ناکرێت، چونکە قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و قەیرانی سیاسی هەیە.

**ڕووداو: تۆ پۆستی سەرەکیت وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پەرلەمان، ئێستا لە پەرلەمان دەوام دەکەی؟**

**مەولود باوەموراد:** بەهۆی پەککستنی پەرلەمانەوە کەمتر دەچم، هەفتانە سەردانی ئۆفیسەکەم دەکەم و بەدواداچوون بۆ نووسراوی لیژنەکانی پەرلەمان دەکەم.

رووداو کوردستانی
ژمارە ( 432 ) - دووشەممە 2016/11/14



## هیجری بۆ ترەمپ:
## سنوورێک بۆ ئێران دابنێن

رووداو- هەولێر

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە نامەیەکدا بۆ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆککۆماری هەڵبژێردراوی ئەمریکا، دەڵێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا "پێویستە دەسەڵاتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرتەسک بکرێتەوە و گوشاری بخرێتەسەر". هیجری لەو نامەیەدا پیرۆزبایی لە ترەمپ کردووە و ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی ئێران گرتووە. ئەو دەڵێت "ئێران بەشێوەیەکی بێوێنە پەرەی بە دەسەڵات و نفوزی خۆی داوە لە ڕۆرهەڵاتی نێوەڕاست بۆ پێکهێنانی نائارامی، ئاژاوە و شەڕ و وێرانی تێدەکۆشێت، بۆیە بۆ سەقامگیری و ئاشتی دەبێت دەسەڵاتی ڕژێم بەرتەسک بکرێتەوە".

## سێ کەس چاویان لە پۆستەکەیەتی

# کێ شوێنی خالید عەزیزی دەگرێتەوە؟

فوئاد حەقیقی
رووداو- هەولێر

دانانی سکرتێرێکی نوێ بۆ حیزبەکەیان، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک)ی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لە نێو ئەندامانی ئەو حیزبەدا باس لە سێ کەس بۆ جێگرەوەی سکرتێری پێشوو دەکرێ. یەکێکیان جێگرەکەیەتی و زۆرترین چانسیشی هەیە. خۆیشی دەڵێت "پێم ناخۆش نییە ببمە سکرتێری حیزب".

دەمێک بوو خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەنیاز بوو دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، بۆ ئەوەی پشێوی نەکەوێتە نێو حیزبەکەی، دوای خستبوو. ڕۆژی 2016/11/12 نامەی دەستلەکارکێشانەوەی عەزیزی لە سکرتێری گشتیی حدک، بڵاوکرایەوە. بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی ئاشکرا بکات.

بەپێی زانیارییەکان دەفتەری سیاسی حدک خەریکی تاوتوێکردنی جێگرەوەیەکە بۆ خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حدک. لەنێو ئەندامانی حدکدا باس لەوە دەکرێ حیزبەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر یەکلایی بووەتەوە لەسەر ئەوەی مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێر، جێی خالید عەزیزی بگرێتەوە.

مستەفا مەولودی بە (رووداو)ی گوت "هێشتا بە تەواوی یەکلایی نەبوونەتەوە کە کێ وەک سکرتێر دیاری دەکرێ. لە ڕۆژانی داهاتوودا سەرکردایەتیی حدک کۆدەبێتەوە و ئەو پرسە تاوتوێ دەکات. دوای ئەوە پلینیۆمی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوەدەچێت و پرسی سکرتێری گشتی یەکلا دەکرێتەوە".

بۆ جێگرتنەوەی خالید عەزیزی باس لە سێ کەس دەکرێ، ئەوانیش مستەفا مەولودی کە ئێستا جێگری سکرتێری حدکایە. مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی یەکێکی دیکەیە لە جێگرەوە چاوەڕوانکراوەکان. هەروەها ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدک ناوی وەکو جێگرەوەی عەزیزی بڵاوکراوەتەوە.

بەڵام لەنێو ئەو سێ کەسەدا مستەفا مەولودی زۆرترین شانسی هەیە. ئەوانەی لایەنگری ئەون، دەڵێن: ئەو لەو ماوەیەدا کە جێگری سکرتێر بووە، بە کردەوە کاروباری حیزبی ڕاپەڕاندووە و لە بەڕێوەبەریدا کەسێکی شیاو و لێهاتووە.

هەرچەندە سەرکردایەتیی حدکا هێشتا بۆ ئەو پرسە کۆنەبووەتەوە و پشتگیری خۆی بۆ هیچ کام لەو سێ کەسە ڕانەگەیاندووە، بەڵام مستەفا مەولودی دەڵێت "خۆم پێم ناوخۆش نییە ببمە سکرتێری گشتیی حیزب، چونکە ئەوە شانازییەکی گەورە و مێژووییە، ئەگەر کۆدەنگیی لەسەر من هەبێت ئەوە بە شانازییەوە ئەو بەرپرسیارێتییە وەردەگرم". گوتیشی "هێشتا ئەو پرسە بە تەواوەتی یەکلایی نەبووەتەوە، چونکە جارێ لە ڕێبەریدا خەریکی تاوتوێکردنی ئەو بابەتەن و هێشتا بە ئەنجامی کۆتایی نەگەیشتوون".

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حدک، ماوەیەک لەمەوبەر لە دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبەدا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی بە کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیاند.

مستەفا شەڵماشی لە کۆنگرەکانی چوار و پێنج و شەشی حیزبی دێموکراتدا ئەندامی سەرکردایەتی بووە. دوای ئەوە چووەتە دەرەوەی وڵات و ئێستا بەرپرسی کاروباری دەرەوەی وڵاتە، بەڵام چانسی بوون بە سکرتێری حدکای لە دوو کەسەکەی دیکە کەمترە.

ئاسۆ حەسەنزادە، کوڕی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتە و لەنێو شۆڕشدا گەورە بووە. ئەو لە فەرەنسا خوێندنی تەواو کردووە. ئەوە دوو کۆنگرەیە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ. ڕەنگە ئەو پشتئەستوور بێ بە خەباتی باوکی لە نێو حیزبدا، بەڵام دەگوترێ عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەگەڵ ئەوەدا نییە کوڕەکەی ببێتە سکرتێری گشتیی حدک. (رووداو) پەیوەندی بە د.ئاسۆوە کرد، بەڵام ئەو گوتی قسە لەسەر ئەو پرسە ناکات.

خالید عەزیزی لە کۆنگرەی 16ی حدکدا وەک سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. ئەو کۆنگرەیە مانگی شوباتی 2016 بەڕێوەچوو. لە نامەیەکدا کە بۆ ئەندامانی حدک بڵاوی کردووەتەوە، خالید عەزیزی دەڵێ "ئەو کات بەپێچەوانەی مەیلی خۆم و تەنیا بۆ بەرگریکردن لە شێوازی کۆنگرە و لە ڕووی مەجبووری و هەست بە مەسئولیەت" بەرپرسیارێتییەکەی قبوڵ کردووە.

هەتا کۆنگرەی 16 بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حدکا، هەر کەسێک دەیتوانی تەنیا دوو خولی چوار ساڵە سکرتێری گشتیی حیزب بێت، بەڵام لە دوایین کۆنگرەکەدا ئەو خاڵەی لەبەر مانەوەی خالید عەزیزی هەموار کرا. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی کۆنگرە لەگەڵ مانەوەی عەزیزی بوون. خالید عەزیزی لە نامەی وازهێنانیدا دەڵێ "زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە هۆڵی کۆنگرەیان چۆڵ کرد و داوایان ئەوە بوو کە من لە پۆستی خۆمدا بمێنمەوە".

مستەفا مەولودی، قسەکەی خالید عەزیزی پشتڕاست دەکاتەوە کە پێش کۆنگرەی 16ی حدک گوتبووی چیدیکە نایەوێت وەک سکرتێری گشتی بمێنێتەوە. بەڵام لەبەر هاتنە ئارای کەشێکی تایبەت لە کۆنگرە، بڕیاری دا وەک سکرتێر بمێنێتەوە و لە کاتێکی گونجاودا ئەو بڕیارە بدات.

خالید عەزیزی ساڵی 2008 لە کۆنگرەی 14ی حدکدا وەک سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. دوای جیابوونەوەی حدک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، بووە یەکەم سکرتێری حدک.

مستەفا مەولودی دەڵێ "کەلێنی عەزیزی بە حیزبەکەمانەوە دیار دەبێت و بە زەحمەت جێگای پڕ دەکرێتەوە".

خالید عەزیزی کە ساڵانێک لە دەرەوەی وڵات ژیاوە، پێیوایە پرسی کورد لە ئێران بە چەک چارەسەر ناکرێ و لەگەڵ دیالۆگە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەسەر ئەمەش چەند جارێک ڕووبەڕووی ڕەخنەی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات و تەنانەت هەندێک لە ئەندامانی حیزبەکەشی بووەتەوە. عەزیزی تەنیا دەستی لە پۆستی سکرتێری گشتیی حدک هەڵگرتووە و وەکو ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە دەمێنێتەوە.



(فۆتۆ: رووداو)

### مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێری گشتی حدک:
### کەلێنی خالید عەزیزی پڕناکرێتەوە

# دەمیرتاش دەنگدەرانی کورد لە ئاکپارتی هەڵدەگەڕێنێتەوە؟

رووداو- هەولێر

چاودێرانی سیاسی لە تورکیا سەبارەت بە کاریگەریی دەستگیرکردنی هاوسەرۆک و پەرلەمانتارانی هەدەپە لەسەر دەنگدەرانی کوردی لایەنگری ئاکپارتی، ڕای جیاوازیان هەیە. هەندێکیان پێیانوایە ئەو ڕووداوە دەنگدەرانی کورد ڕادەچڵەکێنێ. هەندێکی دیکەش پێیانوایە وەکو ڕابردوو دەنگ بە ئاکپارتی دەدەنەوە.

ڕۆژی 2016/11/4 ، سەلاحەددین دەمیرتاش و فیگان یوکسەکداغ هاوسەرۆکانی هەدەپە و نۆ پەرلەمانتاری دیکەی ئەو پارتە دەستگیر کران. هەرچەندە ئەم ڕووداوە هیواکانی بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد کز کرد و کەلێنی نێوان کورد و دەسەڵاتی ئاکپارتی زیاتر کرد، بەڵام مەسەلەی دوورکەوتنەوەی کورد لە ئاکەپەش دێنێتە گۆڕێ.

ساڵی 1994 بەفەرمانی تانسو چیللەر، سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی تورکیا، پۆلیسی هەڵیکوتایە سەر پەرلەمان و پەرلەمانتارانی پارتی دیموکرات (DEP)ی دەستگیر کردن، بەو هۆیەشەوە ئەو کوردانەی لەناو پارتی ڕەفا بوون، دەستیان لەکار کێشایەوە. چونکە ئەو پارتە بۆ ئەوەی بەربەستی 10% تێپەڕێنێ، لەگەڵ مەهەپە کە سەرۆکەکەی ئەلپئەسڵان تورکیش بوو، هاوپەیمانیی کرد، ئەو هاوپەیمانییە دەنگیان بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی کورد دا.

ڕۆژی 2016/11/2 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لەگەڵ دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە کۆبووەوە، دوو ڕۆژ دواتر ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی هاوسەرۆک و پەرلەمانتارانی هەدەپە دەستی پێکرد.

نووسەر و توێژەری تورک ڕوشەن چاکیر، ئەمە بە هەوڵێکی هاوشێوەی ساڵی 1994ی پارتی ڕەفا وەسف دەکات و پێیوایە بزووتنەوەی سیاسی کورد بەو ئۆپەراسیۆنە لەناو ناچێت. شاکیر لە شرۆڤەیەکی بۆ (میدیاسکۆپ تیڤی) دەڵێت: "ئەگەر بۆ هەمووانیش نەبێ، بۆ کوردی ئاکپارتی ئەردۆغان واتایەکی هەبوو. ئاکپارتی لەناو کوردی تورکیا لەدوای هەدەپە دووەم زۆرترین دەنگی هێناوە، لە هەندێک ناوچەی کوردی لە پێش هەدەپە بوو. لەنێو تورکیادا کۆمەڵگای کوردی لە هەموو کۆمەڵگاکانی دیکە زیاتر سیاسییە. زۆر بە وردی ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنن. گومان لەوەدا نییە هەموو ئەو دەستگیرکردنانە لەلایەن کوردەوە وەڵامێکی دەبێ".

نزیکەی ساڵێکە هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی هەدەپە و دەبەپە دەستیپێکردووە، بەڵام کوردی نێو ئاکپارتی یەک کاردانەوەی بچووکیشیان بە ئاشکرا دەرنەبڕیوە. بەڵام سەزین ئۆنەی، توێژەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کێشە ئەتنیکی و نەتەوەییەکان پێیوایە ئەمجارە مەسەلەکە جیاوازە.

سەزین ئۆنەی بە (رووداو)ی گوت "سەلاحەدین دەمیرتاش لەلایەن ئەوانەی ڕەخنە لە کوردیش دەگرن، خۆشەویست و کاریزماتیکە. دەمیرتاش لەهەموو تورکیا هەواداری زۆری هەیە، لە جیهانی ڕۆژئاواش سیاسییەکی خۆشەویستە. دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هەدەپە لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا بۆ یەکەمجار هێزی دیاریکردنی ڕۆژەڤی سیاسی لە دەستی ئەردۆغان دەرهێنا. ئەوکات دەمیرتاش لەناو مەهەپە و دژبەرە توندەکانی کورد هەواداری پەیدا کرد و دەنگی بەدەستهێنا".

ئۆنەی پێیوایە ئەمڕۆ کورد ڕۆژەڤی سیاسی زۆربەی وڵاتانی جیهانە، بەڵام کوردی تورکیا لەناو خۆیاندا زۆر ڕۆژەڤی جیاوازیان هەیە "بەهۆی جیاوازیی بۆچوونی سیاسییەوە، زۆربەی کوردی تورکیا پەیوەندییان نییە، ئەوەش خاڵی هاوبەشیانە. بەداخەوە ئەو جیاوازییە لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتەوە بە خراپی بەکاردەهێنرێت".

هەندێک لە کۆمپانیاکانی ڕاپرسی و توێژینەوە بەدووری دەزانن دەستگیرکردنی دەمیرتاش ببێتە هۆی دوورخستنەوەی کورد لە ئاکپارتی. ئەمەش بە هۆی ئایدیۆلۆژی و ئینتیمای بەهێزی ئاینی لای دەنگدەرانی کوردی نێو ئاکەپە.

ئۆزەر سنجار، بەڕێوەبەری کۆمپانیای مەترۆپۆڵ کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناودارەکانی بواری ڕاپرسی و هەڵبژاردن لە تورکیا، بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی ئەو ڕووداوە پێموانییە هیچ ئەندامێکی کوردی ئاکپارتی دەست لەکار بکێشێتەوە. یەک لەسەر سێی دەنگدەری کورد دەنگ بۆ ئاکپارتی دەدات. ئەو جۆرە دەنگدەرە پەیوەستە بە ئەردۆغان. تا سەر ئێسقان دوژمنی پەکەکە و هەدەپەیە، دەستگیرکردنی هاوسەرۆکانی هەدەپە نەوەکو نیگەرانیان ناکات، بە پێچەوانە زۆر خۆشحاڵیان دەکات".

بەڵام بۆچوونێکی دیکە پێیوایە بەهۆی شەڕی کورد لەدژی داعش، شوناسی نەتەوەیی شوێنی بە شوناسی ئاینی لەق کردووە و کوردی نێو ئاکپارتیش لەوە تێگەیشتوون.

توێژەر و نووسەری کورد محەممەد یانمیش، مامۆستای پێشووی زانکۆی دیجلە لە ئامەد دەڵێت "دەنگدەری کوردی ئاکپارتی بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایی سەبارەت بە ناسنامەی خۆیان هۆشیار بوونەتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی دەستگیرکردنی هاوسەرۆک و پەرلەمانتارانی هەدەپە وەکو دەستدرێژی بۆ سەر کورد ببینن. پێموایە ئاکپارتی بەشێک لە دەنگدەری کورد لەدەست دەدات، بەڵام لەوانەیە ئەو دەنگدەرەی لە ئاکپارتی دوور دەکەوێتەوە دەنگ بە هەدەپە نەدات".

لەو ساڵانەی دواییدا ئاکپارتی هەوڵی زۆری داوە لە ڕێگەی پارە و پرۆژەی ئابوورییەوە دەنگی کورد لە باکووری کوردستان بۆ خۆی ڕابکێشێ. زۆرتریش ئەو کەسانە لە دامەزراوە حکومییەکان دادەنێ کە لە خۆیەوە نزیکن.

مەحمود ئۆراڵ، ڕۆژنامەنووسی کورد لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "بەرژەوەندیی ئابووری کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر پێگەی ئاکپارتی لەناوچەکە. کەسانێکی زۆر لەسایەی دەسەڵاتی ئاکپارتی بوونەتە سەرمایەدار و ئەوانە ڕەگی خۆیان لەناو جەماوەری ئاکپارتیدا داکوتاوە".

هەندێک لە پسپۆڕانی ڕاپرسی و هەڵبژاردن هەرچەندە پێیانوایە دەستگیرکردنی هاوسەرۆک و پەرلەمانتارانی هەدەپە کاریگەری لەسەر دەنگدەری کوردی ناو ئاکپارتی نییە، بەڵام پێیانوایە ئەمە دەرفەت دەرەخسێنێ بۆئەوەی هەدەپە لە یەکەمین هەڵبژاردنی داهاتوودا ڕێژەی بەربەستی 10% تێپەڕێنێتەوە.

کەمال ئۆزکریاز، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەڤراسیا بە (رووداو)ی گوت "ئەگەرچی دەستگیرکردنی ئەو کەسانە زیان بە هەدەپە دەگەیێنێ و سیاسەتی کوردی لە تورکیا تووشی شکستێک دەکات، بەڵام دەبێتە هۆی مانەوەی هەدەپە لەسەرووی بەربەستی هەڵبژاردن".

ئۆزکریاز پێیوایە چیرۆکی پارتی ڕەفا دووبارە نابێتەوە "چونکە ئاکپارتی و ئەردۆغان بەهێز پارتەکەیان بەڕێوەدەبەن. هەندێک لەو هێزە هێزی ئابوورییە، جگە لەوەش ئەو کەسەی لە ئەردۆغان جیادەبێتەوە یەکسەر لەژێر ناوی پەیوەندی لەگەڵ فەتۆ یان پەکەکە دەستگیر دەکرێ و بە خائین لە قەڵەم دەدرێ، بۆیە کەس لە ئاکپارتی جیانابێتەوە".

بەڵام دەنیز چفتچی مامۆستای زانکۆی میزۆپۆتامیا لە لەندەن دەڵێت، دەستگیرکردنی دەمیرتاش و هەڤاڵانی، کوردی نێو ئاکپارتی ڕادەچڵەکێنێ. چفتچی بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی هەڵەکانی پەکەکە کوردی نێو ئاکپارتی سەرەڕای ئەو زوڵمەی ئەردۆغان لە کوردی دەکرد، هیچیان لەدژی ئەردۆغان نەدەگوت، بەڵام ئەمجارە بارودۆخەکە گۆڕاوە. ئیدی ئەو کوردانەی پشتگیری ئاکپارتی دەکەن باش دەزانن دەستگیرکردنی دەمیرتاش و هاوڕێکانی، دەستگیرکردنی ناسنامەی کوردە".

چیفتچی پێیوایە کەسێتی و کاریزمایی دەمیرتاش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دوورکەوتنەوەی کوردی ئاکپارتی "هەرچەندە هاوسەرۆکی هەدەپە نزیکی پەکەکەش بێ، ئەو کاریزمایە. سیاسەتێکی نوێی خستە نێو سیاسەتی کوردی و تورکیا. کاتێک ئەردۆغان ئەو زیندانی دەکات، هەموو کەس لەخۆی دەڕەنجێنێت. ئەو کوردەی پێشتر دەنگی داوەتە ئاکپارتی لەبەر خاتری دەمیرتاش لە ئاکپارتی دووردەکەوێتەوە". گوتیشی "ئەگەر بەهۆی سیاسەتی هەڵەی پەکەکە زیان بە کورد گەیشتبێ، ئەوا بە گرتنی دەمیرتاش دەنگەکانی هەدەپە زیاد دەکات".




"بە گرتنی دەمیرتاش دەنگەکانی هەدەپە زیاد دەکات" (فۆتۆ: AFP)

## ئەبوولقاسم شەممەری، فەرماندەی ئەنجوومەنی سەربازیی بەرەی شۆڕشگێڕانی رەققە بۆ (رووداو):

# شتێک بەناوی رزگارکردنی رەققە لە ئارادا نییە



زیاتر لە هەفتەیەکە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات راگەیەنراوە، بەڵام بەرەی شۆڕشگێڕانی رەققە، لەو هێزانە نین کە بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنەکەدا. ئەویش بە گوتەی گوتەبێژەکەیان، بەهۆی ئەو ناکۆکیانەیە کە لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات هەیانە.

بەرەی شۆڕشگێڕانی رەققە، لە مانگی سێپتەمبەری 2012 لە پارێزگای رەققە دامەزراوە، سەرەتا بەشێک بوون لە سوپای سووریای ئازاد. ساڵی 2013 بوونە هاوپەیمانی بەرەی فەتحی شام (بەرەی نووسرەی پێشوو)، بەڵام ساڵی 2014 پەیوەندییەکەیان لەگەڵ بەرەی نووسرەدا پچڕاند، دوای ئەوەی پەیوەندیی بەرەی نووسرە و رێکخراوی ئەلقاعیدەیان بۆ دەرکەوت. لەگەڵ راگەیاندنی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو، بەرەی شۆڕشگێڕانی رەققە چوونە نێو ئەو هێزە، کەچی ئێستا نێوانیان لەگەڵ ئەو هێزەش خۆش نییە.

ئەبوولقاسم ئەلشەممەری، گوتەبێژ و فەرماندەی ئەنجوومەنی سەربازیی بەرەی شۆڕشگێڕانی رەققەیە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی هۆکاری بەشدارینەکردنی بەرەکەیان لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە و کاتی تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەکە و توانای داعش لە رەققە دەکات.

رووداو – هەولێر

**رووداو: بۆچی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە، بەر لە رزگارکردنی ناوچەکانی ئەلباب و شەهبا لە باکووری حەلەب دەستی پێکرد؟ وەکو فەرماندەیەکی سەربازی پێتوایە پێشخستنی رزگارکردنی رەققە تا چەند لۆژیکییە؟**

**ئەبوولقاسم ئەلشەممەری:** راستە پرۆسەی رزگارکردنی رەققە بەر لە هەڵمەتی رزگارکردنی ئەلباب و شەهبا دەستی پێکرد، چونکە رەققە پایتەختی داعش و تاکە وێستگەی سەرنجراکێشە کە لە دەستی داعشدایە. بڕیاری رزگارکردنی رەققە بەر لە ئەلباب، لە ئەنجامی شەڕی رزگارکردنی مووسڵ دراوە. بۆ ئەوەی دەرفەت بە چەکدارانی داعش نەدرێت لە مووسڵ بکشێنەوە و لە رەققە خۆیان کۆبکەنەوە. چونکە دوای مووسڵ رەققە تاکە شاری گەورە دەبێت کە لە دەستی داعش لە سووریا و عێراقدا مابێ. بۆیە هەنگاوێکی دەستپێشخەرانەیە و بۆ رێگرتنە لە کۆکردنەوە و خۆرێکخستنەوەی رێکخراوی داعش لە رەققە. هەر بۆیە پێویست بوو هەڵمەتی رزگارکردنی رەققە پێش شەڕی ئەلباب و شەهبا بکەوێت. بێگومان رزگارکردنی ئەلباب و شەهبا ملکەچی لۆژیکی سەربازیانە نابێ، بەڵکو ملکەچی هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکان و ئەو لێکتێگەیشتنانە دەبێت لە نێوان هێزە کاریگەرەکان لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی هەیە.

**رووداو: پلانی رزگارکردنی شاری رەققە چۆن بەڕێوەدەچێت؟ ئایا بە گوێرەی ئەو پلانەیە کە بۆی داڕێژراوە؟**

**ئەبوولقاسم ئەلشەممەری:** هیچ شتێک وەکو خۆی بەڕێوەناچێت. ئەو رێککەوتنەی لە نێوان شۆڕشگێڕانی رەققە و چەند لایەنێکی دیکەی نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات هەبوو، پێشێل کراوە. لەبەر ئەوە شۆڕشگێڕانی رەققە بەشدارییان لەو پرۆسەیەدا نەکرد.

ئێستا هیچ شتێک لە ئارادا نییە بۆ رزگارکردنی رەققە، ئەوەی هەیە هەڵمەتێکە بۆ گوشار خستنە سەر داعش، بڕینی رێگاکانی لۆجستیکە لە داعش. هەروەها راستکردنەوەی هێڵەکانی بەرەی شەڕی سەربازییە. کەواتە هەڵمەتی رزگارکردنی رەققە لە گۆڕێ نییە، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتی رزگارکردنی رەققە.

**رووداو: داعش ناتوانێ لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق خۆی بگرێت. ئایا ئەو توانایەی هەیە لە دەوروبەری رەققە خۆی بگرێت؟**

**ئەبوولقاسم ئەلشەممەری:** توانای داعش لە شەڕکردن لە دەوروبەری رەققە، بەندە بە قەبارەی ئەو هێزەی داعش لەو ناوچەیە هەیەتی. بەتایبەتی ئایا ئەو رێکخراوە دەتوانێ ئەو چەکدارانەی لە مووسڵ رایانکردووە لە دەوروبەری رەققە کۆیانبکاتەوە؟ ئایا دەتوانێ چەکدارەکانی لە دەوروبەری رۆژهەڵاتی حەلەب بگوازێتەوە ئەو ناوچەیە و ئاراستەی شەڕیان بکات؟ ئەگەر داعش بتوانێ هێزەکانی لە رەققە کۆبکاتەوە و رێکبخاتەوە، دوور نییە ئەمە بەرەنگاربوونەوەیەک دروست بکات. هەر چۆنێکیش بێ داعش لە دەوروبەری رەققە ناتوانێ زۆر خۆی رابگرێت، بەڵام ئەگەر هێزەکانی کۆکردەوە، لەوانەیە لەنێو رەققەدا هێزی بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگرتنی بۆ پەیدا ببێت. شاری رەققە گەورەیە، چەندین دەروازە و دەرچەی هەیە، لەوانەیە لە شەڕی کۆڵانەکان کە داعش تێیدا بەناوبانگە، شەڕێکی سەخت بکات، بەڵام ئایا دەتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی بگرێت؟ ناتوانین بە یەکلاکەرەوەیی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە. داعش ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی رابگرێت، ئەگەر شەڕەکە لەناو یان لە دەرەوەی شاری رەققە بێت. لەوانەیە بەرەنگاربوونەوەیەک بکەن، جا ئەو بەرەنگاربوونەوەیە درێژ بێ یان کورت، بە گوێرەی قەبارەی ئەو هێزە دەبێ کە هەیەتی، بەڵام لە کۆتاییدا ناتوانێ خۆی رابگرێ.

**رووداو: پرۆسەی ئازادکردنی رەققە چەند دەخایەنێ؟**

**ئەبوولقاسم ئەلشەممەری:** پرۆسەی رزگارکردنی رەققە بریتی نییە لە پێشڕەویی سەربازی. چونکە ئێمە تەنیا شەڕ لەگەڵ کەس و چەکدارەکان ناکەین. بەڵکو شەڕ لەگەڵ فیکرێک دەکەین کە کەسانێک هەڵیانگرتووە، ئەو فیکرە مەترسییە لەسەر عەرەب و هەموو موسڵمانان. بۆیە پرۆسەی رزگارکردنی رەققە لە رووی سەربازییەوە هەنگاوێکە بەرەو پرۆسەی ئازادکردنی رەققە لەهەموو روویەکەوە. پێمانوایە پرۆسەی ئازادکردنی رەققە ماوەی زیاتر لە ساڵێک دەخایەنێ.

**رووداو: چاوەڕێ دەکەن داعش لە شەڕی رەققە ستراتیژ و تەکتیکی خۆی بگۆڕێت؟**

**ئەبوولقاسم ئەلشەممەری:** ئێمە زیاتر لە سێ ساڵە شەڕی داعش دەکەین. ئەزموون و زانیاریی تەواومان دەربارەی تەکتیک و ستراتیژی ئەو رێکخراوە هەیە. لەو ماوەیەی دوایی دەبینین ئەو رێکخراوە بە تەواوەتی پشتی بە هێرشی خۆکوژی بەستووە، چەکی هەرە کارای داعش تاوەکو ئێستا چاندنی بۆمب و خۆ تەقاندنەوەی چەکدارەکانیەتی. گۆڕینی ستراتیژیی شەڕ لەلایەن داعش، بە واتای کەمکردنەوەی رۆڵی چاندنی بۆمب و هێرشی خۆکوژی دێت کە ئەوەش بەدوور دەزانین. داعش ناتوانێ رێژەی پشتبەستنی خۆی بە بۆمب و چاندنی مین کەم بکاتەوە، بەڵام لەوانەیە لەنێو شاری رەققە ستراتیژی خۆی بگۆڕێت. بەتایبەتی لە شەڕی کۆڵان. بەڵام ئەزموونی ئێمە توانای بەرەنگاربوونەوەی هەموو گۆڕانکارییەکی ستراتیژی و تەکتیکی داعشی هەیە.

**رووداو: شۆڕشگێڕانی رەققە کەی دروست بوون؟ ئامانجەکانتان چییە؟ ژمارەتان چەندە؟ کەی چوونە نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات؟**

**ئەبوولقاسم ئەلشەممەری:** بەرەی شۆڕشگێڕانی رەققە یەکێکە لەو هێزانەی هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە لە رەققە دامەزرا، بەرلەوەی ئەو شارە لە رژێم رزگار بکرێ ئەو هێزە دامەزراوە. شۆڕشگێڕانی رەققە بەشدارییان لە هەڵمەتی رزگارکردنی گوندەکانی رەققەدا کرد، بەشداری کرد لە رزگارکردنی گرێسپی و سەرێ کانیێ. تەمەنی ئەو گرووپە نزیکەی پێنج ساڵە. ئامانجی ئێمە ئامانجی شۆڕشی سووریایە کە لە رووخاندنی رژێم خۆی دەبینێتەوە. هەروەها دەخوازێ دەوڵەتێکی مەدەنی دروست ببێت کە دادپەروەری بۆ هاووڵاتیانی بەرقەرار بکات. بەبێ هیچ جیاوازییەکی مەزهەبی و ئاینی و ئەتنیکی. شۆڕشگێڕانی رەققە چوونە نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات و بەشدارییان لە کۆنگرەی دامەزراندنی ئەو هێزە لە 2015/10/10 کرد. لە ساڵی 2015 ناوەکەی لە لیوای شۆڕشگێڕانی رەققە بۆ بەرەی شۆڕشگێڕانی رەققە گۆڕدرا، دوای ئەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕانی دێرەزوو یەکیانگرت. لەناو ئەو بەرەیە لە ماوەی رابردوودا سوپای عەشایر دامەزرا کە هێزە عەشایرەکانی دەوروبەری رەققە و پارێزگای رەققە لەخۆ دەگرێت.

**رووداو: دەنگۆی رێککەوتنی چەند کەتیبەیەکی نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات لەگەڵ تورکیا هەیە، دەڵێن ئەو گرووپانە لە پێناو ئەجنداکانی تورکیا لە رەققە شەڕ دەکەن؟**

**ئەبوولقاسم ئەلشەممەری:** وەکو ئاماژەتان پێکرد، ئەمە دەنگۆیە. ناتوانین ئەوە پشتڕاست بکەینەوە کە چەند گرووپێکی نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا هەیە، بەڵام لەهەمان کات ناتوانین نکۆڵیشی لێبکەین. چونکە زانیارییەکان ورد نین. هەرچەندە ئێمە بەشێک نین لە هێزەکانی سووریای دیموکرات و لە بارەی هەندێک مەسەلە ناکۆکیمان هەیە، بەڵام پشتگیری هیچ هێزێک لە دەوروبەری رەققە ناکەین پەیوەندی لەگەڵ تورکیا هەبێ. ئەجێندا و بەرنامەکانی تورکیا بۆ سووریا و ناوچەکە خزمەت بە سوورییەکان ناکات.

**رووداو: ئێوە ئایندەی سووریا لەدوای داعش چۆن دەبینن؟**

**ئەبوولقاسم ئەلشەممەری:** ئەوەی دەیبینین و دەیخوێنینەوە، ناتوانین ئەو سووریایە ببینین کە دەیخوازین. سووریایەک رێز لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤی تێدا بگیرێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە داعش کۆتایی هاتووە، داعشیش دیوی دووەمی رژێمی نوسەیریی ئەسەدە. ئەو رژێمەی تاوەکو ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن هاووڵاتیی سووری کوشتووە و هەشت پارێزگای سووریای وێران کردووە. بۆیە دواڕۆژی سووریا تەنیا پەیوەست نییە بە لەناوبردن و نەمانی داعش، بەڵکو پێویستە لە دوای داعش، رژێمی ئەسەد بڕووخێنرێ و حکومەتێکی نیشتمانی دروست بکرێت کە رێز لە هاووڵاتیانی دەگرێت و سامانی وڵات بۆ بەرژەوەندی وڵات بەکاربێنێت. تەنیا ئەو کاتە ئەو دواڕۆژە لە سووریا دێتەدی کە هەموومان داوای دەکەین.

**رووداو: پەیوەندییەکانتان لەگەڵ ئەمریکا دوای لەناوبردنی داعش درێژەی دەبێت؟**

**ئەبوولقاسم ئەلشەممەری:** پەیوەست بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەمریکا، تاوەکو ئێستا شتێک لە ئارادا نییە ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان. هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە پەیوەندییەکانی نێوان شۆڕشگێڕانی رەققە و ئەمریکا دوای لەناوبردنی داعشیش هەر بەردەوام دەبێت.

کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە زیاتر لە ساڵێک دەخایەنێ

بڕیاری رزگارکردنی رەققە بەر لە ئەلباب بەهۆی شەڕی مووسڵەوە بوو

رزگارکردنی ئەلباب و شەهبا پێویستی بە رێککەوتنێکی نێودەوڵەتییە

داعش لە دەوروبەری رەققە ناتوانێ زۆر خۆی بگرێت

لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی رەققە هیچ شتێک وەکو خۆی بەڕێوەناچێ

ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات واژۆمان کرد، پێشێل کرا

شۆڕشگێڕانی رەققە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی رەققەدا ناکەن

ئێستا ئێمە بەشێک نین لە هێزەکانی سووریای دیموکرات

ئەجێندا و بەرنامەکانی تورکیا خزمەتی سوورییەکان ناکات



### ئەبوولقاسم ئەلشەممەری کێیە؟

ئەفسەری پێشووی سوپای سووریا بووە. لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی لە 2011 لە سوپای سووریا جیابووەتەوە و پەیوەندی بە سوپای ئازادی سووریاوە کردووە. ئەلشەممەری فەرماندەی ئەنجوومەنی سەربازی و گوتەبێژی بەرەی شۆڕشگێڕانی رەققەیە.

## 160 کۆمپانیا بەشداری پێشانگاکەی سلێمانی دەکەن




**ڕووداو- سلێمانی**

ئەمڕۆ 2016/11/14 دوانزەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی سلێمانی لە ناوچەی تاسلۆجە دەکرێتەوە. ئازاد شمقار گوتەبێژی پێشانگای نێودەوڵەتیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە پێشانگاکەدا 160 کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی لە بوارە جیاوازەکاندا لە 16 وڵاتەوە بەشداری دەکەن". گوتیشی "بەراورد بەو دۆخە سیاسی و ئەمنییەی لە هەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێت، بەشداریکردنی ئەو ژمارەیە لە کۆمپانیاکان زۆر باشە". هەر بە گوتەی ناوبراو، لە پێناو فرۆشی زیاتری بەرهەمی کۆمپانیاکانی خۆراک، بڕیاریانداوە ماوەی پێشانگاکە کە پێشتر سێ ڕۆژ بووە بیکەنە شەش ڕۆژ.

# وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ دروستکردنی 18 ساردخانە قەرز دەکات

### 450 هەزار تۆن بەرهەمی کشتوکاڵ پێویستی بە ساردخانە هەیە

### ساردخانەکانی کوردستان توانای کۆگاکردنی 125 هەزار تۆنیان هەیە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و ڕێکخستنی بەبازاڕکردنی بەرهەمی جووتیاران، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەنیازی قەرزکردنی پارەیە بۆ دروستکردنی 18 ساردخانە لە هەرێمی کوردستان.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت 125 ساردخانە و بەستێنەر لە هەرێمی کوردستان هەن کە توانای هەڵگرتنی 115 هەزار تۆن بەرهەمیان هەیە، ئەم توانایەش 25%ی پێداویستی هەرێمە بۆ کۆگاکردنی بەرهەمی سەوزە و میوە و ئاژەڵ، بەڵام هەرێمی کوردستان 450 هەزار تۆن بەرهەمی هەیە کە پێویستیان بە ساردخانە و بەستێنەر هەیە.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساردخانە بەژێرخانی کەرتی کشتوکاڵ وەسف دەکات و دەڵێت "ساردخانە لەڕووی ئابوورییەوە ڕۆڵێکی بەرچاو لەگەشەپێدانی بەرهەم دەگێڕێ و هۆکارێکە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، چونکە دەتوانرێت بەرهەمەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر هەڵبگیرێن و لەکاتی پێویست بخرێنەوە بازاڕ، ئەمەش دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی جووتیار بێ ترس بەرهەم زیاد بکەن".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، هەرێمی کوردستان لە چەند بەرهەمێکدا ئاستی خۆبژێویی تێپەڕاندووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ساردخانەوە جووتیاران ناچارن لەگەڵ پێگەیشتنی بەرهەم، بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکان بە نرخێکی زۆر هەرزان ساغ بکەنەوە.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت "ئەگەر کۆگای ساردکەرەوەی پێویستمان هەبووایە، دەمانتوانی هاوردەکردنی پەتاتە و مریشک بەتەواوی قەدەغە بکەین. ماوەی مانەوەی میوەکانی وەک هەنار، سێو و چەندین میوە و سەوزەی دیکە درێژ بکەینەوە، ئەوکات پێویستمان بە هاوردەکردنی بەشێک لەو بەرهەمانە نەدەبوو".

بەهۆی گرنگیی ساردخانەکان بۆ گەشەپێدانی بەرهەم و دابینکرنی ئاسایشی خۆراک، ئەنجوومەنی وەزیران لەساڵی 2011ەوە ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر دروستکردنی 18 ساردخانە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، بڕی 500 ملیۆن دیناریشی بەدەر لە ڕێنماییەکانی قەرزی کشتوکاڵ، بەخشییە ئەو جووتیارانەی بیانەوێ ساردخانە دروست بکەن.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت "جووتیاران توانییان 15 ساردخانە دروست بکەن، بەڵام ئەم ساردخانانە نەیانتوانی پێویستییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆگاکردنی بەرهەمەکان پڕکەنەوە، بۆیە لەساڵی ڕابردوو دووبارە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستانمان وەرگرت بۆ دروستکردنی 18 ساردخانەی دیکە بە قەرز".

سەبارەت بە دابینکردنی پارە بۆ ئەو ساردخانانە، د.ئەنوەر گوتی "لە هەوڵی دابینکردنی قەرزی بیانیداین بۆ دروستکردنی ئەم 18 ساردخانەیە".

گرنگیی ساردخانە و بەستێنەرەکان بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی لەوەدایە دەتوانرێت بەپێی جۆری بەرهەمەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بەرهەمی تێدا هەڵبگیرێت و تەمەنی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکان زیاد بکرێت، ئەوکات جووتیار ناچار نابێت بە یەکجار بەرهەمەکانی بخاتە بازاڕەوە.

کامیل محەممەد، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت: "گرفتی سەرەکی لەکاتی پێگەیشتی بەرهەم دابەزینی نرخە، ئەویش بەهۆی زۆریی خستنەڕوو. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ساردخانە کەمە و جووتیار ناچارە بە جارێک بەرهەمەکەی بخاتە بازاڕەوە".

بەگوێرەی پلانی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەگەر قەرزەکە دەستەبەر کرا، وا بڕیارە ئەو 18 ساردخانەیە پێنجیان لە هەولێر، سێ لە سلێمانی، چوار لە دهۆک و لە هەڵەبجە و ڕاپەڕین و گەرمیانیش دوو ساردخانە دروست بکرێن.

د.سەلاح مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی گرووپی ڤانۆ بۆ پیشەسازیی پەلەوەر دەڵێت "زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، پێویستمان بەو ساردخانانە هەیە تاوەکو لانیکەم خۆراکی پێویست بۆ وەرزێک بۆ هاووڵاتیان دابین بکەین".

د.سەلاح وڵاتێکی وەکو سعودیە بە نموونە دێنێتەوە کە گرنگییەکی زۆری بە دروستکردنی ساردخانە داوە و دەڵێت "سعودیە جگە لەوەی قەرزێکی درێژخایەن و باش بۆ دروستکردنی ئەم کۆگایانە بەبێ سوود دەبەخشێتە جووتیاران، 25%ی تێچووەکەشی لەئەستۆ دەگرێت، تەنانەت ئەو قەرزە ئۆتۆمبیلی ساردکەرەوەی بەرهەمەکانیش دەگرێتەوە، ئامانجی سەرەکی سعودیەش لەو هەنگاوە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و زیادکردن و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیە".

لەهەردوو ناوچەی هەڵەبجە و بەرواری باڵا لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەم جووتیاران گرفتی ساغکردنەوەیان هەیە، تەنانەت بەشێک لە جووتیاران بەهۆی بێ بازاڕی، سێوەکانیان لێ ناکەنەوە. ئەمە لەکاتێکدایە ئەگەر سادخانە لەو ناوچەیە هەبووایە، جووتیاران دەیانتوانی لەکاتێکی دیکە بەرهەمەکانیان بخەنە بازاڕ و قازانجی باشیش بکەن.

د.سەلاح مستەفا دەڵێت "ئەگەر وەزارتی کشتوکاڵ لەو هەنگاوەی سەرکەوتوو بێت، ئەوا هەرێمی کوردستان قۆناغێک لە گەشەپێدانی بەرهەمی خۆماڵی و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک دەچێتە پێشەوە، چونکە ساردخانەو بەستێنەرەکان لەهەموو وڵاتان بەژێرخانی ئابووریی کەرتی کشتوکاڵ دادەدرێن".



**ژمارەی ساردخانەکان و توانایان بۆ هەڵگرتنی بەرهەمی سەوزە و میوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان**

| پارێزگا | گشتی | وزەی هەڵگرتن/ تۆن | تایبەت | وزەی هەڵگرتن/ تۆن | کۆی گشتی | وزەی هەڵگرتن/ تۆن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 3 | 2,000 | 14 | 10,000 | 17 | 12.000 |
| سلێمانی | 10 | 10.000 | 7 | 2.500 | 17 | 12.500 |
| دهۆک | 10 | 7,500 | 7 | 8.000 | 17 | 15,500 |
| گەرمیان | – | – | 2 | 3.000 | 2 | 3.000 |
| گشتی | 23 | 19.500 | 30 | 23.500 | 53 | 43.000 |

**ژمارەی گۆکانی بەستێنەر و ساردخانەکانی کەرتی تایبەت بۆ هەڵگرتنی هێلکە و گۆشت**

| پارێزگا | کەرتی تایبەت | وزە هەڵگرتن/ تۆن |
|---|---|---|
| هەولێر | 50 | 50.000 |
| سلێمانی | 2 | 2.000 |
| دهۆک | 20 | 20.000 |
| گشتی | 23 | 72.000 |

# وەزارەتی کشتوکاڵ مۆڵەتی داوەتە لێدانی 9000 بیری ئیرتیوازی

### بەرپرسێکی وەزارەتی شارەوانی: ئەو بیرانە کاریگەرییان لەسەر ئاوی ژێرزەوی هەبووە

### بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ: ئەو بیرانە کاریگەرییان لەسەر زیادبوونی سەوزە و میوە هەبووە

### لە پارێزگای سلێمانی 17 هەزار بیر بەبێ مۆڵەت لێدراون

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بە مەبەستی بەراوکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و هاندانی جووتیاران بۆ گەڕانەوە بۆ سەر زەوییەکانیان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو مۆڵەتی هەڵکەندنی زیاتر لە 9000 بیری ئیرتیوازی بە جووتیاران داوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، تاوەکو کۆتایی نیوەی یەکەمی ئەمساڵ مۆڵەتی هەڵکەندن بە 9269 بیری ئیرتوازی بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکان دراوە. سەرەڕای ڕاگرتنی قەرزی کشتوکاڵی و سەرباری قەیرانی دارایی، لە دوو ساڵی ڕابردوودا 1145 بیر لێدراون.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "لەچوارچێوەی پلانی ستراتیژی کەرتی کشتوکاڵ بۆ بەراوکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و گەشەپێدانی بەرهەم بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە پرۆژەی ئاودێرییان نییە و زەوی بەپیتیان هەیە، سوودمان لە لێدانی بیری ئیرتیوازی وەرگرتووە".

بەبڕوای د.ئەنوەر، لێدانی ئەو بیرانە ئامانجی خۆی پێکاوە "لەڕێگەی لێدانی ئەم بیرانەوە، بەرهەمی سەوزە لە 250 هەزار تۆنەوە بۆ 500 هەزار تۆن زیادی کردووە، 40%ی ئەو زیادبوونەش بۆ هەڵکەندنی بیرەکان دەگەڕێتەوە، بەرهەمی میوەش لە 50 هەزار تۆنەوە بۆ 73هەزار و 353 تۆن زیاد بووە کە 20%ی بەهۆی ئەو بیرانەوە بووە".

د.ئەنوەر عومەر، زیاتر لەسەر کاریگەریی هەڵکەندنی بیر بۆ بەراوکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و زیادبوونی بەرهەمی دانەوێڵە قسەی کرد و گوتی "ئەو بیرانە کاریگەریی زۆریان لەسەر زیادبوونی بەرهەمی دانەوێڵەش هەبووە، بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر 30 هەزار دۆنم زەوی تەنیا لەدەشتی هەولێر و شەمامک بەراوکراوە. پێشتر بەرهەمی گەنم لەم زەویانە لە ڕووبەری دۆنمێک 250 کیلۆگرام بوو، بڵام ئێستا بۆ سەرووی تۆنێک زیادی کردووە". گوتیشی "بەلانیکەم 15%ی هۆکاری زیادبوونی بەرهەمی گەنم لە کوردستان بەهۆی ئەو بیرانەوە بووە".

لە داتاکانی هەڵکەندنی بیر دەردەکەوێ، ڕاگرتنی قەرزی کشتوکاڵی و قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر توانای جووتیاران بۆ هەڵکەندنی بیر هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا 1145 بیر هەڵکەندراون. لەم ژمارەیەش پشکی شێر بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە.

ئەمین ڕەئوف پیرداود، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی هەولێر گوتی "بەهۆی ئەوەی شاری هەولێر ڕووبەرێکی فراوانی لە دەشت هەیە، ئەو دەشتانەش زۆربەیان ڕووباریان نییە و ڕێژەی بارانیش لەو ناوچانە وەکو پێویست نییە، بۆیە بەشێک لە جووتیاران بۆ بەراوکردنی زەوییەکانیان پشت بە بیری ئیرتوازی دەبەستن، ئەمەش وای کردووە ژمارەی بیری ئیرتیوازی لەشاری هەولێر زیاتر بێت". گوتیشی کە سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام هێشتا خواستێکی زۆر لەسەر لێدانی بیری ئاو هەیە و هەفتانە 3-5 بیر لە هەولێر لێدەدرێن.

بە بڕوای ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو بیرانە بوونە پاڵنەرێک بۆ گەڕانەوەی جووتیاران بۆ سەر کێڵگەکانیان. بەو هۆیەشەوە بەرهەمی دانەوێڵە و سەوزە و میوە بە ڕێژەیەکی بەرچاوی زیادی کردووە.



بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەر جووتیارێک لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک و ئیدارەی گەرمیان 10 دۆنم زەوی هەبێ، دەتوانێت بیری بۆ هەڵبکەنێ، لە پارێزگای سلێمانیش بۆ پێنج دۆنم زەوی دەتوانی بیر هەڵبکەنی. بەڵام لە دەشتەکان، جووتیار نابێت لە 20 دۆنم کەمتری هەبێ، ئینجا ڕێگەی هەڵکەندنی بیری پێدەدرێ.

بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەویش، بە ڕەچاوکردنی پێکهاتەی چینەکانی زەوی بۆ هەڵگرتنی ئاو، دووریی نێوان بیرەکان لە ناوچە شاخاوییەکان دەبێت 250 مەتر بێ، لە دەشتەکانیش 400 تاوەکو 600 مەتر".

پارێزگای هەولێر خاوەنی گەورەترین حەوزی ئاوی ژێر زەوییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە ڕووبەرەکەی 3200 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، بەڵام بەهۆی کەمیی پرۆژەکانی ئاودێری، زیاتر لە 11 هەزار و 367 بیری لێ هەڵکەندراوە، لەم ژمارەیەش 4086 بیری بۆ کشتوکاڵ لێدراوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە هەندێ ناوچە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئاوی ژێرزەوی دابەزێت.

نەزیر ئەسعەد، بەڕێوەبەری ئاوی ژێرزەویی هەولێر دەڵێت "ئاوی ژێرزەوی هەندێ حەوزی هەولێر بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزیوە، بۆیە لە ڕاپۆرتەکانمان هەمیشە جەختمان لەوە کردووەتەوە کە بۆ پاراستنی ئاوی ژێرزەوی پێویستە سوود لە ئاوی هەردوو ڕووباری زێی بچووک و گەورە وەربگیرێ، نەک ئاوی ژێرزەوی".

### 75%یان بێ سوودن

لە پارێزگای سلێمانی 26 هەزار و 960 بیر لێدراون کە 17 هەزار و 510 بیر مۆڵەتیان نییە. عومەر عەلی، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی کشتوکاڵ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "75%ی ئەو بیرانەی بەر لە دەرکردنی ڕێنماییەکان لێدراون، بەنایاسایی و بەبێ مۆڵەت لێدراون، هیچ سوودێکیان بۆ زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ نەبووە، بەلا م ئەو بیرانەی بەپێی ڕێنمایی لێدراون کاریگەرییان لەسەر زیادبوونی بەرهەم هەبووە".

## بیناسازی لە کوردستان و..

# هەنگاوێکی گرنگ بۆ چاکسازی لە کەرتی وزە


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

شەهریار شێخلەر*

### بەرزکردنەوەی کارایی وزە:

ئەمڕۆ بەرزکردنەوەی کارایی وزە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی وڵاتانی جیهان بۆ بەردەوامبوونیان لە جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانیی دانیشتووان، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە سەر ڕێچکەی پێشکەوتنی ئابووری کە پێویستییان بە وزە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو رووی لە زیادبوونە.

مەبەست لە بەرزکردنەوەی کارایی وزە (Energy Efficiency)، زیادکردنی ئەنجام و کاریگەریی هەر یەکەی وزەیە، یاخود وەرگرتنی ئەو بڕە بەرهەمەی ئێستایە بە بەکارهێنانی وزەیەکی کەمتر، واتا هەرزانترکردنی وزە و دابەزاندنی خەرجیی پێویست بۆ دابینکردنی کە دەتوانێت چەندین کاریگەریی ئەرێنی هەبێت وەکوو پارێزگاری لە یەدەگی وزەی وڵات، دابەزاندنی نرخ و خەرجی لەسەر لیستەی وزەی بەکارهێنەران، پێدانی هەلی پێویست بۆ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانەکانی وزە، هەروەها کەمترکردنی ئەرکی دابینکردنی بەردەوامی بودجە لەسەر شانی بودجەی گشتی و حکومەت بۆ پەرەپێدانی سیستەمی وزە.

بەرزکردنەوەی کارایی وزە دەبێت بۆ هەموو بەشەکان، بەکارهێنەران، سێکتەرەکان و لایەنەکان بێت، هەرچەندە دەکرێت لە یەکیانەوە دەست پێبکرێت، بەڵام پێویستە لەکۆتاییدا هەموو هۆکارەکان و فاکتەرەکان بگرێتەوە.

بەرزکردنەوەی کارایی وزەی خانووبەرە کە کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر کەرتی وزە، بەتایبەتی وزەی کارەبا (وەک یەکێک لە گرانترین و سەرەکیترین شێوازەکانی وزە لە هەموو جیهان)، بەشێکە لە چارەسەرە سەرەکییەکانی حکومەتەکان و وڵاتان بۆ بەرزکردنەوەی کارایی وزە. وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ ئەو مەبەستە پلان و چارەسەری جۆراوجۆر و بەردەوامیان هەیە، وەکوو پلانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کە پێشبینی دەکات تا کۆتایی ئەو پلانە لە ساڵی 2030، بتوانێت ساڵانە تا 7.3 ملیار دۆلار لە خەرجییەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کارەبا، دڵنیایی (دەرمان و تەندروستی) و پاراستنی ژینگە بگەڕێنێتەوە بۆ بودجەی گشتی.

### بەرزکردنەوەی کارایی وزەی بینا لە هەرێمی کوردستان

ئێستا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چەند پڕۆژەیەکی گرینگی وەکوو بەگەڕخستنی وێستگەکانی کارەبای هەولێر و سلێمانی بە گازی سروشتی (کە سووتەمەنییەکی هەرزانتر و خاوێنترە لە گازوایل) یان گۆڕینی سیستەمی چەند وێستگە لە گەرماییەوە بۆ کۆمباین سایکڵ، توانیویەتی هەنگاوێکی بەرچاو لەڕووی دابەزاندنی خەرجیی سووتەمەنی وێستگەکان و بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانیان بە بڕی سووتەمەنی پێشوو هەڵبنێت، پێویستە جگە لە بەردەوامی لەو پڕۆژانە و جێبەجێکردنی پلانی چاکسازی لە بەشەکانی بەرهەمهێنان، گواستنەوە و دابەشکردن، بۆ بەرزکردنەوەی کارایی وزە لە بەشی بەکارهێنانیشدا پلانی پێویست جێبەجێ بکات.

گەرم و ساردکردنەوەی بینا جۆراوجۆرەکان، یەکێکە لە بەکاربەرە گەورەکانی وزەی کوردستان و هۆکاری سەرەکی کورتهێنان و بڕینی کارەبای نیشتیمانیە لە وەرزە زۆر گەرم و زۆر ساردەکاندا، سەرەڕای بەکارهێنانی زۆربەی جۆرەکانی وزە، نەتوانراوە بەهۆی نزمبوونی کارایی وزەی بیناکان، بە تەواوی دابین بکرێت.

بەپێی داتا و ئاماری ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی کارەبا، کەرتی کارەبای نیشتیمانی توانای بەرهەمهێنانی زیاتر لە پێنج هەزار مێگاوات کاژێری هەیە، بەڵام لەکاتێکدا داواکاری بۆ کارەبا لە وەرزی گەرمادا زیاتر لە چوار هەزار مێگاوات کاژێرە، ڕێژەی بەرهەم 2800 مێگاوات کاژێرە (لە مانگی تەممووز وەک یەکێک لە گەرمترین مانگەکانی ساڵ)، هەروەها ژمارەی هاوبەشانی کارەبا، ملیۆنێک و 360 هەزار و 277 هاوبەشە (دوا ئاماری ماڵپەڕی وەزارەتی کارەبا)، واتا بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕۆژانی زۆر گەرم بە ڕێژەی 40% کورت دێنێت کە دابەزاندنی ڕێژەی داواکاری لەڕێی بەرزکردنەوەی کارایی وزەی بەکارهێنەران، دەتوانێت ئاسانترین و بەپەلەترین هۆکار بێت بۆ دابەزاندنی ڕێژەی کورتهێنانی کارەبا. بەرزکردنەوەی کارایی وزە و دابەزاندنی ڕێژەی داخوازی مانای بڕینی پێداویستییەکان نییە، بەڵکوو پێداویستییەکان هەر بەو ڕێژەیەی جارانە، بەڵام بە بەکارهێنانی کارەبای کەمتر دابین دەکرێت.

**لێکۆڵینەوەیەکی سادە لەسەر کاریگەریی بەرزکردنەوەی کارایی وزەی بیناکان لەسەر داواکاریی وزەی هەرێمی کوردستان ڕوونی دەکاتەوە کە:**

ئەگەر هەر تاکێک لە هاوبەشەکانی کارەبای هەرێمی کوردستان سێ سپلیتی 1500 وات (Btu 5،000 لە کاژێرێکدا) کە تەنانەت بە تێکنۆلۆجیای نوێ (بە پێوەری کارایی وەرزی وزەی 20) سازکرابێت و لە ڕۆژانی گەرمدا (مانگەکانی شەش تا نۆ) بەکاری بێنێت، کۆی کارەبای پێویست بۆ وەگەڕخستنیان زیاتر لە هەزار مێگاوات لە کاژێرێکدا دەخەملێنرێت (ئەوەش دەکاتە 35%ی بەرهەمی کارەبای نیشتمانی) و ئەگەر لە ڕۆژدا 12 کاژێر کارەبایان هەبێت و بەکاریان بێنن، 18%ی کۆی بەرهەمی ڕۆژانەیان پێویستە.

بەڵام ئەگەر بەهۆی بەرزکردنەوەی کارایی بیناکان لە هەرێمی کوردستان، تەنیا یەک سپلیت کەم بکرێتەوە (دوو سپلیت وەک تێکڕای گشتی بەکاربێت) زیاتر لە 340 مێگاوات لە کاژێردا ئازاد دەکرێت (کە نزیکە لە توانای هەرکام لە وێستگەکانی هەولێر و سلێمانی و زیاترە لە 12%ی کۆی بەرهەمی کارەبای نیشتمانی) و توانای حکومەت بۆ پێدانی نزیکەی دوو سەعات کارەبا، بەرز دەکاتەوە.

بەرزکردنەوەی کارایی وزەی بیناکان لەڕێی دارشتنی نەخشەی سەردەمیانە و هەروەها بەکارهێنانی ماددەی بە کواڵیتی بەرز بەتایبەت لە بواری ئایزۆلەیشنەوە، نە تەنیا ڕێژەی کارەبای پێویست بۆ گەرما و سەرما دادەبەزێنێت، دەتوانێت پێویستی بۆ جۆرەکانی دیکەی وزەش دابەزێنێت. ئێستا بەپێی داتاکان، هەرێمی کوردستان لە وەرزی سەرمادا پێویستی بە دوو ملیار لیتر نەوتی سپی (کێرۆزین) هەیە بۆ گەرمکردنەوە کە بەپێی نرخی ئەمڕۆی ئەو هەڵگرەی وزە لە کوردستان، بە زیاتر لە 850 ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت، ئەمە ئەگەر بەهۆی بەرزکردنەوەی کارایی وزەی بیناکان بۆ 40%ی ئەو ڕێژەیە دابەزێنرێت، دەتوانێت زیاتر لە 300 ملیۆن دۆلار لە خەرجیی خەڵک و حکومەت کەم بکاتەوە کە نزیکە لە بودجەی یەک مانگی ئێستای فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ستاندارد و یاسای توندوتۆڵ بۆ بیناسازی دادەنرێت و بەرپرسیارێتی دڵنیابوون لە کواڵیتی، مەواد و سازکردن دەخرێتە ئەستۆی ئەندازیاران و چاودێریی وردی یاسایی لەسەر دادەنرێت، بۆیە پێویستە وەک هەنگاوێکی گرنگ لەلای هەنگاوەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی دەرهاتی وزە، یاسا و ڕێنماییە یاساییەکان سەبارەت بە چۆنێتی و کواڵیتی بیناسازی دابنرێت و نوێ بکرێتەوە و جێبەجێ کرێت تا هەم توانای خزمەتگوزاریی حکومەت و ئاسوودەیی خەڵک بەرز بکاتەوە و هەم بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی کارەبا و سووتەمەنیی دیکە لەسەر خەرجیی بەکارهێنەران کەم بکاتەوە.

بەرزکردنەوەی 30%ی کارایی وزەی بیناکانی ئێستا و جێبەجێکردنی یاساکان لە بیناسازیدا لە داهاتوو، دەتوانێت پچڕانی کارەبا تا ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزێنێت یان نەهێڵێت و هەلی خزمەتگوزاریی باشتر بداتە کەرتی کارەبای هەرێمی کوردستان.

***ڕاوێژکاری ئابووری و بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاردۆ**

---

## ئاستی بەرهەمی ئۆپێک بەرزتر دەبێتەوە

# ڕێککەوتنەکەی جەزائیر بە کردەوە شکستی هێنا



ئەندامانی ئۆپێک زانیاری نادروست لەبارەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەدەنە ڕێکخراوەکە

### شارەزایەکی بواری نەوت: ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا بەر لەوەی واژۆ بکرێ، شکستی هێناوە

ڕووداو - هەولێر

بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)، ئاستی بەرهەمی وڵاتانی ئۆپێک لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا دیسان ئاستێکی پێوانەیی تۆمار کردووە. چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بێ، ئەوە بڕی نەوتی زیادەی بازاڕەکان لە 2017دا لەوەی ئەمساڵیش زیاتر دەبێ و ئەوەش مانای داکشانی نرخی نەوتە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ڕێکخراوی ئۆپێک لە تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا 33.64 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا بەرهەمهێناوە، بەمەش ئاستی بەرهەمی ڕێکخراوەکە لە چاو مانگی ئەیلوول بە ڕادەی 240 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە. هەمان ڕۆژ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەش ڕاپۆرتی مانگانەی بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسەکە بەرهەمی نەوتی ئۆپێک لە مانگی تشرینی یەکەمدا بەبڕی 230 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە و ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ڕێکخراوەکەش گەیشتووەتە 33.38 ملیۆن بەرمیل. جیاوازیی ژمارەکانی ئۆپێک و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە پەیوەندی بەو سەرچاوانەوە هەیە کە هەر کامیان داتاکانی لێ وەردەگرن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی ئاستی دەرهێنانی نەوتی ئۆپێک بۆ ئاساییبوونەوەی بەرهەمهێنان لە نایجیریا و لیبیا و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق دەگەڕێتەوە.

وەزارەتی نەوتی ئێرانیش ئۆپێکی ئاگادار کردووەتەوە کە بەرهەمهێنانی نەوتی ئەم وڵاتە لە مانگی تشرینی یەکەمدا 210 هەزار بەرمیل لە مانگی پێشتر بەرزتر بووە و ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ئێران گەیشتووەتە 3.92 ملیۆن بەرمیل، بەمەش بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک 450 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە، نەک 240 هەزار.

ئەمە یەکەمجار نییە داتا و ژمارەکانی ئۆپێک مشتومڕ دروست دەکات. مانگی پێشوو عێراق و سعودیە ڕایانگەیاند، ئاستی بەرهەمهێنانیان لەوە بەرزترە کە لە ڕاپۆرتەکەی مانگی ئەیلوولی ئۆپێکدا هاتبوو. هۆکاری ئەم کێشەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئۆپێک لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا پشت بە دوو جۆر سەرچاوە دەبەستێت، یەکەمیان ئەو داتا و ڕاپۆرتانەیە کە ئۆپێک لە وڵاتانی ئەندامەوە بەدەستی دەگات، سەرچاوەی دووەمیشیان داتا و ژمارەکانی میدیاکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی پیشەسازیی نەوتە.

بەرپرسانی ئۆپێک ڕەخنەی ئەوە لە وڵاتانی ئەندام دەگرن کە ژمارەی ورد ڕادەستی ڕێکخراوەکە ناکەن، لەبەر ئەوەی دەیانەوێ ئاستی بەرهەمهێنانیان لە پێش کۆبوونەوەکەی 30ی ئەم مانگە بەرزتر لەوەی هەیە دیار بێ.

وەزارەتی نەوتی عێراقیش ڕەخنەی لە ڕاپۆرتەکەی ئۆپێک گرتووە و ڕایگەیاندووە وڵاتەکەی لە مانگی تشرینی یەکەمدا ڕۆژانە 4.77 ملیۆن بەرمیلیان بەرهەمهێناوە، ئەمەش 210 هەزار بەرمیل زیاترە لەو ژمارەیەی ئۆپێک لە سەرچاوە دەستی دووەکانەوە وەریگرتووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئۆپێک، ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی ئەم ڕێکخراوە لە مانگی ڕابردوودا 1.3 بۆ 1.5 ملیۆن لە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ساڵی پار بەرزتر بووە، پێشبینیش دەکرێ داواکاری لەسەر نەوت، لە ساڵی 2017 بە بڕی 230 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بێ. ئۆپێک هۆشداری دەدات کە ئەگەر ئەندامانی ڕێکخراوەکە لەسەر ئەم ئاستەی بەرهەمهێنانی ئێستایان بەردەوام بن، ساڵی داهاتوو 950 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە بازاڕەکان زیادە دەمێنێتەوە. ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە گەشبینانەتر سەیری ڕەوشەکە دەکات، بۆیەش پێشبینی دەکات زێدەباری نەوتی ئۆپێک لە بازاڕەکان لە 2017دا نزیکەی 500 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە بازاڕەکان زیاد بێ.

ئەم ژمارانە مەترسی گەورە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دروست دەکەن کە ئەندامانی ئۆپێک لە کۆتایی مانگی ئەیلوول دەریانکرد. بەپێی بڕیارەکە، ئۆپێک ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی ڕێکخراوەکە بۆ نێوان 32.5 ملیۆن بەرمیل یان 32 ملیۆن بەرمیل دادەبەزێنێ. ئێران، لیبیا، نایجیریا و عێراق لەبەر هۆکاری جیاواز داوا دەکەن ناویان لە لیستی جێبەجێکارانی بڕیارەکە ڕەش بکرێتەوە. بڕیاریشە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک ڕۆژی 30ی تشرینی دووەم لە ڤیەننا کۆببنەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکە ببێ بە ڕێککەوتن.

بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەو کۆبوونەوەیەش، دوو دانیشتنی دیکە بەڕێوەدەچن. یەکەمیان ڕۆژی 25ی مانگ لە نێوان شارەزایانی ئۆپێک بەڕێوەدەچێ. دانیشتنی دووەمیش لە نێوان ئۆپێک و ژمارەیەک لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک دەبێ.

ڕاپۆرتەکانی ئۆپێک و ئاژانسی نێودەوڵەتی و سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر نرخەکانی نەوت دانا، بەجۆرێک ڕۆژی هەینی ڕابردوو نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت بە ڕێژەی 2.4% شکا، بەم پێیەش نرخەکانی نەوت هەتا 44.75 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دابەزی. چاودێر و شارەزایانی بازاڕی نەوت جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بازرگانەکان بێ هیوابوون لەوەی ئۆپێک لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان ڕێکبکەوێ، یان ئەگەر ڕێکیش بکەوێ کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو نەوتە زیادەیە دانانێ کە وڵاتانی ئۆپێک خۆیان یەکێک لە سەرچاوەکانین.

دەیڤید تۆمپسن، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ڕاوێژکاریی وزەی (پاوەر هاوس) بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند "ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئۆپێک پێش بڕیارەکەی جەزائیریش نەوتی زیادەیان بەرهەم دەهێنا، ئێستاش ژمارەکان جارێکی دیکە بەرز بوونەتەوە، بۆیە ئەستەمە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان کاریگەرییەکی گەورە دروست بکات".

جۆن کێمپ، چاودێری بازاڕەکانی نەوتیش لە ڕۆیتەرز، پێیوایە بڕیارەکەی جەزائیر هەتا ئێستا کاریگەریی نێگەتیڤی داناوە، چونکە هەڵسوکەوتی وڵاتانی ئەم ڕێکخراوە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە بڕیارەکەی جەزائیر دەیخوازێت. بە بۆچوونی کێمپ "هەر کام لە وڵاتان دەیانەوێ بەر لە کۆبوونەوەکەی 30ی ئەم مانگە بەرهەمهێنانی خۆیان بۆ زیاترین ئاستی مومکین بەرزبکەنەوە"، یان ژمارە و داتای خەیاڵی پێشکەش بە ئۆپێک بکەن. لەم ڕێگەیەشەوە کاریگەریی ڕێککەوتنەکە لەسەر وڵاتەکەیان کەم بکەنەوە، هەر ئەمەش وا دەکات "ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا بەرلەوەی واژۆ بکرێ، شکست بهێنێ".

# "بێچووە شێرەکانی خەلافەت"..
# هەڕەشە گەورەکەی پاش تێکشکانی داعش

**بەرپرسێکی کوردی ئێزدی:**
## هەندێ لەو منداڵە ئێزدیانەی ڕزگارکراون، ئێستاش تەکبیر لێدەدەن

هەڵۆ کاکەوەیس
ڕووداو- هەولێر

پێگەکانی داعش لە دوایین ڤیدیۆدا، گرتەیەک بڵاودەکەنەوە کە تێیدا چوار منداڵ سزای گوللەبارانکردنی چوار کەس جێبەجێ دەکەن، یەکێک لەو منداڵانەی لە ڤیدۆکەدا دەردەکەوێ، خەڵکی شنگالە.

بڵاوبوونەوەی ئەم گرتەیە لەکاتێکدایە کە بەگوتەی بەرپرسێکی کوردی ئێزدی، داعش تاوەکو ئێستا مەشق و ڕاهێنانی بە 1400 منداڵی کوردی ئێزدی کردووە.

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا نزیکەی شەش ملیۆن کەس لەژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیاون، یەک لەسەر سێی ئەم ژمارەیە تەمەنیان لە خوار 15 ساڵە و لەناو ئەمانەشدا، بەرپرسانی داعش هێزێکی مەترسیداریان پێکهێناوە کە بە "بێچووە شێرەکانی خەلافەت (اشبال الخلافە)" ناودەبرێن.

ئەم هێزە ساڵێک دوای ڕاگەیاندنی "خەلافەت"ەکەی داعش دروستکراوە. ئامانجی داعش لەم کارە دروستکردنی نەوەیەک بووە کە درێژە بە هەوڵی بەدیهێنانی خەونی سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە بدەن و لەو پێناوەشدا سڵ لە هیچ نەکەنەوە. ئەم منداڵانە، یان "بێچووە شێرەکانی خەلافەت" هەروەکو ئەو هەزاران بۆمب و تەقەمەنییە چێنراوانەی داعش دوای خۆی لە هەموو کون و قوژبێکدا بەجێیان دەهێڵێ، ئامادەکراون بۆ ئەوەی وەک هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بمێننەوە.

بە گوتەی سەرچاوەیەکی نزیک لە گرووپە ئیسلامییەکان، "اشبال الخلافە" پێشنیازی عومەر شیشانی بووە، سەرەتا لە دێرەزوور کە بە ویلایەتی "الخیر" ناسراوە، دواتر لە ناوچەکانی مەیادین و ئەلبوکەمال و شەدادی و ناوچەکانی "ویلایەتی فورات" کەمپیان بۆ دروستکرا.

بەپێی چەند بەیاننامە و ڕاگەیێندراوێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، لە سەرەتای ئەمساڵدا شەش منداڵی ئەو گرووپەیان کوشتووە لە کاتی هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانیان. هێزەکانی پێشمەرگەش ڕووبەڕووی سەدان لەو منداڵانە بوونەتەوە لە کاتی شەڕ لەگەڵ داعشدا.

هەیکەلی سەربازیی داعش لە سێ بەش پێکدێت: سوپای خیلافە، سوپای دەوڵەت و سوپای عەدنانی. لە هەر سێ سوپاکەشدا سەربازگەی تایبەت بە "اشبال الخلافە" هەیە. ئەمانە هەموویان لە دیوانی جوند کۆکراونەتەوە.

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا چەکدارانی داعش لە منداڵێک دەپرسن دەتەوێت لە داهاتوودا چی بکەیت؟ منداڵەکە لە وەڵامدا دەڵێت "دەمەوێت ببمە خۆکوژ".

ئەو گرتەیە کاتێک بڵاوبووەوە کە داعش ماوەیەکی کەم بوو دەستی بەسەر شاری مووسڵدا گرتبوو. ئەوکات قەبارەی مەترسییەکە وەکو ئێستا دەرنەکەوتبوو.

پەنابردن بۆ بەکارهێنانی منداڵان لەلایەن داعشەوە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە: منداڵەکان بەهۆی کەمیی تەمەنیانەوە لە مردن سڵ ناکەنەوە، بینینی وێنە و ستایشی منداڵە خۆکوژەکانی دیکە زووتر هانیان دەدات بۆ ئەوەی ئەوانیش هەمان ڕێچکەی هاوڕێکانیان بگرن. هەروەها منداڵەکان کەمتر دەبنە جێی گومانی دەزگا ئەمنییەکان.

سەربازگەکانی "ئەشبال الخلافە" لەسەر سێ ئاست کار دەکەن: قۆناغی ڕاهێنانی ئاینی کە بە قۆناغی شۆردنەوەی مێشک دادەنرێت. قۆناغی ڕاهێنانی جەستەیی کە بریتییە لە جۆرەها مەشق و ڕاهێنانی قورس و بەکارهێنانی چەک. قۆناغی سێیەم کە ڕاهێنانی دەروونییە، لێرەدا منداڵەکان ئاشنا دەکرێن بە بینینی دیمەنی توندوتیژ و دەیانبەنە ئەو شوێنانەی گیراوەکانی تێدا کۆمەڵکوژ دەکەن.

بەپێی دانپێدانانی ژمارەیەک لە منداڵانەی لە کەمپەکانی داعش ڕایانکردووە یان ناوچەکانیان ڕزگارکراوە، منداڵەکان لە کەمپەکانی مەشق ناچار دەکرێن سەیری دیمەنەکانی سەربڕین و لەسێدارەدانی بەندکراوان بکەن.

پەیمانگەی فارووق کە لە نزیک بەنداوی تشرین بوو لە ڕۆژهەڵاتی منبج، بە یەکێک لە گرنگترین سەربازگەکانی "اشبال الخلافە" دادەنرا. بەپێی ئامارەکان زیاتر لە 2400 منداڵ لەو سەربازگەیە مەشقیان بینیوە. 400 لەو منداڵانەش ڕاهێنانی تایبەت بە خۆتەقاندنەوەیان پێکراوە.

ڕۆژنامەی ئیندپێندنت، چاوپێکەوتنی لەگەڵ یەکێک لەو منداڵانە کردووە کە لە شەڕی بەنداوی تشرین دەستگیرکراوە، منداڵەکە دەڵێت زۆربەی ئەو منداڵانەی لەوێن بێ دایک و باوک و بێ سەرپەرشتن، ئەوان بۆ ماوەی 10 هەفتە ڕاهێنانی بەردەوام وەردەگرن، پاشان لە هێڵی سێیەمی سەنگەرەکان جێگیر دەکرێن.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا چاودێرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان 254 ڕووداویان تۆمار کردووە کە داعش منداڵی تێدا بەکارهێناون. بە وردی نازانرێت لە کەیەوە داعش ئەو منداڵانە بۆ کوشتن بەکاردێنێ، بەڵام ڕووداوی کوشتنی 25 سەربازی سووری لە شوێنەوارەکانی تەدمور، یەکەم دەرکەوتنی "اشبال الخلافە" بوو بۆ کاری کوشتن.

پاشان کۆمەڵێ ڕووداوی دیکە هاتن، لەوانە: تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێک لەلایەن منداڵێکی بە ڕەگەز بەریتانی لە ڕێگەی ڕیمۆت کۆنترۆڵەوە. ئۆتۆمبێلەکە ژمارەیەک بارمتەی تێدابوو. گوللەبارانکردنی پێنج شەڕڤانی یەپەگە بە دەستی پێنج منداڵ لە نەتەوە و وڵاتی جیاواز کە یەکێک لەو منداڵانە کوردێک بوو بەناوی فوئاد. پێش ئەو ڕووداوەش، باوکێک سەربازێکی سووری دەداتە دەست کوڕەکەی بۆ ئەوەی سەری ببڕێ.

یەکێکی دیکە لەو گرتە ڤیدیۆیانەی داعش بڵاوی کردووەتەوە، کێبڕکێیەکی نێوان ئەو منداڵانەیە. خەڵاتی کێبڕکێیەکەش ئەوەیە کە ئەندامێکی ئاسایشی نیشتمانیی سووریا لە بەردەم براوەی کێبڕکێیەکە دادەنرێت و ئەویش دەیکوژێ.

ماوەیەک لەمەوبەریش، هێزەکانی پۆلیس لە شاری کەرکووک منداڵێکیان بە پشتێنەیەکی بۆمبڕێژکراوەوە دەستگیر کرد کە دەیویست خۆی بتەقێنێتەوە. برایەکی ئەو منداڵە کاژێرێک پێشتر لە حوسەینییەیەکی شاری کەرکووک خۆی تەقاندبووەوە.

دوایین گرتەی ڤیدیۆیی داعش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کوشتنی چوار کەسە بە تۆمەتی سیخوڕیکردن لەلایەن چوار منداڵەوە، بە ناوەکانی عەبدوڵڵا شنگالی و ئەبوعومەری ئەنساری کە لە شەڕدا کوژراوە، لەگەڵ ئەبو عوسمانی ڕووسی و ئەبوبەکری ئۆزبەکی.

عەبدوڵڵا شنگالی، ناوی تەواوی عەبدوڵڵا یونسە و لە عەشیرەتی تاتە لە شنگال و موسوڵمانە. باوکی لە ژیاندا نەماوە و دوو مامی لەنێو داعشدان.

ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ئایدیۆلۆژیای داعش و توندوتیژی، تەنیا بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەی کاتی نییە، بەڵکو بەشێکە لە دروستکردنی ژێرخانی مرۆیی پێویست بۆ بەدیهێنانی خەونی سەلەفییە جیهادییەکان کە خۆی لە دەوڵەتێکی سنووربڕی ئیسلامیدا دەبینێتەوە.



داعش 250 کردەوەی توندوتیژی لە ڕێگەی منداڵانەوە ئەنجامداوە

### بۆمبە تەوقیتکراوەکانی شنگال

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیاتر لە 1400 منداڵی کوردی ئێزدی لەلایەن داعشەوە مەشقیان پێدەکرێت. بەشێکیان گواستراونەتەوە بۆ سەربازگەکانی (اشبال الخلافە) لە سووریا. بەشێکیشیان لە مووسڵ و تەلەعفەر مەشقیان پێدەکرێ".

بە گوتەی بۆزانی، بەشێک لەو منداڵانە لە چنگی داعش ڕزگارکراون، بەڵام پێناچێ هیچ بەرنامەیەک بۆ دووبارە شیاندنەوەی ئەو منداڵانە هەبێ. بۆزانی دەڵێت هەندێک لەو منداڵە ڕزگارکراوانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی داعش و "ئێستاش ناوە ناوە تەکبیر لێدەدەن".

---

**داعش لێرە بوو..**

# بەشیر و حەسەن شام... دوو وێرانەی دوای داعش

فرمان عەبدولڕەحمان
ڕووداو- هەولێر

لە هەر شوێنێک بووبن، چەکدارانی داعش لە دوای خۆیان وێرانەیەکی بێسنووریان جێهێشتووە. بە هەر شوێنێکدا دەڕۆی، تەماشای هەر گۆشەیەک دەکەی، جگە لە وێرانکاری و ناوچەیەکی خاڵی لە ژیان، هیچی دیکە بەدی ناکەی.

بە ڕێگاوەیەن بەرەو گوندی بەشیر کە یەکێکە لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان، لە بازگەکاندا پێشمەرگە و حەشدی شەعبی پێکەوە چاودێریی هاتوچۆی ڕێبواران دەکەن.

گوندی بەشیر لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکوک لە سەرەتای مانگی ئایاری 2016 لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد کرا، دوای ئەوەی نزیکەی دوو ساڵ لەژێر دەستی چەکدارانی داعشدا مایەوە، ئەو وێرانکاری و کاولکارییەی لەم گوندەدا ڕوویداوە، هەمان ئەو کاولکاری و وێرانەیەمان بەبیر دێنێتەوە کە داعش لە شنگال و کۆبانێ دوای خۆی جێیهێشتوون.

گوندی بەشیر کە تەنیا سێ کیلۆمەتر لە سنووری دەسەڵاتی داعشەوە دوورە، هێشتاش لەژێر هەڕەشەی بۆردوماندایە، هەندێجار گوللە تۆپەکانی داعش گازی کلۆریان لێ دەردەچێ.

جگە لە ڕێگا سەرەکییەکان، ناتوانین بچینە هیچ شوێنێکی دیکە، چونکە هەتا ئێستا هیچ یەکێک لەو بۆمبانە پووچەڵ نەکراونەتەوە کە داعش لە نێو ماڵ و کوچەو کۆڵانەکانی گوندەکەدا دایناون.

گوندی بەشیر پێش هاتنی داعش لە 17ی حوزەیرانی 2014، زیاتر لە 1200 خێزانی تێدا ژیاوە کە زۆربەیان بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بوون، بەڵام ئێستا سەرەڕای دەرهێنانیشی لە دەستی داعش، خاڵییە لە ژیان.

داعش هەر شوێنێک داگیر بکات، ئەگەر خوێندنگەکەی نەتەقێنێتەوە ئەوا دەیکاتە بنکەیەکی سەربازی بۆ چەکدارەکانی، لە خوێندنگەی گوندی بەشیریش، وێرانکارییەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە داعش بەوێدا گوزەری کردووە.

ئەگەرچی داعش بە پاڵنەری ئاینی، چەکدارەکانی هاندەدات، بەڵام تەنانەت شوێنە ئاینییە پیرۆزەکانیش لە دەستی داعش پارێزراو نەبوون. حوسێنیەی بەشیر ڕۆژێ لە ڕۆژان شوێنی پەرستشی خەڵکی گوندەکە بووە، بەڵام هەر دوای داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە، لەگەڵ زەوی تەخت کرا.

**فەرماندەیەکی پێشمەرگە:**
## داعش 22 جار هێرشی کردووەتە سەر خازر

### داعش چۆن بوو بەو هێزە ترسناکە؟

بەهێزبوونی داعش بە پلەی یەکەم لە دوای داگیرکردنی مووسڵ لە 2014/6/10 بوو. ئەوان لەو باوەڕەدا نەبوون کە سوپای عێراق وا بەو سانایییە دووەم گەورەترین شاری عێراق چۆڵ بکات. چۆڵکردنێک کە هێز و قەبارەی ئەو ڕێکخراوە توندڕەوە ئاینییەی بردە قۆناغێکی مەترسیدارەوە.

داعش لە مووسڵ توانی دەستبگرێت بەسەر 450 ملیۆن دۆلار، 250 کیلۆ زێڕ، 250 هامەر و تۆپی دوورهاوێژ و ئۆتۆمۆمبێلی سەربازی و زرێپۆش. 35 تانک لە جۆری T72 و T55 و دوو فڕۆکەی جۆری سیخۆ و 55 هەزار چەکی سووک. هەر بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا هەریەکە لە شارەکانی تکریت و بێجی و سامەڕا و حەویجە و ئەنباری داگیرکرد.

لە چەندین ناوچەدا سوپای عێراق شوێنەکانی خۆی چۆڵ کرد و پێشمەرگە شوێنی گرتنەوە. پێشمەرگە توانی 30 هەزار کیلۆمەتر دووجا پێشڕەوی بکات، بەڵام داعش بە هێزێکی زۆری سەربازی و دارایی گەورەوە بووە دراوسێی هەرێمی کوردستان.

لە مانگی ئابی 2014دا داعش ستراتیژی خۆی بەرەو هەرێمی کوردستان گۆڕی و سەرەتا چەندین ناوچەی داگیرکرد. داعش لەو ناوچانە بووە خاوەنی تۆمارێکی درێژی سەدان چیرۆکی توندوتیژ بە تایبەتی لە ناوچەکانی شنگال.

حەسەن شام لە ناوچەی خازری نزیک مووسڵ گوندێکی دیکەی ژێر دەسەڵاتی داعش بوو، ئەگەرچی ماوەیەکی کەم لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا بوو، بەڵام کاریگەریی دڕندەیی و مەرگدۆستیی داعش لەم گوندەدا بە ئاشکرا دیارە. ئێستاشی لەگەڵدا بێ ناوچەیەکی خاڵییە لە ژیان.

یەکەم شت کە لێرە بەدیی دەکەی، ئاسەواری تەقاندنەوەی پردێکە کە شاری مووسڵ بە هەرێمی کوردستانەوە دەبەستێتەوە. ئەو پردە ستراتیژییە لەسەر ڕووباری خازر دروستکراوە، بەڵام چەکدارانی داعش لە پێناو ئامانجە سەربازییەکانیاندا سڵیان لە وێرانکردنی هیچ شتێک نەکردووەتەوە.

پێشمەرگە لە میحوەری خازر سەنگەری تۆکمەی لێداوە، ئەگەرچی ئەم میحوەرە بە بەردەوامی لەم ماوەی ڕابردوودا ئامانجی هێرش و پەلاماری هێزەکانی داعش بووە، بەڵام پێشمەرگە لەم میحوەرە لەگەڵ هێرش و پەلامارەکانی داعش ئەزموونی وەرگرتووە، هەر وەکو فەرماندە سەربازییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن.

لیوا حەمەڕەشید شەمێرانی، فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە لە میحوەری خازر بە (ڕووداو)ی گوت "داعش 22 جار هێرشی بۆ ئێرە هێناوە، بەڵام لە سەرجەم هێرشەکانیاندا شکستیان هێناوە".

حەسەن شام نزیکەی 700 ماڵ بووە پێش داگیرکاریی داعش، بەڵام ئێستا هیچ شوێنەوارێکی ژیانی تێدا بەدی ناکرێ. چەکدارانی داعش هەر لە سەرەتای هاتنیان بۆ ئەم ناوچەیە زۆربەی ماڵ و باڵەخانەکانیان بۆمبڕێژ کرد وەکو تەکنیکێکی باو و بەردەوامیان بۆ خستنەوەی زۆرترین قوربانی. تەنانەت گەورەترین خوێندنگەی گوندەکەش دەتەقێننەوە.

قوتابخانەی گوندی حەسەن شام پێش هاتنی داعش شوێنی خوێندنی سەدان قوتابی بووە، بەڵام قەدەرێکی سەیرە داعش لە هەر کوێ بێت، پێش هەموو شتێک ئەو شوێنانەی کە ئاماژەن بۆ ژیان، وێران و خاپوور دەکات.

لە دواهەمین سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگەش، هەمووان چاوکراوە و ئامادەباشن بەرامبەر هەر جموجوڵێکی داعش، پێشمەرگە بە درێژایی 1100 کیلۆمەتر سەنگەری لە داعش گرتووە و لە هەموو لایەک گورزی کوشندەی لە داعش داوە، بەڵام شوێنەواری وێرانکارییەکانی داعش لەو ناوچانەی دەستی بەسەردا گرتوون، پێدەچێ بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە.


داعش بچێتە هەر گوندێک یەکەمجار قوتابخانەکەی وێران دەکات

(فۆتۆ: ڕووداو)



## ترەمپ: سێ ملیۆن کۆچبەر دیپۆرت دەکەمەوە

ڕووداو- CBS

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا ڕایگەیاند کاتێک وەک سەرۆکی ئەمریکا لە کۆشکی سپی دەستبەکاردەبێت، بەخێرایی سێ ملیۆن کۆچبەری نایاسایی دیپۆرت دەکاتەوە. ترەمپ لە هەڤپەیڤینێکیدا ڕایگەیاند هەموو ئەو کەسانە دیپۆرت دەکاتەوە، کە سەر بە گرووپی چەتەن و پێشتر تاوانیان ئەنجامداوە، یان لە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە تێوەگلاون. ترەمپ ڕاشیگەیاندووە، ئەو کەسانە ژمارەیان نزیکەی دوو ملیۆن و نیو بۆ سێ ملیۆن کەس دەبێت و بە نایاسایی لە ئەمریکا دەژین، بۆیە لە ئەمریکا دەکرێنە دەرەوە.

### دوایین پەیامی نائومێدانەی کۆچبەرێک پێش ئەوەی لە ئیجەدا بخنکێ

# "ئێستا لە نێوەڕاستی ئاوەکەداین، شین و ڕۆڕۆیە و هەموو خەڵکەکە دەگرین"





هۆگر قاسم لەگەڵ 23 کۆچبەری دیکە لە ئیجەدا خنکا

راوچی حەسەن
ڕووداو- هەولێر

"قوربانت بم شتێکمان بۆ بکە، خەریکە شەپۆل دێتە نێو بەلەمەکەمان و دەخنکێین". ئەوە هاواری کۆچبەرێکی کورد بووە لەناوەڕاستی دەریای ئیجەوە. ئەم هاوارە لەڕێی نامەی دەنگیی مێسنجەرەوە، لە کۆچبەرێکی کوردەوە بۆ هاوڕێیەکی لە ئەڵمانیا نێردراوە، هاوڕێکەشی لەبەرئەوەی دوور بووە، هیچی لەدەست نەهاتووە تا دواتر هەواڵی خنکانی هاوڕێیەکەی بیستووە.

قوربانییەکە ناوی هۆگر قاسم بووە، سەرەتای ئەمساڵ لەگەڵ 60 کۆچبەری دیکە، ویستوویانە بە بەلەمێکی بچووک بەنێو دەریای ئیجەدا بەرەو یۆنان بپەڕنەوە، بەڵام شەپۆلی دەریا نغرۆیان دەکات. هۆگر و 23 کۆچبەری دیکە دەخنکێن و 28 کۆچبەریش بێ سەروشوێنن و تاوەکو ئێستا هیچ هەواڵێکیان نەزانراوە.

بەر لەوەی بەلەمەکەیان نغرۆ ببێ، هۆگری تەمەن 27 ساڵ، لەڕێی نامەی دەنگییەوە هاواری بۆ هاوڕێیەکی لە ئەڵمانیا بردووە بۆ ئەوەی فریایان بکەوێ، بەڵام ئەو هاوڕێیەی نەیتوانیوە هیچیان بۆ بکات.

بۆتان موراد کە هاوڕێی هۆگرە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، لەبارەی ئەو نامە دەنگیانە و ئەو کاتەی قسەی لەگەڵ هاوڕێیەکەی کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "چەند مانگێک لەمەوبەر هۆگری هاوڕێم پێیگوتم دێمە ئەورووپا، کاتێک گەیشتە تورکیا قسەمان کرد. هۆگر ماوەیەک لەوێ گیرا و دواتر ئازاد کرا، بەڵام ئەمجارە لە نێو دەریای ئیجەوە نامەی بۆ ناردم و داوای کرد فریای بکەوم".

بۆتان دەڵێت "من هەوڵی خۆمم دا، بەڵام نەمتوانی هیچ بکەم، چونکە دووربووم لە هۆگر".

بۆتان باسی ناوەڕۆکی یەکەم نامەی هۆگر دەکات کە لەنێو دەریای ئیجەوە لەسەر بەلەمەکەیان بۆ ئەوی ناردووە و دەڵێت: "هۆگر لە نامە دەنگییەکەدا گوتی: ئێمە لە ئیزمیرەوە لێمانداوە و دەڕۆین بەرەو یۆنان، ئەوە نزیکەی سێ سەعاتە لەنێو ئاوداین، وا دیارە قاچاخچییەکە شارەزای ڕێگاکە نییە. ئێمە لەنێو بەلەمێکی بچووکداین، ژمارەمان زیاتر لە 60 کەسە، قوربانت دەبم شتێکمان بۆ بکە و فریامان بکەوە".

هۆگر لە نامەیەکی دیکەدا کە دوای ئەوە ناردوویەتی داوای ژمارەی پۆلیسی یۆنان لە بۆتان دەکات "برا گیان ژمارەی پۆلیسی یۆنانم بۆ بنێرە، بۆتان گیان لەنێو ئاو گیرمان خواردووە، فریامان بکەوە، شتێکمان بۆ بکە بۆتان".

بۆتان وەڵامی دەداتەوە و ژمارەیەک بۆ هۆگر دەنێرێت کە ژمارەی پۆلیسی یۆنانە، بەڵام دواتر هۆگر نامەیەکی دیکە دەنێرێت و دەڵێت "برام ئەگەر مردم دوعای خێرم بۆ بکە، مەگەر خودا، ئەگینا هیچ کەسێک ناتوانێت لەم ئاوە ڕزگارمان بکات".

لە یەکێک لە نامەکانی هۆگردا بۆ بۆتان دەردەکەوێ کە شەپۆلەکانی دەریا تەواو تینی بۆ هێناون و دەڵێت "بۆتان ئێستا لە نێوەڕاستی ئاوەکەداین، شین و ڕۆڕۆیە، هەموو خەڵکەکە دەگرین، بەڕاستی نازانین چی بکەین. بۆتان گیان توخوا شتێک بکە".

بۆتان کە وەڵامی نامە دەنگییەکانی هۆگری داوەتەوە، ئامۆژگاریی کردوون کە گلۆپێک یان چرایەک لە نێو بەلەمەکە داگیرسێنن، بەڵکو کەسێک یان هێزی دەریایی بیانبینێ و فریایان بکەوێ. بۆتان دەڵێت "من نەمدەتوانی لە ئەڵمانیاوە تەلەفۆن بۆ پۆلیسی یۆنان بکەم و شارەزای زمانی ئەوان نەبووم، بۆیە هیچ شتێکم پێ نەدەکرا".

بۆتان باسی دوا نامەی هۆگر دەکات کە بە گریانەوە بۆ ئەوی ناردووە. هۆگر لە نامەکەدا دەڵێت "کاکە ئێمە هیچمان پێناکرێ، تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەن. ئەی هاوار فریامان بکەون، مەگەر خودا ئێمە ڕزگار بکات، وەڵڵا هیچ کەس نییە، کورە قوربانت بم بۆتان، شەپۆل وا خەریکە دێتە نێو بەلەمەکە و دەمانخنکێنێ". ئەوە دوا نامەی دەنگیی هۆگرە بۆ بۆتان کە لەگەڵ نامەکانی دیکەی لەلای خۆی پاراستوونی. لەو ڕۆژەوە تەرمی هۆگر لەنێو دەریادایە و تاوەکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە.

هونەر قاسم یابە، برای هۆگر، لەبارەی براکەیەوە کە ماوەیەکی زۆرە بەدوایدا دەگەڕێن، بە (ڕووداو)ی گوت "هۆگری برام لە ڕۆژی 2016/1/21ەوە تاوەکو ئێستا هیچ سۆراخی نییە. هەموو هەوڵێکیشمان داوە، بەڵام بێ سوود بوون". لەبارەی ئەو نامانەی هۆگریش، هونەر گوتی "یەکێک لە هاوڕێیانی هۆگر پێیگوتووین هۆگر لە دەریای ئیجەدا خنکاوە و بەدوایدا مەگەڕێن".

چارەنووسی ئەو کۆچبەرە کوردانەی لەڕێی سەفەردا بەرەو ئەوروپا بێ سەروشوێن بوون، مژاری دوایین بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج) بوو لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو. بەرنامەکە بەشێوەیەکی سەیر تیشکی خستە سەر بازرگانییەکی ترسناک کە وا دیارە بەگیانی کۆچبەرانەوە دەکرێ. هەندێ لەو کۆچبەرانەی کە لە دەریا پەڕیونەتەوە و لە یۆنان و بولگاریاوە وێنەیان ناردووە، دواتر دیار نەماون و لە ڕاپۆرتی پزیشکیدا کە لەگەڵ تەرمەکانیان نێردراوەتەوە، هۆکاری مردنەکەیان بە (خنکان) دەستنیشان کراوە. کەسوکاری دوو لە قوربانییەکان کە لە بەرنامەکەدا قسەیان کرد، دەڵێن ئەندامانی نێو جەستەی کوڕەکانیان دەرهێنرابوون. یەکێک لەوانەی کە گوایە خنکاوە، لە دووبارە پشکنینەوەی تەرمەکەیدا لە پزیشکی دادوەریی هەولێر، ئاشکرا بووە کە زەبری دەرەکی بەر کەللەی سەری کەوتووە.

بەپێی زانیاری فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵێک و شەش مانگدا 142 کۆچبەری خەڵکی باشووری کوردستان لە ڕێگەی گەیشتن بە وڵاتانی ئەوروپا، خنکاون یان لە ڕێگادا مردوون و 54 کەسیش بێ سەروشوێنن.

> **فیدراسیۆنی پەنابەران:**
> **لە ماوەی 18 مانگدا 142 کۆچبەری کورد خنکاون**

# لە بانکەکانی سوێد پارە قەرز دەکەن و لە کوردستان موڵکی پێ دەکڕن

ڕووداو- هەولێر، ستۆکهۆڵم

کارزان دەمێک بوو لە سوێد کاری دەکرد، بەڵام هیچ پاشەکەوتی نەبوو، بڕیاری دا ڕێگایەکی دیکە بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە بدۆزێتەوە. بڕێک پارەی لە بانکێکی سوێدی قەرز کرد و لە سلێمانی دوو شوقەی پێ کڕی و بەکرێی دان.

کارزان حەمەڕەش کە لە شاری ستۆکهۆڵم دەژی، لە ڕێی قەرزکردنی نزیکەی 270 هەزار دۆلارەوە دەستی بەو بزنسە کردووە و مانگانە 1200 دۆلاری دەستدەکەوێ. ئەو پێیوایە بەو ڕێگەیە خزمەتی کوردستانی کردووە "خەڵکێک سوودی لەو پارەیە وەرگرتووە کە لە سوێدەوە بۆ کوردستانم ناردووە و منیش قازانجی بانکی لێدەدەم و لێرەش لە خێرەکەی دەخۆم".

جاران ژمارەیەکی دیار لە بەرپرسان و سەرمایەدارانی کورد، خەریکی سپیکردنەوەی پارەی کوردستان بوون لە وڵاتانی دەرەوە، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە کوردی سوێد وێڵن بەدوای قەرزی بانکی بۆ ئەوەی لە کوردستان بیخەنەگەڕ.

شارەزایەکی ئابووری پێیوایە هەردوولا (هەرێمی کوردستان و سوێد) سوودمەندن. یوسف سەلامی شارەزای ئابووری لە سوێد بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی دەکرێت حیلەیەکی شەرعییە، هەردوولا لێی سوودمەندن، بەڵام دەکرێت ڕێکبخرێت". گوتیشی "زۆر لەو کارانە باشتر و بە بەهاترە کە زۆر لە بەرپرسان و دەوڵەمەندەکان دەیکەن و لە ڕێگەی سپیکردنەوەی پارەی قاچاخ لە دەرەوە شتی پێدەکڕن و کوردستان لێی زەرەرمەندە".

بەپێی یاسا و ڕێنمایی بانکی لە سوێد، هەر هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتە بە گوێرەی داهاتی مانگانەی دەتوانێ قەرز لە بانکەکان وەربگرێ. ئەو قەرزەش لە 100 هەزار دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو یەک ملیۆن دۆلار، بەڵام دیفاکتۆی بازاڕی ئەو وڵاتە وای کردووە کە قازانجێکی زۆر کەم لەو پارەیە بکەی، بۆیە بەشێک لە کوردی ئەو وڵاتە لە ڕێگەی ئەو قەرزەوە موڵک لە کوردستان دەکڕن و دەستیان بە جۆرێک لە بازرگانی کردووە.





مانگانە نزیکەی نیو ملیۆن دۆلار لە نێوان بازاڕەکانی سوێد و کوردستان لە ڕێگەی حەواڵەی نافەرمی هاتوچۆ دەکات.

کارزان حەمەڕەش دەڵێت داهاتی مانگانەی نزیکەی 5 هەزار دۆلارە و لەبەر ئەوەی هاوژینەکەشی کار دەکات، توانای ڕاکێشانی نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاری هەیە "بەڵام نەک ملیۆنێک ئەگەر چەند ملیۆنێکیش بخەمە بازاڕی کاری سوێدەوە، قازانجی زۆری لێ ناکەم".

کارزان پێیوانییە خیانەتی لە وڵاتی دووەمی (سوێد) کردبێت و دەڵێت "هەم بانکەکانی سوێد، هەم وڵاتەکەی خۆم کە کوردستانە، سوودمەندن لەو کارە".

### هەموو ئەزموونەکان سەرکەوتوونین

ساڵانی ڕابردوو، لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووریی کوردستان، زۆربەی کوردی دانیشتووی سوێد، خواستی کڕینی موڵک و خانووبەرەیان لە کوردستان هەبوو، بە سوودوەرگرتن لەو قەرزە بانکییەی دەتوانن لە بانکەکانی سوێد وەریبگرن. بەڵام بەشێکیان بەم هۆیەوە تووشی کێشە بوون و بگرە ناچاربوون ئەو وڵاتە بەجێبهێڵن.

فریاد ناوی خوازراوی دانیشتوویەکی سوێدە کە ئێستا لە یەکێک لە گرتووخانەکانی کوردستانە. ئەو بەناوی پرۆژە لە کوردستان پارەی لە 40 کوردی دانیشتووی سوێد وەرگرتووە، بەڵام پارەکانی خواردوون.

فریاد کە لە سوێد نووسینگەیەکی بۆ ئەو مەبەستە کردبووەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلارم لەو کەسانە وەرگرت کە زۆربەیان کورد بوون و بەشێکیشیان عەرەب بوون. زۆربەیان پارەیان لە بانکەکانی سوێد قەرز کردبوو، دەیاندایە من گوایە لە کوردستان شوقەم بۆ کڕیبوون".

فریاد نووسینگەکەی وەک بریکاری بەشێکی زۆر لە پرۆژە گەورەکانی نیشتەجێبوون لە کوردستان ناساندبوو، دوای نزیکەی ساڵێک لە پارە وەرگرتن، ئاشکرا بوو. دوای ئەوەی ڕایکرد و هاتەوە بۆ کوردستان، لە گەرمیان دەستگیرکرا.

هەنا حەسوون، کە لە ستۆکهۆڵم دەژی و کاری وەرگێڕان و پارێزەرایەتیی دەکات و خەڵکی بەغدایە و هاوژینەکەشی خەڵکی سلێمانییە، چوار شوقەی لە ڕێگەی نووسینگەکەی فریادەوە بۆ خۆی و خوشک و براکانی کڕیبوو. هەنا دەڵێت "بەهەر چوارمان نزیکەی 65 هەزار یۆری بانکی نۆردیا قەرزدارین و ناومان ڕەش بووە و چیمان هەبوو دەستی بەسەردا گیراوە".

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی سوێد، بەهۆی ڕەشبوونی ناویان کە توانای دانەوەی قەرزەکانیان نییە، وڵاتەکەیان بەجێهێشتووە و وەک ڕاکردوویەک لە کوردستان دەژین.

کاروان ڕەسوڵ یەکێکە لەوانەی بەهۆی قەرزی بانکی تووشی کێشەی گەورە بووە. ئەو بەهۆی پیشەکەی خۆی و هاوژینەکەی، توانای ئەوەیان هەبووە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار قەرز بکەن "ئێمە پارەیەکی زۆرمان ڕاکێشا، بەشێکیمان دایە خانوویەک لە ئۆپسالا و ئەوی دیکەشمان ناردەوە و لە کوردستان لە پرۆژەیەکدا خستمانە کارەوە".

ئەو پارەیەی کاروان ناردوویەتی بۆ کوردستان، نزیکەی نیو ملیۆن دۆلار بووە و لە ڕێی بازرگانێکی کوردەوە خرابووە کارەوە کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە ڕووداوێکدا لە نێوان کەرکووک و سلێمانی کوژرا و پارەکەشی بردرا.

کاروان و هاوژینەکەی ئێستا لە سوێد ناویان لە لیستی ڕەشدایە. ئەو گوتی "چیمان هەبوو دەستی بەسەردا گیرا و بە ناچاری سوێدمان جێهێشت، بەڵام چارەمان نەما، ئێستا گەڕاوینەتەوە و کار دەکەین و خەریکی دانەوەی پارەکەین". کارزان و هاوژینەکەی دەبێ 20 ساڵ کاربکەن بۆ ئەوەی قەرزەکانی بانک بدەنەوە.

> **کوردێکی سوێد:** 270 هەزار دۆلارم لە بانک قەرز کردووە و لە کوردستان شوقەم پێ کڕیوە

> **بازرگانێک:** یەک ملیار کرۆن لە کوردستانەوە حەواڵەی سوێد کراوە

### یەک ملیار کرۆن لە کوردستان

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی بازاڕی دراو، ماوەیەک لەمەوبەر حکومەتی سوێد چاپی نوێی چەند جۆرێک پارەی ڕاگەیاند و لەماوەی 5 مانگدا پارە کۆنەکەی کۆکردەوە کە لە نێویاندا چاپی بیستی و پەنجایی و هەزار کرۆنی هەبوو.

سابیر هەمەوەند کە بازرگانێکی بواری دراوە لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "لە ماوەی ئەو پێنج مانگەدا نزیکەی یەک ملیار کرۆنی سوێدی لە کوردستانەوە حەواڵەی سوێد کرایەوە". هەمەوەند کە لە بۆرسەی هەولێر کار دەکات و لە بواری حەواڵەی پارە لە کوردستان بۆ وڵاتانی ئەوروپا پێشەنگە، گوتیشی "مانگانە نزیکەی نیو ملیۆن دۆلار لە نێوان بازاڕەکانی سوێد و کوردستان لە ڕێگەی حەواڵەی نافەرمی هاتوچۆ دەکات".

هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 431 ) - دووشەممە 2016/11/7



## کورد لەهۆڵەندا دەگەڕێنەوە

**دلێر تێلی / ڕووداو- هەولێر**

فیلمی دۆکیۆمێنتەریی گەڕانەوە "The Return" لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دۆکیۆمێنتەری لە ئەمستردام نمایش دەکرێت.
زەهاوی سنجاوی، دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ناوەڕۆکی ئەو فیلمە باس لە ئاوارەبوونی کوردی ئێزدی دەکات کە بەهۆی شەڕی داعشەوە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون و ئێستا لە کەمپەکان نیشتەجێن".
فێستیڤاڵەکە ڕۆژی 2016/11/16 لە ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا دەستپێدەکات و تاوەکو 2016/11/27 بەردەوام دەبێ. زەهاوی گوتی فیلمەکەی ئەو لە سێیەم ڕۆژی فێستیڤاڵەکەدا لە بەشی سەرەکیی فێستیڤاڵ نمایش دەکرێ. بڕیارە فیلمەکەی لە 50 فێستیڤاڵی فیلم نمایش بکات.

### بێژەن جەزا، بەشداربووی بەرنامەی عەرەب ئایدڵ بۆ (ڕووداو):

# داوای ڕێنمایی لە پەرواز و عەممار دەکەم



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بێژەن جەزا دەبێتە سێیەم گەنجی کورد کە بەشداریی بەرنامەی بەنێوبانگی کەناڵی MBC عەرەب ئایدڵ دەکات، ئێستاش چاوەڕێی بانگهێشتی بەرنامەکەیە بۆ بەشداریکردن لە قۆناغێکی دیکە و دەڵێت "ئەگەر لەم قۆناغە دەرچووم، دەچمە قۆناغی پەخشی ڕاستەوخۆ. ئەو کاتەش بەشدارییەکە لە حەزەوە دەبێتە ئەرک".

بێژەن جەزا، ساڵی 1990 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی موزیکە لە کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی و لە بواری مەقامات و دەنگ دەخوێنێ. بێژەن جەزا دەبێتە سێیەم گەنجی کورد کە بەشداری لە بەرنامەی عەرەب ئایدڵدا دەکات، ئەو ئێستا تاکە کاندیدی هەرێمی کوردستانە لە بەرنامەکەدا.

بەرنامەی عەرەب ئایدڵ کە بەهرەداران لە بواری هونەردا پێدەگەیەنێت، یەکێکە لە بەرنامە بەنێوبانگەکانی کەناڵی MBCی لوبنانی و ساڵانە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبییەوە گەنجان بەشداریی تێدا دەکەن. پێشتریش هونەرمەندان پەرواز حوسێن و عەممار کوفی کە بەشدارییان لە بەرنامەکەدا کردووە، گەیشتوونەتە قۆناغەکانی پێش کۆتایی. لەم وەرزەی بەرنامەکەشدا بەهرەمەندێکی دیکەی کورد بەختی خۆی تاقی دەکاتەوە، ئەویش بێژەن جەزایە.

#### 50 ئاواز و هۆنراوەی هەیە

بێژەن جەزا تەمەنێکی کەمی پڕ لە بەرهەمی هەیە. ئەو دەڵێت سەرەتا بە بەرهەمی فۆلکلۆر دەستی پێکردووە

**لە نێو 1200 بەشدار بوو لە عێراق و کوردستان تەنیا من دەرچووم**

**50 هۆنراوە و ئاوازم هەیە و هەندێکیشم بە گۆرانیبێژانی دیکە داوە**

و زۆرتریش حەزی لە مەقامە. بێژەن دەڵێت "زیاتر شارەزاییم لە بواری مەقاماتدا هەیە. ساڵانە چەندین گەنج فێری مەقام دەکەم. تاوەکو ئێستا نزیکەی 50 هۆنراوە و ئاوازم هەیە کە هەندێکیانم بە گۆرانیبێژانی دیکە داوە". دوایین بەرهەمی بێژەن گۆرانییەک بوو بە نێوی سەفەر.

بێژەن دەڵێت "ڕاستە تەمەنم کەمە، بەڵام کات بەفیڕۆ نادەم، بۆیە توانیومە ئەو هەموو ئاوازە دابنێم". ئەو ژەنیاری عودە و بۆ دانانی ئاوازەکانی سوود لەو ئامێرە دەبینێ.

بێژەن هەندێک لە ئاوازەکانی داون بە هونەرمەندانی دیکە و لەوبارەیەوە دەڵێت "نزیکەی دوو ساڵە ئاواز و هۆنراوە دەدەمە هونەرمەندان، بە تایبەتی ئەوانەی توانایان کەمە، هەندێک لەوانە ئاواز و گۆرانییەکانیان تۆمار کردووە، بەڵام ڕەنگە نەیانتوانیبێ کلیپی بکەن".

بێژەن زۆرتر خووی داوەتە فۆلکۆر و بۆ ئاواز و هۆنراوەی گۆرانییەکانی سوودی لێوەردەگرێ، بەڵام دەڵێت مەرج نییە تاوەکو کۆتایی لەسەر ئەو ڕێچکەیە بڕوات "خۆم بە ستایلێکەوە نابەستمەوە و لەگەڵ ستایلی سەردەمدا دەڕۆم".

#### لە نێو 1200 کەس دەرچوو

بێژەن جەزا ئێستا دەیەوێ لە ڕێگەی بەرنامەیەکی هونەرییەوە بەهرەکانی خۆی دەربخات. ئەویش وەرزی نوێی بەرنامەی عەرەب ئایدڵە کە ئێستا لە کەناڵی mbc دەستی پێکردووە.

بێژەن جەزا باسی چۆنیەتی بەشداریکردنی لەو بەرنامەیە دەکات و دەڵێت "پێشتریش دەمویست لە وەرزەکانی بەرنامەکەدا بەشداری بکەم، بەڵام دەرفەت نەبوو. ڕۆژی 2015/6/14دا لە شاری هەولێر بە بەشداری نزیکەی 1200 کەس، لەگەڵ شەش گەنجی کورد و سێ گەنجی عەرەب لە تێستی دەنگ دەرچووین. مانگی دواتر لە لوبنان لە تاقیکردنەوەی ئەدای دەنگ، تەنیا من دەرچووم".

بێژەن لە تێستی ئەدای دەنگدا گۆانییەکی خۆی و مەقامێکی هونەرمەند تایەر تۆفیقی بەناوی وەیلێ زاڵم گوتووە. ئەو دەڵێت "ئامادەکاریی زۆرم کردبوو کە بتوانم لە 30 تا 40 چرکە سەرنجیان ڕابکێشم، پاشان گۆرانیی یەکەمم بە ستایلێکی نوێ گوت، گۆرانیی دووەمیش کە گۆرانییەکی تایەر تۆفیق بوو، ستایلی کۆنە، تێکەڵکردنی ئەو دوو ستایلەیان بەلاوە جوان بوو". بە گوتەی بێژەن ستافی بەرنامەی عەرەب ئایدڵ زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی کە وەکو وەرزەکانی ڕابردوو، لەو وەرزەشدا کوردێک لە بەرنامەکە بەشدارە.

سەبارەت بە قۆناغەکانی بەرنامەکەش گوتی "ئەمجارەش بەشداریی بەرنامەکە دەکەمەوە کە بەشێوەی تۆمارکراو گۆرانییەکان دەڵێین، ئەگەر لەو قۆناغە دەرچووم ئەوا دەچمە قۆناغی پەخشی ڕاستەوخۆ".

سەبارەت بەو گۆرانیانەی لە قۆناغەکانی داهاتووی بەرنامەکە بەنیازە بیانڵێ. بێژەن گوتی "لە قۆناغەکانی داهاتوودا هەڵبژاردنی گۆرانییەکان بەدەست من نییە، ئەوان هەڵیدەبژێرن، ڕەنگە گۆرانییەکم بۆ دابنێن کە لەگەڵ دەنگی منیشدا نەگونجێت، لەبەرئەوە دەبێت بە ئاسایی وەریبگرم ئەگەر سەرنەکەوم".

بێژەن جەزا بە ناوی کوردستانی عێراقەوە بەشداری لە بەرنامەکەدا کردووە و دەڵێت "ئەگەر بگەمە قۆناغی داهاتوو، ئەوکاتە بەشداریکردنم لە بەرنامەکە لە حەز و ئاواتەوە دەبێتە ئەرک و دەبێت باشتر خۆمی بۆ ئامادە بکەم، دەبێت ڕاوێژی زیاتر بە کەسانی شارەزا بکەم".

پێشتر پەرواز حوسێن و عەممار کوفی بەشدارییان لەو بەرنامەیەدا کردووە. بۆیە ئەزموونیان لە بارەی بەرنامەکە هەیە. هەرچەندە بێژەن تاوەکو ئێستا پەیوەندی بەو گۆرانیبێژانەوە نەکردووە، بەڵام دەڵێت "بەدڵنیاییەوە داوای ڕێنماییان لێدەکەم، ئەگەر بڕۆمە قۆناغی ڕاستەوخۆ، جگە لە ڕێنمایی مەعنەوی، پێویستم بە هاوکارییش دەبێت".

# (مارا - ساد) سەردەمی پاش شۆڕش دەگێڕێتەوە



**ڕووداو- سلێمانی**

هۆڵەکە جمەی دەهات لە بینەر، ڕووناکییەکان کوژێندرانەوە. لەگەڵ لادانی پەردەی شانۆییەکە، بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا و بینەران بۆ ماوەی دوو سەعات بەبێدەنگی بەدیار دیمەنەکانی ئەو شانۆییەوە دانیشتن.

(مارا — ساد) نوێترین بەرهەمی کۆڕی شانۆیی بایە. شانۆگەرییەکە لە نووسینی پیتەر ڤایس و وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن و دەرهێنانی هیوا فایەقە و لە ڕۆژی 2016/11/6 وە لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی نمایش دەکرێت. نزیکەی 25 ئەکتەری بەئەزموون و گەنج بەشدارییان لە شانۆگەرییەکەدا کردووە کە ماوەکەی دوو کاژێرە.

لە بنەڕەتدا ناوی ئەم دەقەی ڤایس بریتییە لە: (چەوساندنەوە و تیرۆری جان پۆلا مارا وەک ئەوەی تیپی نواندنی نەخۆشخانەی دەروونیی شارنتۆن بە سەرپەرشتیی بەڕێز دی ساد پێشکەشیان کرد). لەم شانۆییەدا چەند نەخۆشێکی نەخۆشخانەیەکی دەروونی، ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی فەرەنسی لەساڵی 1789دا بەشێوەی شانۆگەرییەک دەگێڕنەوە. شانۆییەدا، مێژووی توندوتیژییەکانی شۆڕشی فەرەنسا دەگێڕێتەوە و مشتومڕی دوو دیدگا لەبارەی ئازادی و شێوازی گۆڕینی کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو کە مارا و ساد نوێنەرایەتی دەکەن. شانۆییەکە دوو پرسیار دەوروژێنێت، ئایا کۆمەڵگە لەڕێگەی شۆڕشەوە دەگۆڕدرێ وەک (مارا)ی شۆڕشگێڕ باوەڕی پێیەتی، یان لەڕێی ناخی مرۆڤ خۆیەوە وەک (ساد) باوەڕی پێیە؟

کۆڕی شانۆیی با، 17 ساڵە دامەزراوە و تاوەکو ئێستا 15 شانۆگەریان پێشکەش کردووە.

محەممەد عەبدوڵڵا، تەمەن 25 ساڵ، وا دیار بوو کە زۆر بە قووڵی چوو بووە نێو چیرۆکی شانۆگەرییەکە، بۆیە زۆر بە هەستیارییەوە قسەی لەسەر دەکرد و دەیگوت "شانۆییەک بوو وا پێویستی دەکرد بە دڵەوە گوێی لێبگری، ئەوەی بە چاو دەتبینی، دەربڕی ژیانی خۆمان بوو".

ئەو گەنجە باسی تێگەیشتنی خۆی لە ئاماژەکانی شانۆگەرییەکە کرد "پێیگوتین هۆشیار ببنەوە و ڕاستییەکان بزانن، هەموو شتێک هەست و سۆز نییە، کاتێک جەنگ هات دەبێت چەک هەڵبگرین و کاتی ئاسایی خەریکی خۆشەویستی بین".

دانەر ئەسڵان کە نمایشی شانۆییەکەی بینیوە گوتی "شانۆگەرییەکە بۆ ئەمڕۆی ئێمە جوانترین نموونەیە، چونکە خەڵک لە بەرهەمی ئەم شۆڕشەی خۆشمان بێزار بووە".

دانەر کە بینەری شانۆییەکانی دیکەی ئەو گرووپەش بووە، باسی لە جیاوازیی کارەکەی ئەمجارەیان کرد کە بەشێکی پەیوەندی بە دەرهێنەرەکەوە هەیە و گوتی "بەرهەمەکە شێوازی هیوا فایەقی پێوە دیار بوو کە لە بینەرەوە نزیکە و زیندووە، چونکە هەندێک لە دەرهێنەرەکان دەیانەوێت تایبەتمەندێتی شانۆیی خۆیان بسەپێنن، بەڵام هیوا دەیەوێت بینەر و شانۆ هاوتا ببنەوە، نەک هەست بە غوربەت و نامۆیی بکەن".

هیوا فایەق، دەرهێنەری شانۆییەکە باسی هەڵبژاردنی ئەو دەقەی کرد و گوتی "یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو دەقە بۆ کارکردن ئەوە بوو کە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کوردستان دەگونجێ. هەروەها باسی شۆڕشێکیش دەکات کە کاریگەری بەسەر هەموو کۆمەڵگەیەکەوە هەیە".

هیوا گوتی "چیرۆکی مارا وەکو کارەکتەرێکی شۆڕش پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کوردستان هەیە، سادیش کارەکتەرێکی ونبووی کۆمەڵگەی ئێمەیە، جگە لەوە قسەکردن لە ئازادی و شۆڕش هەموو کاتێک زیندووە.

ڕووە سیاسییەکەی شانۆگەرییەگە زۆر لە دنیای ئێمە دەچێت، بەڵام بەشە فیکرییەکەی پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، چونکە لە مێژووی ئێمەدا کارەکتەرێکی وەکو ساد دەگمەنە".

هەر لەنێو بەرهەمەکەدا و بۆ یەکەمجار لە کارەکانی شانۆیی با، موزیکی ڕاستەوخۆ پێشکەش کرا، هیوا گوتی "موزیکی ڕاستەوخۆ وەکو کارەکتەر بوون، نەک بۆ دروستکردنی کەشی تایبەت".

#### بینەری کەم بوو

هۆڵەکە جێی 500 کەسی تێدا دەبێتەوە، بەڵام لە کاتی نمایشەکەدا نزیکەی نیوەی کورسییەکانی بەتاڵ بوون، کەچی لە بەرهەمەکانی ساڵانی ڕابردووی ئەو تیپەدا، هۆڵەکان پڕ دەبوون و هەندێک لە بینەران بە پێوە دەوەستان.

فاروق گوتی "پێموابێت بەهۆی کاتەکەوە خەڵک کەم لێرە بوو، چونکە دوو کاژێر زۆرە، لەم کاتەشدا خەڵک ناخی ئارام نییە ئەو ماوە زۆرە دانیشن".

بەڵام ئامادەبووان ڕایەکی دیکەیان هەیە. شێرزاد محەممەد کە یەکێک بوو لە ئامادەبووانی شانۆگەرییەکە گوتی "شانۆ نەیتوانیوە ئەوەی لە دڵ و مێشکیدایە بە بەرامبەری بگەیەنێت و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا زۆر لاوازە".

محەممەد عەبدوڵڵا، هۆکارەکەی بۆ نەگەیشتنی پەیامی شانۆییەکە بە بینەر گەڕاندەوە "هۆکارەکە کات نییە، بەپێچەوانەوە زووش تێپەڕی، بەڵام هێشتا پەیامەکە بە خەڵک نەگەیشتووە".

بەڵام هیوا فایەق گوتی "خۆمان بەمەبەست وامان کردووە ڕۆژانە 286 کەس ئامادە بن و لەناوەڕاستیشدا بن، چونکە ستایلی ئیشەکە وایە و بەهۆی جوگرافیای سەر تەختەی شانۆکەوە ئەگەر خەڵک لە تەنیشتەکانەوە بن، ناتوانن کۆی دیمەنی شانۆییەکە ببینن". گوتیشی "لە سێ ڕۆژی یەکەمی نمایشدا زیاتر لە 700 کەس هاتوون کە ئەوەش لەم کاتەدا زۆر باشە، ئەگەر تەنیا یەک کەس بهاتایە بەلامەوە گرنگ بوو، چونکە شانۆ لە یەک بینەرەوە دەست پێدەکات".








LEGACY
CONSTRUCTION

## هەینی چالاکییەکی ژنان دوادەخات

**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی ڕۆژی هەینییەوە، دەستپێکی چالاکییەکانی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دوو ڕۆژ دوادەخرێ. ئەمەل جەلال ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای خانمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی ڕۆژی 2016/11/25 دەکەوێتە ڕۆژی هەینییەوە، ئەمساڵ چالاکییەکانی 25ی نۆڤەمبەر ڕۆژی 2016/11/27 بە چاودێری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە شاری دهۆک دەستپێدەکات. ئەمەل گوتی "بڕیارە چالاکییەکانی ئەمساڵ زیاتر ستراتیژی بن، لەوانەش کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ دادوەر و داواکاری گشتی و کۆمەڵێک فەرمانبەری تایبەت بە جێندەر".

# لە ناپاکیی هاوژینەکەی خۆشبوو



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

پیاوێک بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێ کە ژنەکەی خیانەتی لێکردووە و ناپاکیی لەگەڵ کردووە، بەڵام بڕیار دەدات لێی خۆشبێت. دۆسیەی ئەو ژنە لەبەردەستی لیژنەی ئاشتەوایی پارێزگای هەولێر بووە کە لە 18 ئەندام لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی، ناوخۆ، تەندروستی، ئەوقاف، ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و سەندیکای پارێزەران پێکهاتووە.

ئەو لیژنەیە لە ڕۆژی 2013/12/20 وە دەستبەکار بووە و هەفتانە دوو ڕۆژ بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دادەنیشن.

ماددەی پێنج لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، ژمارە 8ی ساڵی 2011، دادوەری لێکۆڵینەوەکانی لە توندوتیژی خێزانی پابەند کردووە بەوەی پێش ئەوەی دۆسیەکان ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند بکرێن، دەبێت بۆ لیژنەی ئاشتەوایی بنێردرێن، بۆ ئەوەی نێوەندگیری بکەن لە نێوان خاوەن کێشەکاندا.

عیزەدین عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاشتەوایی لە پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان پێشنیازیان کردووە ئەو لیژنانە لەبری ئەوەی لە دادگاکاندا کار بکەن، لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژیی خێزانی بن بۆ ئەوەی دۆسیەکان بەر لەوەی بگەنە لای دادوەر، چارەسەر بکرێن.

عیززەددین لەوبارەوە گوتی "زۆرجار ئەو کەسانەی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، ڕەنگە برا و برا، یان برا و ئامۆزا بن، کاتێک کێشەکەیان دەگاتە دادگا لەگەڵ یەکدی ئاشت نابنەوە. یان زۆر جار پیاو هەبووە لەبەرئەوەی ژنەکەی شکاتی لێکردووە و دۆسیەکە چووەتە دادگا، ژنەکەی تەڵاقداوە".

### ئەندامێکی لیژنەی ئاشتەوایی هەولێر:
## لە 590 کێشەی کۆمەڵایەتی تەنیا 140 کێشەمان پێ چارەسەر کراوە

### ئامارەکان دڵخۆشکەر نین

بەپێی ئامارێکی ئەو لیژنەیە کە دراوەتە (ڕووداو)، لە سەرەتای ساڵی ڕابردووەوە تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو 590 دۆسیەیان بۆ ڕەوانەکراوە، بەڵام توانیویانە تەنیا 140 کێشە چارەسەر بکەن، 450 دۆسیەکەی دیکە ڕەوانەی بەردەم دادوەر کراون.

عیزەددین گوتی "ڕاستە ئەو 450 کێشەیە کە چارەسەر نەکراون ژمارەیەکی زۆرە، بەڵام هەندێک لەو دۆسیانە کێشەی زەوی و موڵکن، واتە برا لە دژی برا، یان برا و ئامۆزا، بۆیە ئامادە نین ئاشت ببنەوە. هەندێ پیاویش پێش ئەوەی بگەنە دادگا، لە دەرەوە ژنەکەی تەڵاقداوە و لەلایەن دادگای باری کەسییش بڕیارەکە پەسەندکراوە، بۆیە کە هاتە لای ئێمە سوودی نابێت".

### ناپاکی لێکرد و لێیشی خۆش بوو

عیزەددین هەرچەندە نیگەران بوو لەو دۆسیانەی لەلای ئەوان چارەسەر نەکراون، بەڵام بە چارەسەرکردنی دوو دۆسیە زۆر دڵخۆشە، یەکێکیان مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو بووە کە دۆسیەی پیاوێکی بازرگان بووە. ئەو پیاوە ژنێکی خۆشویستووە، هەرچەندە کەسوکارەکەی خۆی ڕازی نەبوون، بەڵام ئەو ژنەکەی هێناوە. دوو منداڵی لە ژنەکە هەیە، کەچی ژنەکە خیانەتی لێکردووە.

عیززەددین گوتی "ئەو پیاوە گومانی لە ژنەکەی هەبوو، بۆیە کامێرای نهێنی لە ژووری نووستن داناوە. دواتر بە بەڵگەوە بۆی دەرکەوتووە ژنەکەی ناپاکی کردووە. دۆسیەکەیان هاتە بەردەستی ئێمە. ژنەکە دانی بەوەدا نا کە خیانەتی لە هاوژینەکەی کردووە، بەڵام گوتی پەشیمانە".

لیژنەکە لەو باوەڕەدابوون، ئیدی پیاوەکە یەکسەر ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام بڕیاری پیاوەکە تووشی شۆکی کردوون. عیززەدین گوتی "پیاوەکە ژنەکەی زۆر خۆشدەویست، لەبەردەمی ئێمە بەڵێنی دا لێی خۆشبێ. کە گوێمان لەو قسەیە بوو، سەرسام بووین، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا پیاوێکی وەکو ئەوەمان نەدیوە، بەو جۆرە لێبوردە بێ".

یەکێکی دیکە لەو دۆسیانەی کە لێژنەی ئاشتەوایی خۆشحاڵ کردووە، ئاشتبوونەوەی ژن و پیاوێک بووە. عیززەدین گوتی "ئەو ژن و پیاوە خاوەنی سێ منداڵ بوون، دۆسیەکەیان لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوە ڕەوانەی لای ئێمە کرا، پیاوەکە لە دەرەوە ژنەکەی تەڵاق دابوو، ئێمەش ئاشتمان کردنەوە. ئەوان کە خاوەنی سێ منداڵ بوون، منداڵەکانیان بەو ئاشتبوونەوەیە زۆر دڵخۆش بوون".

### به 13 ساڵی بوو بە دایک

**عیززەددین عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاشتەوایی لە پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، زۆر لەو کێشانەی دێتە بەردەمیان، هی ئەو ژنانەن کە لە خوار تەمەنی 18 ساڵی بەشوودراون. ئاماژەی بە دۆسیەی ژنێک کرد و گوتی "دۆسیەی ژنێکی 13 ساڵی خەڵکی دەرەوەی هەولێر هاتە بەردەستمان، بەڵام بە تەڵاق کۆتایی هات. ئەو ژنە بەو تەمەنە کەمەوە منداڵێکیشی هەبوو".**

### 60 هەزار دۆلاری داوەتە باوکی کچەکە
# پیاوێکی 60 ساڵی کچێکی 12 ساڵان دەخوازێت

### کۆمەڵناسێک:
### باوک هەبووە کچەکەی لە جیاتی قەرز داوە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

لە کەرکووک، پیاوێکی تەمەن 60 ساڵان کچێکی 12 ساڵان دەخوازێ و لە بەرامبەردا پارەیەکی زۆر دەداتە باوکی کچەکە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕێکخراوێکی ژنان بە هاوکاریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی بە هەڵمەتێک بۆ نەهێشتنی بە شوودانی کچانی خوار تەمەن 18 ساڵی لە کەرکووک کردووە.

ئۆفیسی کەرکووکی کۆمەڵەی ئەمەلی عێراقی، بە هاوکاریی ڕێکخراوی یونیسێف و چەند فەرمانگەیەکی شاری کەرکووک، دەستیان بە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە کردووە سەبارەت بە لایەنە خراپەکانی بەشوودانی پێشوەخت و هەڵمەتەکەش دوو مانگ دەخایەنێت.

سروود محەممەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەرکووکی کۆمەڵەی ئەمەل بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، 25 گەنج کار لە پرۆژەکەدا دەکەن و بەشێکی کارەکەشیان ئەوەیە کە بە شار و گوند و کەمپی ئاوارەکاندا دەگەڕێن و باسی لایەنە خراپەکانی بەشوودانی کچانی خوار تەمەنی 18 ساڵی و بەشوودانی پێشوەخت دەکەن.

سروود گوتی "لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا بە سەدان چیرۆکی هاوسەرگیریی پێشوەختەمان بیستووە کە هەندێکیان کوشتن و جیابوونەوە و ناپاکی و خیانەتی بەدوادا هاتووە".

بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی عێراق، دەبێت کچ لە تەمەنی 18 ساڵیدا بەشوو بدرێ، بەڵام کچ لە تەمەنی 15 ساڵیشدا، دەتوانێ بە ڕەزامەندیی خۆی و وەلی ئەمرەکەی، شوو بکات.

هەرچەندە ئەو ڕێکخراوە هێشتا لە سەرەتای هەڵمەتەکەیاندان، بەڵام چیرۆکی زۆر کاریگەریان لەسەر هاوسەرگیریی پێشوەختە بیستووە کە شۆکی کردوون. سروود گوتی "لە شوێنێک بووین باسی خراپیی ئەو هاوسەرگیرییەمان دەکرد، پیاوێک گوتی ئەمساڵ هاوڕێیەکی خۆی کە تەمەنی 60 ساڵە، کچێکی 12 ساڵانی هێناوە و لە بەرامبەردا 60 هەزار دۆلاری بە باوکی کچەکە داوە".

سروود باسی بەشوودانی کچێکی هەرزەکاری کرد و گوتی "ژنێکی ئاوارە کە تەمەنی 30 ساڵە و دایکی پێنج منداڵە، بەهۆی گوشاری مێردەکەیەوە ناچار بووە، خۆی خوازبێنی کچێکی هەرزەکار بۆ مێردەکەی بکات. ئەو کچەش زۆر بچووک بووە و تەنانەت دەڵێت ئەوەندە منداڵە ئەگەر هاوژینەکەم لە ماڵ نەبێت لە ترسان لە باوەشی من دەخەوێ".

ئەو چالاکڤانە، باسی ژنێکی دیکەی ئاوارەی کرد کە خەڵکی شارۆچکەی تەلەعفەری سەر بە شاری مووسڵن و گوتی "ئەو ژنە ئێستا تەمەنی 18 ساڵە، بەڵام تائێستا سێ جار بەشوو دراوە، لە مێردی سێیەمیشی جیابووەتەوە، هەموو جارێکیش بە زۆر بەشوو دراوەتەوە".

### هۆکارەکان چین؟

سروود، بە پلەی یەکەم دایکان و باوکان بە بەرپرس دەزانێت لە بەشوودانی کچان، پاشان کاریگەریی دراما دۆبلاژەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. سروود گوتی "دەبێت دایکان و باوکان کات بۆ کچەکانیان تەرخان بکەن و گوێیان لێبگرن و هاوڕێکانیان بناسن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان بەو شێوەیە نین، کچەکانیش بەهۆی بوونی بۆشایی لە ژیانیان، فەیسبووک بەکاردێنن، یان دەکەونە ژێر کاریگەریی دراما دۆبلاژکراوەکان. تەنانەت ئەگەر ئەو کچانە خۆیشیان حەزیان لە شووکردن بێت، نابێت لەو تەمەنە کەمە بەشوو بدرێن".

شکۆفە محەممەد، توێژەری کۆمەڵایەتی چەند هۆکارێکی بۆ زوو شووکردن یان زوو بەشوودانی کچان باسکرد و گوتی "قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری هەبووە، هەندێک خێزان منداڵیان زۆرە، ناچارن کچەکانیان زوو بەشوو بدەن. باوک هەبووە بەهۆی قەرزدارییەوە کچەکەی بە خاوەن قەرز داوە کە ئەویش جۆرێکە لە فرۆشتنی کچان".

شکۆفە بە ئاماژەدان بەزۆریی ئەو هاوسەرگیرییانە لەنێو کەمپەکاندا، گوتی "ئاوارەکان بە گشتی کچیان زوو بەشوو دەدەن. یان بیانوویان ئەوەیە باری داراییان خراپە و ناتوانن بەخێویان بکەن، بەڵام ئەو جۆرە بەشوودانە زۆرجار کارەساتی لێدەکەوێتەوە کە دەگاتە ئاستی خۆکوشتنی کچەکە".

### چاولێکەرییە

**کۆمەڵەی ئەمەلی عێراقی لە کاتی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی کچان لە هاوسەرگیریی پێشوەخت، سەردانی دواناوەندییەکی شاری کەرکووکیان کردووە، بەڵام لەوێ تووشی شۆک بوون. سروود محەممەد، بەرپرسی کۆمەڵەکە گوتی "لەو دواناوەندییە کە هەموویان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵی بوو، زۆربەیان شوویان کردبوو، هەندێکیان دەیانگوت بە زۆر بەشوودراون".**

**هەروەها گوتی "هاوڕێیەکم کچەکەی لە پۆلی دووی ناوەندییە و بەنیازە بە شووی بدات، چونکە لەو پۆلەدا تەنیا کچەکەی ئەو شووی نەکردووە".**



# لەجیاتیی سەفەر، خۆی خنکاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – ڕاپەڕین**

هەموو ئامادەکارییەکیان کردبوو، دەبووایە ئێستا بەهار لە دەرەوەی کوردستان بێت بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی، بەڵام ئەو ئێستا لەژێر خاکدایە. بەهار لە جیاتی سەفەر، مەرگی هەڵبژارد و بە پەتێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی 2016/11/11 کچێکی تەمەن 22 ساڵ بە ناوی بەهار ئەحمەد، لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا لە گەڕەکی بناری قەزای ڕانیە بە پەتێک خۆی خنکاند. کەسوکارەکەی هیچ هۆکارێک شک نابەن کە پاڵنەری ئەو کارەی بووبێ، جگە لە نەخۆشییەکەی.

عەلی ئەحمەد، برای بەهار، دوای بەخاک سپاردنی خوشکەکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی خوشکەکەی نزیکەی شەش ساڵ بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو. کەم قسەی دەکرد. بەردەوام حەزی لە تەنیایی بوو. هەتا قسەت لەگەڵ نەکردبا، قسەی لەگەڵ نەدەکردی.

عەلی دەڵێت بەهۆی ئەوەی خوشکەکەیان نەخۆش بووە، زیاتر لە منداڵەکانی دیکەیان نازی هەڵگیراوە، هەرچییەکی ویستبێ بۆی جێبەجێ کراوە. بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەشی بردراوەتە لای پزیشک، بەردەوامیش چارەسەری بەکارهێناوە.

عەلی بە سەرسوڕمانەوە باس لە خۆخنکاندنی خوشکەکەی دەکات و دەڵێت "کاتێک زانیمان نەخۆشییەکەی لێرە چارەسەر ناکرێ و ئەو دەرمانانەی سوودیان نییە، بڕیارمان دا بیبەینە دەرەوەی وڵات. هەموو ئامادەکارییەکیشمان کردبوو، بڕیار بوو لەو یەک دوو ڕۆژەدا لەگەڵ دایکی بینێرینە دەرەوە، بەڵام خۆی خنکاند".

برای بەهار باسی ساتەوەختی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت "ئەو ڕۆژە دوای خواردنی نانی بەیانی خەریکی خۆئامادەکردن بووین بۆ سەفەرەکەیان، بەهار بە بیانووی خۆشووشتن چوو بۆ حەمام. کەمێک دواکەوت و دایکم چوو سەرێکی لێ بدات نەوەک شتێکی لێهاتبێ، چونکە نەخۆش بوو، بەردەوام چاودێریمان دەکرد، کەچی بینیبووی لە حەمام بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە".

عەلی، خۆخنکاندنی خوشکەکەی بە ڕووداوێکی ئاسایی دەزانێت کە دەستی کەسی تێدا نییە و کەس هۆکاری ڕووداوەکە نەبووە، بۆیە سکاڵایان لەدژی کەس نییە و گوتی "تاکە هۆکاری خۆخنکاندنی بەهار تەنیا نەخۆشییەکەی بووە".

ملازم ڕێبوار ئەسعەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت، تەرمی ئەو کچە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2016/11/11 گەیەنرایە نەخۆشخانەی ڕانیە، دوای ڕێکار و پشکنینە پزیشکییەکان، تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە. بەپێی پشکنینەکانیش شوێنەواری پەت بەسەر ملی کچەکەوە دیار بووە، بەڵام نازانرێ بۆچی خۆی خنکاندووە.

ملازم ڕێبوار گوتیشی "ئیفادەی دایکی کچەکە وەرگیراوە. دایکی دەڵێت کچەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبوو. بە نیازبوون بیبەنە دەرەوە بۆ چارەسەر، بەڵام بەر لەوەی سەفەر بکەن، کچەکە خۆی خنکاندووە. ئەوان دەڵێن هیچ کێشەیەکی خێزانییان نەبووە، نازانن بۆچی کچەکەیان خۆی خنکاندووە".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 432 ) – دووشەممە 2016/11/14

## بە 11 کەس هاووڵاتییەک دەکوژن

**ڕووداو– هەولێر**

لیوا عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا دەستگیرکردنی کۆمەڵێک تۆمەتبار بە تۆمەتی کوشتن و دزیکردن ڕاگەیاند. یەکێک لەو تاوانەش کوشتنی هاووڵاتییەک بوو لە گەڕەکی فەرمانبەرانی شاری هەولێر، کە لەلایەن 11 کەسەوە بە چەقۆوە کوژراوە. جگە لەو 11 کەسە، لیوا عەبدولخالق تەلعەت دەستگیرکردنی 22 کەسی دیکەشی ڕاگەیاند کە شەش لەوانە بە تۆمەتی کوشتن بووە و یەکێکیان ژنە و بە تۆمەتی کوشتنی مێردەکەی دەستگیرکراوە. 16 کەسەکەی دیکەش بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیرکراون.



# لە چلەی هاوژینەکەیدا خۆی کوشت

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– وەرتێ**



عەلی، تەلەفۆن بۆ ئامۆزایەکی دەکات و داوای لێ دەکات گەردنی ئازاد بکەن و چاویان لە منداڵەکانی بێت، چونکە بڕیاری داوە خۆی بکوژێ. ئامۆزاکەی عەلی هەر لە تەلەفۆنەکەوە گوێی لە دەنگی تەقینی ئەو گوللانەش بووە کە عەلی خۆی پێ کوشت.

عەلی عوسمان ئەحمەد، باوکی چوار منداڵ و دانیشتووی ناحیەی وەرتێی سەر بە قەزای سۆران، ڕۆژی 2016/11/9 لە نێو ماڵەکەی خۆیدا بە پێنج گوللە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کەسوکارەکەی دەڵێن عەلی بەرگەی مەرگی هاوژینەکەی نەگرتووە، بۆیە خۆی کوشتووە. هاوژینی عەلی مانگی نۆی ئەمساڵ لەنێو ماڵی خۆیاندا سووتا و گیانی دەرچوو.

کەمال حەمەدەمین ئەحمەد، ئامۆزای عەلی دەڵێت عەلی پێشمەرگە بووە، کەسێکی زۆر دەست و دڵ کراوە بووە، بەڵام بە مردنی هاوژینەکەی سەرتاپای ژیانی گۆڕاوە، چونکە هاوژینەکەی زۆر خۆشدەویست.

کەمال گوتی "عەلی بەرلەوەی خۆی بکوژێ، تەلەفۆنی بۆ ئامۆزایەکی کردووە و پێیگوتووە گەردنی ئازاد بکەن، چونکە چیدی ئەو نابیننەوە، هەروەها داوای کردبوو کە ئاگامان لە منداڵەکانی بێت. ئامۆزاکەمان فریای ئەوە نەکەوتبوو ئێمە یان براکانی عەلی ئاگادار بکاتەوە، چونکە عەلی هەر دوای قسەکانی یەکسەر خۆی کوشتبوو، کاتێک چووینە سەر تەرمەکەی بینیمان پێنج گوللەی لە دەموچاوی خۆی دابوو".

کەمال پێیوایە تاکە هۆکاری خۆکوشتنی عەلی تەنیا مردنی هاوژینەکەی بووە "نزیکەی مانگ و نیوێک لەمەوبەر هاوژینەکەی لە ماڵەوە سووتا و مرد. دیارە عەلی بەرگەی مەرگی ژنەکەی نەگرتووە، بۆیە ئەویش خۆی کوشت".

ئێستا چوار منداڵەکەی عەلی لەلای باپیریانن، کەمال دەڵێت "وەسیەتەکەی عەلی بەجێدەگەیێنین و چاومان لە منداڵەکانی دەبێت، ناهێڵین لە هیچ شتێکیان کەم بێ".

ناسیاوێکی عەلی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زانیاریی دیکەی لەبارەی خۆکوشتنی عەلی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ئەو ڕۆژەی عەلی خۆی کوشت، 40 ڕۆژ بەسەر سووتانی ژنەکەیدا تێپەڕیبوو. ئەو ڕۆژە عەلی خۆی شووشتووە و ریشی تاشیوە، چووەتە سەر گۆڕی ژنەکەی، دواتر کە گەڕاوەتەوە ماڵەوە، چووەتە ئەو شوێنەی کە ژنەکەی تێیدا سووتا، هەر لەوێ خۆی کوشتبوو".

ئەو ناسیاوەی عەلی دەڵێت پێش ئەوەی هاوژینەکەی بمرێ هیچ کێشەی نەبووە، بەڵام دوای مردنی هاوژینەکەی بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا کە باری دەروونیی زۆر جێگیر نییە، زۆر بە کەمی تێکەڵی خەڵک دەبوو. پێدەچێ هەر بەهۆی مردنی ژنەکەیەوە خۆی کوشتبێ.

هاوار ئەرگوشی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سۆران لەبارەی خۆکوشتنی عەلییەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، ئەو پیاوە بەهۆی لەدەستدانی هاوژینەکەی، تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە و خۆی کوشتووە".

### ڕووداوێکی هاوشێوە لە کەرکووک

لە ڕووداوێکی هاوشێوەدا، مانگی ڕابردوو ژنێکی دانیشتووی شاری کەرکووک بەناوی نیان تاهیر، تەمەن 25 ساڵ، خۆی کوشت. هاوژینی ئەو ژنە (هاکار فەتاح، 26 ساڵ) کە کارمەندی ئاسایشی پارتی بوو لە کەرکووک، لە کاتی هێرشەکەی داعشدا لە بەرەبەیانی ڕۆژی 21/10/2016 بۆ سەر کەرکووک، شەهید بوو. بە گوتەی کەسوکارەکەی، ئەو ژنە بەرگەی شەهیدبوونی مێردەکەی نەگرتووە و 24 کاژێر دوای شەهیدبوونی مێردەکەی، خۆی کوشت.

# خاوەنی کافتریایەک بە مقەست دەکوژرێ

**ڕووداو– هەولێر**

خاوەنی کافتریایەک و براکەی لەگەڵ کەسێک بەشەڕدێن و دوو براکە باوکی گەنجەکە بە چەقۆ بریندار دەکەن، گەنجەکەش بە مقەست خاوەنی کافتریاکە دەکوژێ و براکەشی بریندار دەکات. ئێستا باوک و کوڕەکە بە تۆمەتی کوشتنی خاوەنی کافتریاکە دەستگیرکراون.

ئەم ڕووداوە نیوەڕۆی ڕۆژی 2016/11/8 لە نزیک بازاڕی لەنگەی شاری هەولێر ڕوویدا. بەڵێن ئەحمەد، تەمەن 40 ساڵ کە خاوەنی کافتریاکە بوو، کوژرا و برایەکیشی کە تەمەنی 42 ساڵە، بریندار بوو. تۆمەتبارەکانیش کە باوک و کوڕێکن بەناوەکانی (ل.ع) و (د.ل.ع) لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گەنجەی تۆمەتبارە بە کوشتنی بەڵێن، لەگەڵ باوکیدا لە بەردەم کافتریاکەی بەڵێن لەسەر ئامێری کۆپیکردن کاریان دەکرد، کوڕەکەی لەگەڵ خاوەنی کافتریاکە لەسەر چایی خواردنەوە بووەتە دەمەقاڵەی".

ڕائید هۆگر گوتی "سەرەتا دوو براکە کە یەکێکیان خاوەنی کافتریاکەیە لە (د.ل)یان داوە، باوکیشی کە بینیویەتی لە کوڕەکەی دەدەن، بە هانایەوە چووە. بەڵام دوو براکە هێرشیان کردووەتە سەر باوکی ئەو گەنجە و چەند چەقۆیەکیان لە قۆڵ و قاچ و سەری داوە. گەنجەکەش مقەستی هێناوە و چەند مقەستێکی لە ملی بەڵێن داوە و کوشتوویەتی، براکەشی بریندار کردووە".

بە گوتەی ڕائید هۆگر، دوای ڕووداوەکە باوک و کوڕەکە بە تۆمەتی کوشتنی بەڵێن و بریندارکردنی براکەی بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون.

کەسوکاری بەڵێن دەڵێن ئەوان بە هیچ شێوەیەک لە خوێنی کوڕەکەیان خۆش نابن، بەڵام بیر لە تۆڵەکردنەوە ناکەنەوە و کارەکەیان بە پۆلیس سپاردووە. بڵند، برای کوژراوەکە گوتی "لێیان خۆش نابین و دەبێت حکومەت ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵدا بکات".



# مێرمنداڵێک خۆی دەخنکێنێ

### محەممەد بەر لە خۆخنکاندنی: دوای مردنم پێویستم بە خۆشەویستیی کەس نییە

### دراوسێیەکی محەممەد: لەلای هاوڕێکانی گوتبووی دەچمە لای باوکم

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– شەقڵاوە**



مێرمنداڵێک لە ماڵی خۆیاندا بە خۆهەڵواسین بە پەت کۆتایی بە ژیانی هێنا، هەرچەندە کەسوکاری نازانن کێشەی هەبووە یان نا، بەڵام ئەو مێرمنداڵە پێشتر لای هاوڕێکانی گوتوویەتی کە لە ژیان بێزارە.

محەممەد خەلیل، 16 ساڵ، دانیشتووی قەزای شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر و خوێندکاری قۆناغی دووی ناوەندی بوو. ماوەی ساڵێک بوو دوکانی مریشکفرۆشتنی دانابوو، ڕۆژی 2016/11/7 لە ماڵی خۆیاندا بە پەت خۆی خنکاند.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو گەنجە بە پەت خۆی خنکاندووە. بۆ زانینی هۆکاری خۆخنکاندنەکەش تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی داد کراوە و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە.

هاوسێیەکی ماڵی محەممەد کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا نازانرێت هۆکاری خۆخنکاندنەکەی چییە، بەڵام محەممەد باوکی لە ژیاندا نەماوە و وەکو باس دەکرێت هەفتەیەک پێش ڕووداوەکە، لای هاوڕێیەکی گوتوویەتی کە لە ژیان بێزارە و دەیەوێت بڕوات بۆ لای باوکی. دوای ڕووداوەکەش ئەو قسەیەیان بە ماڵی باوکی گوتووە". گوتیشی "محەممەد ماوەیەک لەمەوبەر ویستی بچێتە دەرەوە، بەڵام لە تورکیا زیاتر نەڕۆیشت و گەڕایەوە".

شوان خەلیل، برای محەممەد کە ماڵیان لە نزیک ماڵی باوکیێتی، لە سێیەم ڕۆژی پرسەی براکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ئەو برایەم لەگەڵ دایکم دەژیان، بەڵام ئەو بەیانییە دایکم لە ماڵەوە نەبووە، کاژێر 8.5 خولەک محەممەد پەیوەندی پێوەکردم و گوتی نان دێنم و لە ماڵی ئێوە نان دەخۆم، چاوەڕێم کرد هەر نەهات، دوایی پەیوەندیم پێوەکرد وەڵامی نەبوو، کاژێر نۆی بەیانی ڕۆیشتم بینیم خۆی خنکاندووە".

شوان ڕەتیکردەوە کە براکەی یان خێزانەکەی هیچ کێشەیەکیان هەبووبێ، بەڵام نەیشاردەوە کە براکەی گوتوویەتی لە ژیان بێزارە.

سەبارەت بە کۆچکردنی براکەشی بۆ ئەورووپا، شوان گوتی "براکەم لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا بڕیاری دا بچێتە دەرەوە، هەتا گوندەکانی باکووری کوردستان چوو، ئیدی لەسەر داوای خۆی بەدوایدا چووم و هێنامەوە".

محەممەد لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئەکاونتێکی بە ناوی محەممەد شەقڵاوە هەبوو، پێش خۆخنکاندنەکەی، چەند پۆستێکی کردووە. لە یەکێکیاندا نووسیویەتی "ئەی خودا! ئێرە کوێیە؟ لە زەمەنێکدا دەژیم خەڵکی لە بری شەیتان نەفرەت لە مرۆڤ دەکات! لە مەملەکەتێک دەژیم، هەموو خەریکی ڕووخاندنی ناخی یەکترن! چ مرۆڤگەلێکی خۆپەرستین کە تەنیا خۆشیی خۆمان لا مەبەستە".

لە پۆستێکی دیکەشدا نووسیویەتی "لە دوای مردن پێویستم بە خۆشەویستیی کەس نییە"، هەروەها لە پۆستێکی دیکەدا دەڵێت "لەبەر تۆ خۆم کرد بە کەسێکی دیکە، ئێستا نە تۆم هەیە نە خۆم!".

شوان پشتڕاستی کردەوە کە ئەو فەیسبووکە هی براکەی بووە، سەبارەت بەو پۆستانەش گوتی "بەهۆی پرسەکەوە نەچوومەتە سەر پرۆفایلەکەی و ئەو نووسینانەم نەبینیوە".

دراوسێیەکەی ماڵی محەممەد ڕەتیکردەوە ئەو پۆستانە پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەبووبێ و گوتی "خۆخنکاندنی محەممەد پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە نەبووە، لەبەرئەوەی تەمەنی ئەو هی دڵداری نەبوو".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## پەروەردەیەکی هەڵە

باوکێک سکاڵای لەسەر کچەکەی تۆمار کرد، گوایە کچەکەی بەبێ مۆڵەتی ئەو لە ماڵ دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە، بەڵام نەیگوت ڕەفتارەکانی ئەو وای کردووە کچەکەی لە ماڵ ڕابکات.

سکاڵای پیاوەکە ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی کرا، دادوەر بڕیاری دا پۆلیس هەوڵ بدات کچەکە بدۆزێتەوە و وێنەکەی بنێرن بۆ بنکە و بازگەکانی ئاسایش و پۆلیس. دوای سێ ڕۆژ دەرکەوت کچەکە لە ماڵی کوڕێکە کە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵی هەیە. کچەکە هێنرایە بەردەم پۆلیس بۆ ئەوەی ئیفادەی لێ وەربگیرێ، ئەو کچە لە ئیفادەکەیدا گوتی ئەو کوڕەم خۆشدەوێ، پەیوەندیی تەلەفۆنیمان هەبوو. باوکم دوو ساڵە منی لە قوتابخانە دەرهێناوە، پێش من خوشکێکی دیکەشمی لە قوتابخانە دەرهێنا. ناهێڵێ لە ماڵەوە دەربچین. ئەو کوڕەم چەند جارێک لە دەوروبەری ماڵی خۆمان بینی. بە مۆبایلی خوشکەکەم بە دزییەوە قسەم لەگەڵ دەکرد، بەڵام قەت لەگەڵی نەچوومەتە دەرەوە. یەکترمان خۆشدەوێت، ئەو ئامادەیە بمخوازێت.

ئەو کچە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەو جۆرە درێژەی بە پەیوەندییەکەی داوە. چاوەڕێی کردووە ئەو کوڕە بڕێک پارە کۆبکاتەوە و خوازبێنیی بکات، بەڵام لە ناکاو ڕۆژێک کەسێکی دیکە دێتە خوازبێنی. کچەکە گوتی ئەو کەسە 15 ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە، باوکی هەڕەشەی لێکردووە کە دەبێت شووی پێ بکات، ئەگەرنا دەیکوژێ، بۆیە کچەکە هیچ چارەی نەماوە، جگە لە هەڵاتن بۆ ماڵی خۆشەویستەکەی.

کاتێک دایک و باوکی کچەکە بانگکران، گوتیان سکاڵایان لەسەر کوڕەکە و کچەکە هەیە. داواشیان کرد پشکنینی پەردەی کچێنی بۆ کچەکەیان بکرێ، پشکنین بۆ کچەکە کرا و دەرکەوت کچێنیی لەدەست نەداوە. هەر لەسەر داوای ئەوانیش کوڕەکە بە تۆمەتی ڕفاندنی کچەکەیان دەستگیرکرا. کوڕەکە ئامادەیی دەربڕی کە کچەکە بخوازێت، بەڵام سەرەتا ماڵی کچەکە ڕازی نەبوون. بۆ ماوەیەکی زۆر کچەکە لە ماڵی داڵدەدان و کوڕەکەش لە گرتووخانە مانەوە. دوای ئەوەی ئەو کەسەی پێشتر داوای کچەکەی دەکرد، وازی هێنا و پاش هەوڵێکی زۆر لەگەڵ کەسوکاری کچەکە لەلایەن کەسوکاری کوڕەکەوە، گەیشتنە ڕێکەوتن کەوا کچەکە لە کوڕەکە مارە بکرێت. بەدایک و باوکەکەش ڕاگەیێندرا کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پەروەردەی منداڵ بە دەرهێنان لە قوتابخانە و زیندانیکردنی لە ماڵەوە ناکرێ. داواشیان لێکرا کە کچەکەی دیکەشیان بنێرنەوە بۆ قوتابخانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای باری کەسی ژمارە 188ی ساڵی 1959ی هەموارکراو، لە مادەی یەکدا باسی هاوسەرگیری کردووە و دەڵێت "هاوسەرگیری گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاودا کە بەهۆیەوە هەریەک بۆ ئەوەکەی دی بەپێی شەرع حەڵاڵ دەبێ، مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و بەزەیی و بەرپرسیارێتیی هاوبەش".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## 350 فڕۆکەوان دوورخراونەتەوە

# هێزی ئاسمانیی تورکیا تووشی قەیرانی فڕۆکەوان بووە




رووداو- هەولێر

لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵەوە حکومەتی تورکیا داوای لە سەدان کۆنە فڕۆکەوانی خۆی کردووە بگەڕێنەوە نێو هێزی ئاسمانی، بۆ ئەوەی شوێنی ئەو 350 فڕۆکەوانە بگرنەوە کە لە دوای کۆدێتا شکستخواردووەکەی 15ی تەممووز، بە تۆمەتی تێوەگلان لە کودێتاکە دەستگیرکراون یان دوورخراونەتەوە، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی ناوی خۆیان تۆمار کردووە، لە خوار چاوەڕوانییەکانە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ئاژانسی رۆیتەرز، ژمارەی ئەو کەسانەی بە دەم داواکەی هێزی ئاسمانیی تورکیاوە چوون زۆر کەمە و فەرماندەکانی سوپای تورکیاش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ناکۆکییەکانی نێو سوپا و هێزی ئاسمانیی تورکیا هەتا ئێستا هێور نەبووەتەوە، ژمارەیەک لە کۆنە فڕۆکەوانەکانی تورکیاش بەپێی دەستووری تورکیا مافی ئەوەیان نییە بگەڕێنەوە نێو هێزی ئاسمانی.

هێزی ئاسمانیی تورکیا رۆڵێکی بەرچاوی لە کودێتاکە شکستخواردووەکەدا هەبوو، لە کاتێکدا فڕۆکە و هەلیکۆپتەرە جەنگییەکان باڵەخانەی پەرلەمانیان بۆردومان کرد و دواتریش هەڕەشەیان لە فڕۆکەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا کرد کە بەنیاز بوو بگەڕێتەوە ئیستەنبوڵ.

کێشەی ژمارەی فڕۆکەوانەکانی هێزی ئاسمانیی تورکیا کە دووەم گەورەترین هێزی ناتۆیە، لە کاتێکی هەستیاردا روویداوە، لەبەر ئەوەی ئەنقەرە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا لە رێگەی هێزی ئاسمانیی خۆیەوە پشتگیری لە هێرشەکانی سوپای ئازادی سووریا و گرووپە تورکمانەکانی سووریا لە دژی چەکدارانی داعش و شەڕڤانانی یەپەگە کردووە. لەلایەکی دیکەوە، بە هێرشی ئاسمانی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ دەکات. بۆیە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە فڕۆکەوانی لێهاتووە.

ژمارەیەک لە کۆنە فڕۆکەوانەکانی تورکیا هەست دەکەن فەرماندەکانی هێزی ئاسمانیی وڵاتەکەیان خیانەتیان لێکردوون، چونکە کاتی خۆی کە جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن خەریک بوون دەست بەسەر هێزی ئاسمانیی تورکیادا بگرن، فەرماندەکانی هێزی ئاسمانی هیچیان نەکردووە بۆ ئەوەی پۆست و پلەی فڕۆکەوانەکان بپارێزن.

محەممەد یەکێکە لەو فڕۆکەوانانەی هەست دەکات خیانەتی لێکراوە، بۆیە ئامادە نییە بگەڕێتەوە نێو هێزی ئاسمانیی وڵاتەکەی. محەممەد کە قسەی بۆ ئاژانسی رۆیتەرز کردووە، دەڵێ "ئەوە شانازییەکە کە من فڕۆکەوانی F16 بم، بەڵام زوڵمم لێکرا و لەو شانازییە بێبەش کرام. هەست دەکەم خیانەتم لێکراوە. ئێستاش هیچ هۆکارێک نابینم بۆ گەڕانەوەم".

چیرۆکی ئەو کۆنە فڕۆکەوانە دەریدەخات کە چۆن جەماعەتی بزووتنەوەی گولەن لە ماوەی 15 ساڵی رابردوودا کاریان کردووە بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان لەنێو سوپا و دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکانی تورکیادا بکەنەوە.

محەممەد دەرچووی کۆرسێکی باڵای فڕۆکەوانییە، بڕوانامەی ماستەریشی لە قوتابخانەی سەربازیی نێودەوڵەتی وەرگرتووە. بەڵام لە ساڵی 2008 هەڵپەسێردرا، کاتێک پزیشکەکانی سوپا لە راپۆرتێکدا گوتبوویان کە محەممەد نەخۆشیی دڵی هەیە. پاش ئەمە محەممەد هێزی ئاسمانیی تورکیای جێهێشت و بوو بە فڕۆکەوانی فڕۆکە بازرگانییەکان، ئەمەش دوای ئەوەی پزیشکەکانی دیکە رەزامەندییان لەسەر باری جەستەیی محەممەد دەربڕیبوو. هەموو ئەو پزیشکە سەربازییانەی کاتی خۆی راپۆرتیان لە دژی محەممەد نووسیبوو، ئێستا لە زیندانن و تۆمەتی بەشداری لە کودێتا شکستخواردووەکەی تورکیایان لەسەرە.

رەخنەگرەکانی ئەردۆغان، بە تایبەتیش سێکولارەکان، پێیانوایە حکومەتەکەی ئاکپارتی خۆی رێگەی بۆ گولەن و لایەنگرەکانی خۆش کرد دزە بکەنە نێو دامەزراوە حکومی و سەربازییەکانی تورکیاوە، تەنیا بۆ ئەوەی سیمای سێکولاری سوپا بسڕنەوە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەکوو پاسەوانی سێکولاریزم لە تورکیا ناسراوە. هێزی ئاسمانیش یەکێک لەو بەشانەی هێزی بەرگریی تورکیا کە گولەنیستەکان تەرکیزێکی زۆریان خستبووە سەر. ئێستاش حکومەتەکەی ئەردۆغان لایەنگر و ئەندامانی بزووتنەوەی گولەن بە بەرپرسیار دەزانن لە کودێتاکەی مانگی تەممووز.

هەرچەند بەرپرسانی هێزی ئاسمانیی تورکیا دەڵێن کودێتاکە و رووداوەکانی پاش کودێتاکە لە تواناکانی هێزی ئاسمانیی تورکیای کەم نەکردووەتەوە، بەڵام رێکارە نوێیەکانی سوپای تورکیا دەریدەخات هێزی ئاسمانیی ئەو وڵاتە، لە پاڵ سوپا و پۆلیس، تووشی کەموکورتی ژمارەی هێزی مرۆیی بوونەتەوە.

ژمارەیەک بەرپرسی حکومەتی تورکیا بە ئاژانسە بەریتانییەکەیان راگەیاندووە کە ئەنقەرە بە نیازە گرێبەستی کاتی لەگەڵ ژمارەیەک لە فڕۆکەوانەکانی فڕۆکە بازرگانییەکان مۆر بکات، بەم شێوەیەش کەسەکان دەتوانن گرێبەستە بازرگانییەکانی خۆشیان بپارێزن. لە لایەکی دیکەوە وەزارەتی بەرگریی تورکیا پلانی ئەوەی هەیە ژمارەیەک لە قوتابیانی زانکۆ سەربازییە ناحکومییەکان لە ئەکادیمیای هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا وەربگرێ، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەک مەرجی قورسی لاداوە.

کاربەدەستانی سوپا و هێزی ئاسمانیی تورکیا سوورن لەسەر ئەوەی هێزێکی سەربازی وەفادار بە حکومەتی ئەنقەرە دروستبکەن، یەکێک لەو کاربەدەستانەش عابدین ئونال، فەرماندەی باڵای هێزی ئاسمانیی تورکیایە کە بە رۆژنامەی (وەتەن)ی تورکی راگەیاندووە "دوو ساڵ کاتمان دەوێ، دوای ئەوە دەبینن کە بووین بە خاوەنی هێزێکی ئاسمانیی ئەوتۆ، پێشتر لە وێنەی نەبووە".

ژمارەیەکی زۆر فەرماندەی هێزی ئاسمانی و فڕۆکەوانی بە ئەزموون لە نێوان ئەو کەسانەدان کە دوای کودێتاکە لەسەر کار لادراون. ئاردا مەولودئۆغلۆ، راوێژکاری پیشەسازیی بەرگری، لە دیمانەیەکی ئاژانسی رۆیتەرزدا ئاماژەی بەوە داوە کە "لەدوای کودێتاکەوە هێزی ئاسمانیی تورکیا ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بە ئەزموون و شارەزای لەدەستداوە".

ئەگەرچی حکومەتی تورکیا ژمارەی فڕۆکەوانە جەنگییەکانی خۆی ئاشکرا نەکردووە، بەڵام بە گوێرەی لێدوانی فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا، ژمارەی فڕۆکەوانەکانی هەتا مانگی ئاداری 2015 نزیکەی 1300 کەس بووە. هێزی ئاسمانیی تورکیا 240 فڕۆکەی جەنگیی F16 و 49 فڕۆکەی F4ی هەیە.

لەو 350 فڕۆکەوانەی دەستگیرکراون یان لەسەر کار لادراون، 50 کەسیان هەفتەی رابردوو دەستگیرکران، زۆربەشیان لە بنکەیەکی ئاسمانی لە نزیک کۆنیا دەستگیرکراون. لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا حکومەتی تورکیا زیاتر لە 110 هەزار کەس، لە سەرباز، مامۆستا، دادوەر و رۆژنامەنووسی دەستگیر کردووە یان هەڵیپەساردوون. لەم ژمارەیە 37 هەزار کەسیان بەشێوەیەکی فەرمی دەستگیرکراون.

رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و یەکێتیی ئەورووپا رەخنەیان لە حکومەتی تورکیا گرتووە کە کودێتاکە بەکاردەهێنێ بۆ سەرکوتکردنی دەنگە نارازییەکان. لە پاڵ ئەمەدا ناتۆش نیگەرانە لەوەی لادانی ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە و بەرپرسە سەربازییەکانی تورکیا زیانی قورس بە توانای سەربازیی ئەنقەرە و ئاستی بەشداری ئەو وڵاتە لە رێکخراوەکە دەگەیەنێ.


فڕۆکەوانە دێرینەکانی تورکیا زۆر بەکەمی دەگەڕێنەوە هێزی ئاسمانیی تورکیا

# پلانی ترەمپ بۆ سووریا ئەمریکا بەرەو کوێ دەبات؟

رووداو- هەولێر

هەفتەیەک بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، وەلید موعەلیم، وەزیری دەرەوەی سووریا، لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووساندا سەبارەت بەوەی حکومەتی سووریا حەز دەکات کێ براوەی هەڵبژاردنەکان بێت، رایگەیاند "ئێمە حەز ناکەین هیچ کەسێک سەربکەوێ". موعەلیم راستی نەگوت، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، وەرچەرخانێکی گەورە لە بەرژەوەندیی ئەسەد سەبارەت بە چارەنووسی جەنگی نێوخۆیی لە سووریا، دروست دەکات.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەمە، رۆژێک دوای راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، بوسەینە شەعبان، راوێژکاری ئەسەد لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ئاژانسی ئێن پی ئاری ئەمریکی، وێڕای دەربڕینی ئامادەیی حکومەتی سووریا بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ترەمپ، گوتیشی "خەڵکی ئەمریکا پەیامێکی گەورە و گرنگیان بۆ جیهان نارد".

ئەگەرچی هەتا ئێستاش وێنەیەکی روون بۆ سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ لەبەردەست نییە، بەڵام سەرۆکە هەڵبژێردراوەکەی ئەمریکا چەندین جار لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردوودا گوتوویەتی، ئەولەویەتی سیاسەتی ئەو لە سووریا ئەوە نییە لە پێناوی پاراستنی خەڵکی مەدەنی هێرشی سەربازی بکاتە سەر حکومەتی سووریا و گرووپە لایەنگرەکانی، بەڵکو ئامانجی ئەو "کوشتنی تیرۆریستەکانی داعشە کە مەترسین بۆ سەر ئەمریکاش".

ترەمپ لە یەکەم دیمانەی پاش سەرکەوتنەکەیدا بە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی راگەیاند کە بۆچوون و سیاسەتێکی تەواو جیاوازی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی سووریادا هەیە. لەمبارەیەوە ترەمپ گوتی "بۆچوونی من لەبارەی سووریا پێچەوانەی بۆچوونی زۆر کەسە". یەکێک لەو زۆر کەسانەش باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکایە کە لە کانوونی دووەمی داهاتوودا ئۆفیسی سەرۆکایەتی ئەمریکا جێدەهێڵێ.

ئۆباما لە ساڵی 2011ەوە چەندین جار هەڵوێستی خۆی لەبارەی قەیرانی سووریا گۆڕیوە. لە سەرەتای سەرهەڵدانی راپەڕینی سوورییەکاندا گوتی ئەسەد دەبێ کورسیی سەرۆکایەتی سووریا چۆڵ بکا، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ هەنگاوێکی کردەنی بۆ ئەوە بهاوێ.

لەگەڵ گۆڕینی سەرهەڵدانی سووریا بۆ جەنگێکی نێوخۆیی هەمەلایەنە و سەرهەڵدانی داعش، سیاسەتی ئۆباماش گۆڕانی بەسەردا هات، یەکێک لە گۆڕانکارییەکانیش باسکردنی دەستپێکردنی قۆناغی گواستنەوە بە بەشداریی هەموو لایەنەکان بووە، لە کۆتایی قۆناغە کاتییەکەشدا ئەسەد واز لە دەسەڵات دەهێنێ و حکومەتێکی هەڵبژێردراو دێتە سەر حوکم.

سەرهەڵدانی داعش و هەڕەشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ئەم رێکخراوە ئیدارەی ئۆبامای ناچار کرد لە نێوان لەناوبردنی داعش و لادانی ئەسەد (کە ئەولەویەتی وڵاتانی کەنداو و تورکیا بوو) یەکێکیان بخاتە ئەولەویەتەوە. هەنگاوەکانی کۆشکی سپی لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا دەریدەخات لەناوبردنی داعش بووە بە ئەولەویەتی باڵای واشنتن، ئەمەش بەڕوونی لەو هەوڵانەدا دەردەکەوێ کە لە چەند مانگی رابردوودا ئیدارەی ئەمریکی داویەتی بۆ ئەوەی جۆرێک لە هاوکاری و هەماهەنگی سەربازی لەگەڵ مۆسکۆ پێکبهێنێ، ئامانجیش لەم هەنگاوە لێدانی هەردوو رێکخراوی داعش و قاعیدە بووە لە عێراق.

لە بەشێکی دیمانەکەدا ترەمپ گوتی تەرکیزی سەرەکی ئەو لەسەر جەنگی دژی داعش دەبێ، نەک لادانی ئەسەد کە بڕیارە هەتا ساڵی 2021 سەرۆکی سووریا بێ. سەبارەت بە هەڵوێست و تێڕوانینی خۆی بۆ جەنگی سووریا ترەمپ بە رۆژنامەکەی راگەیاند "بۆچوونی من ئاوهایە کە تۆ (واتە ئیدارەی ئۆباما و وڵاتانی رۆژئاوا) لەگەڵ حکومەتی سووریا دەجەنگیت، حکومەتی سووریاش شەڕی داعش دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە تۆ (واتە ئیدارەی ئۆباما) دەتەوێ داعش لە کۆڵ بکەیتەوە. رووسیاش بە تەواوەتی لە پشت حکومەتی سووریایە، وەک چۆن ئێرانیش کە خۆمان بەهێزمان کرد، پشتگیریی تەواوی ئەسەد دەکا. بەڵام ئێمە پشتگیری لە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین لە دژی حکومەتی سووریا، بەبێ ئەوەی بزانین ئەم چەکدارانە کێن".

سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا هۆشداریشی دا کە ئەگەر ئەمریکا بیەوێ لە دژی حکومەتی ئەسەد هێز بەکاربهێنێ، ئەوە دواجار تووشی جەنگی رووسیاش دەبێت.

ئەزموونی یەک ساڵی رابردووی ئیدارەی ئۆباما، لە سەرووی هەمووشیانەوە جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دەریدەخات جێبەجێکردنی پلانەکەی ترەمپ بەو ئاسانییەش نییە کە ترەمپ هەوڵ دەدات نیشانی بدات.

یەکەم کێشە کە دەبێ ئیدارەی ترەمپ بیری لێبکاتەوە وڵاتە زلهێزە سوننە مەزهەبەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لەسەرووی هەمووشیانەوە تورکیا و سعودیە. ئەم وڵاتانە لە ساڵی 2012ەوە سەرمایەگوزارییەکی زۆریان لەسەر لادانی ئەسەد لە دەسەڵات کردووە، لەبەر ئەوەی چارەنووسی ئەسەد لە هەمانکاتدا چارەنووسی هاوسەنگیی دەسەڵاتی شیعە و سوننە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دیاری دەکات.

هاوکاریکردنی رووسیا بۆ لێدانی داعش و چاوپۆشیکردن لە چارەنووسی ئەسەد بەو مانایەیە کە ئەمریکا لە ماوەی دوو ساڵدا دوو خاڵی گرنگی بە ئێران داوە: یەکەم رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوەڕاستی 2015 و دووەم: مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات. ئەزموونی دوای بەهاری عەرەبی پیشانیداوە، هەر کاتێک رۆژئاوا خاڵێک بە ئێران بدات، وڵاتانی کەنداو و تورکیا کاردانەوەی توندیان هەبووە کە کاریگەرترینیان پشتگیریکردنی گرووپە ئیسلامییەکان بووە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، ئەمە بە روونی لە هاوکاری وڵاتانی کەنداو بۆ گرووپە جیهادییەکانی سووریادا دەبینرێ کە دواجار داعشی لێکەوتەوە. بۆیە ئەمجۆرە سیاسەتە، ئەگەر بە هەماهەنگی وڵاتانی سوننە نەبێ، لە داهاتوودا هەمان کێشە بۆ ناوچەکە و ئەمریکا دروست دەکات کە ئێستا ترەمپ دەیەوێ بە هاوکاریی رووسیا و ئەسەد چارەسەری بکات.

خاڵی دووەم ئەوەیە دەبێ بەشداری رووسیا لە جەنگی نێوخۆیی سووریا لە رەهەندێکی بەرفراوانترەوە ببینرێ، نەک ئەوەی تەنیا لە چوارچێوەی هێشتنەوەی ئەسەد لە کۆشکی کۆماری و لەناوبردنی گرووپە توندڕەوەکان. دوو لە گرنگترین ئەو رەهەندانەش کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ پەیوەندی نێوان جەنگی سووریا و ئاڵۆزییەکانی رۆژهەڵاتی ئۆکراینا و نیمچە دوورگەی کریمیایە کە لە ساڵی 2014ەوە رووسیا دەستی بەسەرداگرتووە. رەهەندی دووەمیشیان هەوڵەکانی چەند ساڵی رابردووی مۆسکۆ بۆ فراوانکردنەوەی هەیمەنەی خۆی لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا و ناوچەی باڵتیکە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو خاڵە سەرەکییە هێڵە سوورەکانی هاوکاریی ئەمریکا لەگەڵ رووسیا دیاری ناکرێ.

یەکێک لە سیاسەتەکانی رووسیا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بڵاوکردنەوەی فۆکەسی رۆژئاوا و دۆزینەوەی ئەو ناوچانە بووە کە دەکرێ بۆ وەرگرتنی باجی قورس لە رۆژئاوا و ئەمریکا بەکاربهێنرێن، یەکێک لە ئامانجەکانی بەشداریی هێزە ئاسمانییەکانی رووسیا لە جەنگی سووریاش هەر ئەمە بووە. لە کاتێکدا ناتۆ هێز بەرەو سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا جووڵە پێدەکات، ترەمپ ناتوانێ بێ لەبەر چاوگرتنی ئەو رەهەندانە هاوکارییەکی بێمەرجی رووسیا و ئەسەد بکات، لەبەر ئەوەی بەمە پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا هەڕەشەی جیدی دەکەوێتە سەر.



چی ترەمپی سەرخست؟

# سەرۆک ترەمپ..
# پۆپۆلیستێک لە کۆشکی سپی

ڕووداو- هەولێر

سەرکەوتنە سوریالییەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، پێچەوانەی هەموو پێشبینی و ڕاپرسی و چاوەڕوانییەکان بوو. هەر بۆیە ئێستا ئەو پرسیارە هاتووەتە ئاراوە کە چی ترەمپی سەرخست؟ جگە لە هەڵوێستی نێگەتیڤی ڕەشپێستەکان بەرامبەر بە کلینتن و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی دیموکراتەکان، چ هۆکارێکی دیکە لە پشت سەرکەوتنی ترەمپەوەیە؟

## هێزی فەرامۆشکراوەکان

فرانسیس فۆکۆیاما، بیرمەندی سیاسی و ئابووریی ئەمریکی، لە وتارێکدا لە گۆڤاری فۆرین ئەفەیرز ئاماژە بەوە دەدات کە سەرکەوتنی ترەمپ "دەیسەلمێنێ، لە ڕوویەکی زۆر گرنگەوە دیموکراسیی ئەمریکا هەتا ئێستاش کاری خۆی دەکات"، واتە چارەنووسی هەڵبژاردنەکان هەتا ئێستاش لەدەستی خەڵکدا ماوە. بە بۆچوونی فۆکۆیاما "ترەمپ زۆر بە باشی توانی ئەو بەشە لە دەنگدەران لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە کە لەبیرکرابوون و هیچ لایەنێک نوێنەرایەتی نەدەکردن". ئەوانیش چینی کرێکاری سپیپێستن. دۆناڵد ترەمپ لە چەندین بۆنەدا بەڵێنی داوە داخوازییەکانی ئەو چینە بخاتە سەرووی ئەلەویەتەکانی خۆیەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا تا چەند دەتوانێ لەنێو سیستەمی سیاسی ئەمریکادا ئەو بەڵێنەی خۆی بەرێتە سەر. نووسەری کتێبی "کۆتایی مێژوو" پێیوایە دۆناڵد ترەمپ هەتا ئێستا هیچ پلانێکی نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دوو کێشەیەی کە خۆی پەنجەی لەسەر داناون. یەکەمیان گەشەکردنی نایەکسانییە و ئەوەی دیکەیان دەستگرتن بەسەر سیستەمی سیاسی لەلایەن کەسانی خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت کە ڕەگ و ریشەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە "سیاسەت لە ئەمریکا پارەیەکی زۆری تێرژاوە"، ئەمەش دەرفەتی بەکارهێنانی پارە، وەکوو ئامرازی لۆبیکردن بۆ گۆڕینی بڕیاری سیاسی، دەهێنێتە ئاراوە.

فرانسیس فۆکۆیاما جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارە گوزارشت لە کێشەی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتی لە ئەمریکا دەکات، بەڵام وەڵامی ترەمپ و تیمەکەی وەڵامێکی "باوی پۆپۆلیستییە"، ئەمەش بەو مانایەیە کە هاتنە سەرکاری ترەمپ دەرفەت لە ئەمریکییەکان دەسەنێتەوە بۆئەوەی بیر لە چاکسازییەکی ڕاستەقینە لە سیستەمی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەیاندا بکەنەوە.

سەرکەوتنی ترەمپ (کە دژی زۆربەری بیرۆکەکانی دامەزراوەی کۆمارییەکانە) هەرچەندە سوریالییش دیار بێت، دیسان ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە کە دەبێ لەنێو توێژە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، بە تایبەتیش کۆمارییەکان و دیموکراتەکان، بۆ هۆکارەکانی بگەڕێین.

بەپێی وتارەکەی فۆکۆیاما، لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا "پارتی کۆماری بریتی بووە لە یەکگرتنی نوخبە بازرگانییەکان و ئەو خەڵکەی خاوەن تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی موحافەزەکارانە (لەوانەش مەسیحییە سپیپێستە کڵێساییەکان) کە تێیدا بازرگانەکان پارەیان هەڵڕشتووە و خەڵکە موحافەزەکارەکەش دەنگیان بە پارتەکە داوە". ئەوە کۆمارییەکان بوون کە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی ئەمریکای باکوور (NAFTA)یان هێنایە نێو دەستووری ئەمریکاوە. ئەوە هەر ئەوان بوون کە سوودیان لە هێنانی هێزی کاری بیانی و سیستەمی بازرگانیی جیهانی بینی، ئەمە جگە لەوەی کۆمارییەکان "لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە پابەند بوون بە کەمکردنەوەی باجی دەوڵەمەندەکان و تێکشکاندنی دەسەڵاتی سەندیکا کرێکارییەکان و دابەزاندنی ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان". ئەمەش لە پاڵ گەشەی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنان، کاریگەریی یەکجار نێگەتیڤی لەسەر چینی کرێکار و بەرزبوونەوەی ئاستی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دانا.

لە کاتی سەرۆکایەتی بیل کلینتنەوە، دیموکراتەکان لە بری بایەخدان بە سەندیکاکان و خەڵکی ئاسایی، ڕوویان لە بازرگانیی ئازاد و کرێکاری کۆچبەر کرد، بەڵام کێشەی سەرەکی دیموکراتەکان ئەوە بوو کە زیاتر جەختیان لەسەر "سیاسەت لەسەر بنەمای جیاوازییە شوناسییەکان" کردووەتەوە، واتە ئافرەتان، ئەمریکییە ڕەشپێستەکان، گەنجە شارنشینەکان، هاوڕەگەزخوازەکان و ژینگەپارێزەکان. ئەمەش وای کردووە دیموکراتەکان پەیوەندییان لەگەڵ چینی کرێکاری سپیپێست بپچڕێ.

لە پاش بیل کلینتنەوە، بەشی دەنگدەری ئەم چینە (واتە ئەوانەی سووکە بڕوایەکیان بە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا هەیە)، بەشێوەیەکی سەرەکی دەنگیان بە کۆمارییەکان داوە، بە بۆچوونی فۆکۆیاما هۆکاری ئەم پشتگیرییەش بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ پرسەکانی چەمکی نیشتمانپەروەری، یاسای هەڵگرتنی چەک، مافی لەباربردنی منداڵ و پرسە ئایینییەکان دەگەڕێتەوە. بە کورتییەکەی سەرکەوتنی ترەمپ ئەو ڕاستییە دەردەخات کە لە پاڵ جیاوازییە شوناسییەکان، بەرەیەکی نوێش لە ئەمریکا دەردەکەوێ کە بەرەی "کرێکارە سپیپێستەکان" و ئەو خەڵکە هەژارەن کە نەک هەر بێکارن، بەڵکو هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆشیان نییە بتوانن لە نێو بازاڕی کاردا جێگەی خۆیان بکەنەوە، لەوێشەوە نەک هەر مەترسی لەسەر تاکەکەسەکانی ئەو چینە دروست بووە، بەڵکو وەکوو خێزانیش خێزانی شکستخواردوون.

سیاسەتی ئابووریی ترەمپ سیاسەتێکی ناسیۆنالیستانەیە، لەسەر بنەمای پاراستن و گەڕاندنەوەی هەلی کار بۆ کرێکارە ئەمریکییەکان دامەزراوە. هەر بۆیە ترەمپ نەک هەر دژی کرێکارە کۆچبەرە نایاساییەکانە، بەڵکو دژایەتی ئەو کرێکارانەش دەکات کە بەشێوەیەکی یاسایی هاتوونەتە ئەمریکا، هەروەها لۆمەی ئەو کۆمپانیایانە دەکات کە بەمەبەستی دابەزاندنی تێچوونی بەرهەمهێنان، بەشی بەرهەمهێنانی خۆیان گواستووەتەوە بۆ دەرەوەی ئەمریکا، یان ڕەخنە لە چین دەگرێ کە نزمبوونی نرخی دراوەکەی بۆ ڕاکێشانی کارگە ئەمریکییەکان بەکاردەهێنێ و دواجاریش ڕەخنە لە ڕێککەوتن و پەیماننامە بازرگانییە جیهانییەکان دەگرێ.

ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ترەمپ لەڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە لە زۆر پرسدا لە کرێکار و خەڵکە هەژارە سپیپێستەکەی ئەمریکا نزیکە، ئەوە ئەم تێڕوانینە ئابوورییەشی هێندەی دیکە ئەو چینە لە ترەمپ نزیک دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئەگەرچی گلۆباڵیزم و بازرگانیی ئازاد بە کردەوە ئاستی داهاتی وڵاتەکانی بەرز کردووەتەوە، بەڵام ئەم جۆرە هەنگاوانە وایان نەکردووە دابەشکردنی داهاتیش بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بێ، هەر بۆیە سوودمەندی یەکەم لەمجۆرە ڕێککەوتنانە "نوخبەی ئابووریی ئەمریکا"یە. ئەمە جگە لەوەی ئەو پرۆگرامانەی حکومەت بۆ ڕاهێنانی ئەو چینە گەورەیە داینابوو، شکستیان هێنا.

چینی فەرامۆشکراوی ئەمریکا سەلماندیان کە دەتوانن ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە جۆرێک بگۆڕن، ئەمریکا بە ماوەی چەندین ساڵ نەتوانێ فەرامۆشی بکات.

## چاوەڕوانییە نێوخۆییەکان

بەپێی گوتارەکەی فۆکۆیاما، هەرچەندە سەرکەوتنی ترەمپ دەرخەری کێشە و درزێکی گەورەیە لە کۆمەڵگا و ئابووریی ئەمریکادا، بەڵام ترەمپ ئەو ڕێگەچارەیەی پێ نییە کە کێشەکە دەیخوازێ. بۆ نموونە "دابڕاندنی بازرگانی و ئابووریی ئەمریکا لە جیهان" لەڕێی سزادانی ئەو کۆمپانیایانەی کرێکاری بیانی دەهێنن، یان بنکەکانی خۆیان بۆ دەرەوەی ئەمریکا دەگوازنەوە، کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، وەکوو چۆن دروستکردنی دیوار یان دیپۆرتکردنەوەی 11 ملیۆن کۆچبەری نایاسایی ناتوانێ کێشەی کرێکارە نایاساییە بیانییەکان چارەسەر بکا.



(فۆتۆ: AFP)

ترەمپ لەڕووی سیاسەتی ئابوورییەوە خۆی لەو بۆچوونە باوەی کۆمارییەکان جودا کردووەتەوە کە جەخت لەسەر کەمکردنەوەی باجی سەر کۆمپانیاکان دەکاتەوە، هەروەها پشتیوانی لە بەرزکردنەوەی باجی سەر کاڵا هاوردەکراوەکان دەکات، بەمەش پشتگیری لە بەرهەم و بازرگانیی نێوخۆیی دەکات.

سەبارەت بە پاکێجی تەندروستیی ئیدارەکەی ئۆباما، سەرۆکە هەڵبژێردراوەکەی ئەمریکا دوو بژارەی لەبەردەستە: یەکەم هەڵوەشاندنەوەی یەکجاریی پاکێجەکە کە زیانێکی زۆر بە چەندین ملیۆن کرێکار و خەڵکی هەژاری ئەمریکا دەگەیەنێ. بژارەی دووەم کە کرداریترە ئەوەیە ئاراستەی پرۆگرامەکە زیاتر بە لای خەڵکانی کرێکاری سپیپێستی ئەمریکادا بشکێنێتەوە کە ئیدارەی ئۆباما بەوە تۆمەتبار دەکەن پرۆگرامی چاودێری تەندروستییەکەی تەنیا بۆ بێگانەکانە، واتە ڕەشپێستەکان، مەکسیکییەکان و کۆچبەرانی وڵاتانی دیکە.

بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی هەلی کار، ترەمپ سێ هەنگاوی سەرەکی لە پێشە کە بە بۆچوونی فۆکۆیاما یەکەمیان "ڕێگریکردنە لە یاساییبوونەوەی ڕێککەوتنەکانی بازرگانیی جیهانی". دووەمیان پەیوەندی بە ئەمریکییانەوە هەیە کە خاوەنی چەند ڕەگەزنامەیەکن، ئەم گرووپە زیاتر لە دوو تریلیۆن دۆلار سامانیان لە دەرەوەی ئەمریکایە، حکومەتی ئەمریکا دەتوانێ هانی ئەو خەڵکانە بدات کە سامانەکەی خۆیان لە ئەمریکا بخەنەگەڕ. هەنگاوی سێیەمیان لە هەردوو هەنگاوەکەی دیکە ستراتیژیتر و درێژخایەنترە، واتە نوێکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی ئەمریکا، ئەمە نەک هەر سەدان هەزار هەلی کار بۆ ئەمریکییەکان دەستەبەر دەکات، بەڵکو لە پێنج ساڵی داهاتوودا ئاستی سوودبەخشێتی بەرهەمهێنانی ئەمریکیش بەرز دەکاتەوە. بەگوێرەی مەزندەکان نوێکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی ئەمریکا لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا پێویستی بە 2.6 تریلیۆن دۆلارە.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەمریکا نەک هەر لە نێوان لایەنگرانی دیموکرات و کۆمارییەکاندا جیاوازی و ناکۆکی گەورەی دروستکرد، بەڵکو درزی گەورەی خستووەتە نێو هەر کام لە دوو حیزبە سەرەکییەکەی ئەمریکاشەوە. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمارییەکان ڕایانگەیاند ئامادەنین پشتگیری لە ترەمپ بکەن، لەوانەش ماڵباتی بووش، کۆندۆلیزا ڕایس، وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا، جۆن مەککین، سیناتۆری بەناوبانگی کۆمارییەکان و تێد کروز.

لە گوتاری سەرکەوتنی خۆیدا، دۆناڵد ترەمپ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە برینەکان چاک دەکاتەوە و گەلی ئەمریکا یەک دەخاتەوە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێ یەکەمجار لە دەرگای حیزبەکەی خۆی بدات، بۆ ئەوەی هەم لەسەر پێکهاتەی کابینەکەی و هەمیش لەبارەی سیاسەتەکانی حکومەتی ترەمپ لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو لەگەڵ پارتی کۆماریدا سازش بکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری ئەمریکی (پۆلیتیکۆ)، تیمی ترەمپ خەریکی تاوتوێکردنی کۆمەڵێک ناون کە بەشێکیان ئەو کەسانەن لە سەرەتاوە هاوکار و لایەنگری ترەمپ بوون و بەشێکیشیان دەشێ لەلایەن پارتی کۆمارییەوە پێشنیاز کرابن. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە دوو کەس بەربژێرن بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، یەکەمیان نووت گینگریچ، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا و یەکێک لە گوتەبێژەکانی کەمپینەکەی ترەمپە. کاندیدی دووەم بۆ ئەم پۆستە بۆب کرۆکەرە کە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانە، کرۆکەر یەکێک لەو سیناتۆرانە بووە کە دژی پێدانی یارمەتی دارایی بە پێشمەرگە بووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە ئەم پشتگیرییە دەکرێ دابەشبوونی عێراقی لێ بکەوێتەوە.

بۆ وەزیری بەرگری، مایک فلین، ژەنەراڵی خانەنشین و یەکێک لە پاڵپشتە سەرسەختەکانی ترەمپ و جێف سێشن، سیناتۆری ویلایەتی ئالاباما پێشنیاز کراون. کریس کریستی، پارێزگاری ویلایەتی نیوجێرسی، یەکێکە لەو کەسانەی بۆ پۆستی وەزیری دادی ئەمریکا بیری لێکراوەتەوە.

## چاوەڕوانییە نێودەوڵەتییەکان

دۆناڵد ترەمپ لە کاتێکدا وەکوو چل و پێنجەمین سەرۆکی ئەمریکا بەرەو کۆشکی سپی دەچێ کە نەزمی جیهانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە: ڕووسیا خەریکە شوێنی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بەهێزتر دەکا، هەتا ئێستاش بەشێک لە عێراق، سووریا و لیبیا لەژێر کۆنترۆڵی گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکانی وەکوو داعش و ئەلقاعیدەیە، ئەم گرووپانە مەترسی گەورەش لەسەر ئاسایشی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی ئەم وڵاتە دروست دەکەن، چین خەریکە نەک هەر کێشەی گەورە بۆ ئابووریی ئەمریکا دروست دەکات، بەڵکو هەڕەشەیەکی گەورەشە لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بەرنامە ئەتۆمییەکەی کۆریای باکووریش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر هەموو جیهان.

ترەمپ پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە بۆ چارەسەری کێشەی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ ڕووسیا ڕێکبکەوێ. چاوەڕێ دەکرێ ڕووسیا هەوڵ بدات لە دوو مانگی داهاتوودا پێگەی خۆیان و بەشار ئەسەد لە سووریا بەهێزتر بکەن، بۆ ئەوەی لە دانوستاندنەکاندا (کە پرسی ئۆکرایناشی تێدا دەبێ) دەستی باڵایان هەبێ. پوختەی دانوستاندنەکانی نێوان ترەمپ و پوتین بریتی دەبێ لەوەی سەرۆکی ئەمریکا دەسەڵاتی خۆی بۆ سووککردنی سزاکانی سەر ڕووسیا بەکاربهێنێ و پوتینیش هەڵمەتە سەربازییەکەی ڕووسیا لە سووریا و جموجۆڵەکانی لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا کەم بکاتەوە.

بەڵام مەرج نییە ئەوەی ترەمپ داینابوو بە ئاسانی سەربگرێ، لەبەر ئەوەی سوپای ئەمریکا، ناوەندەکانی هەواڵگری و کۆنگرێسمانە کۆمارییەکان بە توندی دژی فراوانخوازییەکانی ڕووسیا لە ناوچەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن. جگە لەمە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆش لە بەرژەوەندیی ڕووسیان، ئەمە سەرباری ئەوەی لەساڵی داهاتوودا لە چوار وڵاتی ئەورووپی: ئەڵمانیا، فەرەنسا، هۆڵەندا و ئیتاڵیا هەڵبژاردن بەڕێوەیە، لە هەموو ئەم وڵاتانەش ڕاستڕەوەکان خەریکە دێنە پێشەوە کە خوازیاری نەرمی نواندنن بەرامبەر ڕووسیا.

یەکێکی دیکە لەو پرسانەی کە دەبێ ترەمپ مامەڵەی لەگەڵ بکات، فراوانخوازییەکانی تاران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئەم وڵاتەیە کە جگە لە ئەمریکا و ئێران، پێنج وڵاتی دیکەش تێیدا بەشدار بوون. ترەمپ پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئەگەر ببێ بە سەرۆک، ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەدڕێنێ. ئەمە ئەگەرچی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو دڵخۆش دەکا، بەڵام کێشەیەکی زۆر بۆ متمانەی نێوان ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە تایبەتیش یەکێتیی ئەورووپا، دروست دەکات، ئەمە جگە لەوەی دیاریش نییە ئەگەر ترەمپ ڕێککەوتنەکە هەڵوەشێنێتەوە، ئایا وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا ئامادەن جارێکی دیکە هاوشان لەگەڵ ئەمریکا سزای ئەتۆمی نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنن؟ بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی (ستراتفۆر) ، لە پاش هاتنە سەرکاری ترەمپ کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە ڕۆژئاواییەکان بە وریاییەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکەن، لەبەر ئەوەی چاوەڕێ دەکرێ ئیدارەی ترەمپ لە بەرامبەر بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران نەرمییەکی کەمتر بنوێنێ.

ناوەندی ستراتفۆر هەروەها پێشبینیش دەکات پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمریکا لە مانگەکانی یەکەمی دەسەڵاتی ترەمپدا گرژیی تێبکەوێ، لەبەر ئەوەی چاوەڕێ دەکرێ پشتگیریی ئەمریکا بۆ هێزە کوردییەکانی سووریا بەردەوام بێ. لەم سۆنگەیەشەوە، ڕەنگە تورکیا لە چەند مانگی داهاتوودا کە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵاتە لە ئەمریکا، هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عێراق و سووریا، بۆ ئەوەی لە پێگەیەکی بەهێزەوە دانوستاندن لەگەڵ ئیدارەی داهاتووی کۆشکی سپی بکات.

بەشێوەیەکی گشتیش چاوەڕێ دەکرێ ترەمپ و ئیدارەکەی سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی باڵانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیڕەو بکەن، واتە سیاسەتی پەرەپێدانی دیموکراسی و دەسەڵاتە دیموکراتەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پشتگوێ دەخرێ، لەم ڕووەوە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ و ئۆباما زۆر لە یەکدی نزیک دەبن.

## پرۆفایلی ترەمپ

- لە ساڵی 1946 لە شاری نیویۆرک لە باوکێکی بەڕەچەڵەک ئەڵمانی و دایکێکی بە ڕەچەڵەک سکۆتلاندی لەدایک بووە.
- پارتی سیاسی: کۆماری (پێش 1987 بۆ ماوەیەک دیموکرات بووە. لە 2001 بۆ 2009 جارێکی دیکە بووەتەوە بە لایەنگری دیموکراتەکان)
- یەکەم سەرۆکی ئەمریکییە کە هیچ ئەزموونێکی کارکردن لە دامودەزگا حکومی و یاساییەکانی نییە.
- لە دەنگدانە بەرایییەکانی کۆمارییەکاندا 14 ملیۆن دەنگی هێنا.
- خاوەنی ڕێکخراوی ترەمپە کە هەموو کۆمپانیاکان و دامەزراوە ئابووری و بازرگانییەکانی خۆی لەخۆدەگرێ.
- بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان: لە ساڵی 1996 هەتا 2015 خاوەنی پێشبڕکێکانی "شاجوانی جیهان"، "شاجوانی ئەمریکا" و "شاجوانی نەوجەوانی ئەمریکا" بووە. پرۆدیوسەری بەرنامەی "ئەپرێنتیس" بووە کە بەرنامەیەک بوو بۆ کێبڕکێ لە نێوان ئەو کەسانەی خوازیاری پۆستی کارگێڕی لە دامەزراوەی ڕیکلامی ترەمپ بوون.
- پرسە یاساییەکان: ترەمپ یەکەم سەرۆکی ئەمریکییە کە پێشتر 3500 سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمارکرابێ.

## تیشکدەرەوەن و مرۆڤ تووشی شێرپەنجە دەکەن

# توێژینەوەیەک: چوار جۆر پەیینی زۆر مەترسیدار هاوردەی کوردستان دەکرێن







ڕەوا عەبدوڵڵا

رووداو- هەولێر


بەپێی توێژینەوەیەک، بەشێک لەو پەیینە کیمیاییانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، ڕێژەیەکی بەرچاو ماددەی تیشکدەریان تێدایە کە مرۆڤ تووشی چەند نەخۆشییەکی وەترسیداری وەک شێرپەنجە دەکەن.

توێژینەوەکە نامەی ماستەری قوتابییەک بووە کە پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.عەلی حەسەن ئەحمەد لە زانکۆی سەلاحەددین سەرپەرشتیی کردووە. د.ئەحمەد پسپۆڕی فیزیای ئەتۆمی و تیشکە.

لە توێژینەوەکەدا کار لەسەر بەراوردکردنی ڕێژەی ڕێگەپێدراوی تیشکی (ئەلفا، بێتا، گاما) لە 25 جۆر پەیینی کیمیاوی و ئۆرگانیدا کراوە کە لە هەرێمی کوردستان ناسراون و جووتیاران بەڕێژەیەکی بەرچاو بۆ زیادکردنی بەرهەم بەکاریان دێنن.

د.عەلی حەسەن بە (رووداو)ی گوت "لە ئەنجامی توێژینەوەیەکماندا لەسەر 20 پەیینی کیمیاوی و پێنج پەیینی ئۆرگانی، بۆمان دەرکەوت چوار جۆریان ڕێژەیەکی زۆر ماددەی تیشکدەریان تێدایە".

د.عەلی و تیمەکەی بۆ دڵنیابوون، ئەنجامی توێژینەوەکەیان ناردووە بۆ تاقیگەکانی زانکۆی UTMی مالیزی و لەوێش هەمان ئەنجامیان دەستکەوتووە، بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لێ ئاگادار کردووەتەوە.

توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پەیین و خاک و بەرهەمی لە حەوت کێڵگەی جووتیاران لە ناوچەکانی پردێ، قوشتەپە، بنەسڵاوە، گوندی داڵداغان وەرگرتووە.

هەڵۆ محەممەد کاکە عەبدوڵڵا کە خاوەنی توێژینەوەکەیە بە (رووداو)ی گوت "کارمان لەسەر چوار ناوکی تیشکدەر لە پێکهاتەی پەیینەکاندا کرد، ئەوانیش (یۆرانیۆم U 228، پۆریۆم Th232، پۆتاسیۆم k40 و سیزیۆم CS137) لە چوار جۆر پەیین بۆمان دەرکەوت ڕێژەی چڕیی چالاکیی تیشکدان لە ناوکی پۆتاسیۆم زۆر لە ڕێژەی ئاسایی زیاتر بوو، تەنانەت لە هەندێکیاندا گەیشتە Bq.kg 11373، لەکاتێکدا ڕێژەی ڕێگەپێدراو بریتییە لە Bq.kg 400. ڕێژەی ڕێگەپێدراوی چڕیی چالاکیی تیشکدان لە یۆرانیۆمدا Bq.kg 45 دەبێت، کەچی لە هەندێ پەییندا دەگەیشتە Bq.kg 230".

بە گوتەی ئەو توێژەرە، هێشتا بەکارهێنانی ئەو پەیینانە مەترسییان دروست نەکردووە، بەڵام ئەگەر جووتیاران بەردەوام بن لە بەکارهێنانی ئەو پەیینە تیشکدەرانە، ڕێژەی تیشکەکە زیاد دەکات و مەترسی لەسەر خودی جووتیارەکە، خاک و ئاو و ئەو کەسانەش دەبێت کە بەرهەمی کێڵگەکە بەکاردێنن".

ئەو توێژەرە 40 نموونەی لە 10 جۆر سەوزە و میوە وەرگرتووە کە ئەو جۆرە پەیینانە بۆ گەشەپێدانیان بەکارهاتووە، لە ئەنجامەکەدا دەرکەوتووە کە تەماتە زۆرترین ماددەی تیشکدەری تێدا بووە.

هەڵۆ محەممەد دەڵێت "جووتیاران شارەزاییەکی باشیان لەسەر پەیین و پێکهاتەکەی نییە. هەندێکیان بەبێ گوێدانە ڕێنمایی و پێویستیی خاکەکانیان بەو ماددانە، تەنیا لەپێناو زیادکردنی بەرهەم، زیاد لە پێویست پەیین بەکاردێنن، ئەمەش مەترسی بڵاوبوونەوەی ئەو تیشکانە زیاتر دەکات".

ئەو تیشکانەی بە ڕێژەی زیاد لە پێکهاتەی ئەو چوار پەیینەدا هەن بریتین لە تیشکەکانی ئەلفا و بێتا و گاما کە تیشکی زیانبەخشن و لە ڕێگەی بەرکەوتن، خواردن، خواردنەوە و هەناسەدان دەگوازرێنەوە بۆ لەش.

د.عەلی حەسەن دەڵێت "تیشکی ئەلفا لە هەموویان ترسناکترە، تەنیا لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوە دەگاتە لەشی مرۆڤ. تیشکی بێتاش تاراددەیەک لەش دەبڕێت، تیشکی گاما وەک ئەلفا و بێتا بەهێز نییە، بەڵام مەترسییەکەی لەوەدایە توانای تێپەڕبوونی بە لەشدا هەیە و زوو دەگاتە لەش".

د.عەلی باسی کاریگەریی ئەو تیشکانە لەسەر جەستەی مرۆڤ دەکات و دەڵێت "دەبنە هۆی دروستبوونی ڕەگە سەربەستەکان. دواتر پەلاماری گەردیلەی پێکهاتەی خانەکان دەدەن و لەگەڵیان یەکدەگرن. ماددەی نەخوازراو لە جەستە دروست دەبێت و دەبێتە هۆی تێکدانی DNA و کرۆمۆسۆمەکان. بەمەش هاوسەنگی دابەشبوونی خانەکان تێکدەچێت و شێرپەنجەی بەدوادادێت. هەروەها کاریگەریی بۆماوەیش دروست دەکات و ڕێژەی منداڵی ناکام زۆر دەبێت".

مەترسیی ئەو تیشکانە لەوەدایە بێڕەنگ و بۆن و تامن، مرۆڤ لەکاتی بەرکەوتنی یان بوونی لەشوێنێک، هەستی پێناکات، بەئاسانیش لەڕێگەی ڕەگەوە دەگوازرێنەوە بۆ قەد و بەری سەوزە و میوە.

د.عەلی باسی مەترسییەکانی کەڵەکەبوونی ئەو جۆرە تیشکانە لە خاکدا دەکات و دەڵێت "هەر خاکێک بەو تیشکانە پیس ببێ، دەبێ بە قووڵیی یەک مەتر ئەو خاکە فڕێ بدرێ، چونکە هەر جۆرە سەوزە و میوەیەک لەو جۆرە خاکە بچێنرێ تیشکەکەی بۆ بەروبوومەکە دەگوازرێتەوە".

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان بەرکەوتنی بڕی زۆری ماددە تیشکدەرەکان و تووشبوون بە چەندین جۆری شێرپەنجە.

د.دانا عومەر، پزیشکی پسپۆڕی شێرپەنجە و خوێن لە نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "بەرکەوتنی تیشکی ماددە تیشکدەرەکان هۆکارێکی تووشبوونە بە شێرپەنجەی خوێن، غوددە و کۆئەندامی هەناسە".

د.دانا ئەزموونێکی بەرجەستەی هەیە لە چیرۆکی پەیوەندیی نێوان ماددە تیشکدەرەکان و شێرپەنجە و دەڵێت "ساڵی 2003 و لە سەروبەندی جەنگی ئازادکردنی عێراقدا، تیمێکی فریاگوزاریمان نارد بۆ فریاکەوتنی چەند بریندارێک لە نزیک کەرکووک کە فڕۆکەکانی ئەمریکا بۆردومانیان کردبوون. دوای ماوەیەک تیمەکە کە لە پزیشکێک و دوو کارمەندی تەندروستی پێکهاتبوون، هەرسێکیان تووشی شێرپەنجەی غوددە بوون. هۆکارەکەشی ئەو ماددە تیشکدەرانە بوو کە لە بۆمبەکاندا هەبوون".

د.دانا عومەر دەڵێ بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان شێرپەنجە و ماددە تیشکدەرەکان لە کوردستان، پێویستیان بە توێژینەوەی پزیشکیی زۆرترە "دەبێ لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان پشکنین بۆ بڕی ماددە تیشکدەرەکان و ژمارەی حاڵەتەکانی شێرپەنجە لەو ناوچەیە بکرێ، ئەگەر لەگەڵ زۆربوونی ماددە تیشکدەرەکان حاڵەتی شێرپەنجەش لەوێ زۆر بوون، ئەوە بەڵگەیەکی بەهێزە".

د.خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی تەندروستی دەڵێت "هۆکارەکانی تووشبوون بەشێرپەنجە لە کوردستان زۆرن، دەکرێت بڵێین یەکێک لە هۆکارەکان پیسبوونی ژینگە و خۆراکی ناتەندروستە، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەکمان لەبەردەست نییە، ئاماژە بە کاریگەریی ماددە تیشکاوەرەکان بۆ زیادبوونی شێرپەنجە بکات، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو تیشکانە هۆکارێکن بۆ زیادبوونی شێرپەنجە".

## بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ: کۆبوونەوەیەکی بە پەلە دەکەین و هاوردەکردنیان قەدەغە دەکەین

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵانە نزیکەی 500 هەزار تۆن پەیینی کیمیایی بۆ کوردستان هاوردە دەکرێ.

بۆتان عزەددین فەیزی، بەڕێوەبەری بەرهەمی ڕووەکی و سەرپەرشتیاری کاروباری پەیین لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بڵاوبوونەوەی ئەم تیشکانە مەترسی زۆریان بۆ ژینگە و تەندروستی مرۆڤ هەیە، بۆیە لەنزیکترین کاتدا کۆبوونەوەیەکی بەپەلە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین. دواتر بڕیاری قەدەغەکردنی ئەو پەیینانە دەدەین کە ماددەی تیشکدەری زۆریان تێدایە".

### ئاسایش چاودێریی پەیین دەکات

بۆتان عزەددین فەیزی، سەرپەرشتیاری کاروباری پەیین لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت پەیین لە ژێر چاودێریی ئاسایشدا هاوردە دەکرێ. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هەندێک جۆری پەیین بە تێکەڵکردن لەگەڵ هەندێک ماددە، تەقەمەنیی لێ دروست دەکرێ. بۆیە ئاسایش ڕێگە بە هاوردەکردنی ئەو بڕە پەیینە دەدات کە وەزارەتی کشتوکاڵ داوای دەکات.

### لە کوردستان شێرپەنجە زۆر نییە

د.خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستی بە (رووداو)ی گوت، ئێستا 5097 تووشبووی شێرپەنجە لە کوردستان هەن و ساڵانەش ژمارەکە زیاد دەکات. بەڵام دەڵێت بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە زۆر نییە "لە کوردستان لە 100 هەزار کەس، 99 کەس شێرپەنجەیان هەیە. بەڵام لە هەندێک وڵات لە 100 هەزار کەس 400 کەس تووشی شێرپەنجە بوون".

# وەرگرتنی هۆرمۆنی نێرینە.. سوود و زیانەکانی





رووداو- فۆکس نیوز


ئێستا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ژمارەیەکی بەرچاو لە پیاوان بیر لە بەکارهێنانی هۆرمۆنی نێرینە (تێستۆستیرۆن) دەکەنەوە بەهیوای ئەوەی ببێتە هۆی زیادکردنی گوڕ و تین، دووربوون لە خەمۆکی و ژیانێکی سێکسیی باشتر.

جۆرناڵی زانستی (The New England Journal of Medicine) دەڵێ ئەو پیاوانەی تەمەنیان 65 ساڵ زیاترە و بۆماوەی یەک ساڵ لەلایەن پزیشکەوە هۆرمۆنی نێرینەیان پێدراوە، هەستیان کردووە توانای سێکسییان زیادی کردووە و میزاجیان باشتر بووە و کەمتر خەمۆک بوون، بەڵام ئایا هەموویان پێویستیان بەو هۆرمۆنەیە؟ بێگومان نەخێر. بۆیە باشترە بەر لەوەی بیر لە بەکارهێنانی هۆرمۆنی نێرینە بکەیتەوە، ئەم خاڵانەت لەپێش چاو بێت:

1- توانای ڕەپبوونی چووک زیاد ناکات: لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا 30 ملیۆن پیاو گرفتی ڕەپبوونی چووکیان هەیە، بەڵام پێدانی هۆرمۆنی نێرینە بە دەردی ئەوان ناخوات. چونکە هۆرمۆنی نێرینە ئارەزووی سێکسکردن زیاد دەکات، نەک توانای ڕەپبوونی چووک.

2- دەبێ بەر لە بەکارهێنانی، پشکنینی خوێن بکەی: بە پشکنینی خوێن دیاری دەکرێ ئاستی هۆرمۆنی نێرینە (تێستۆستیرۆن) لە جەستەدا ئاساییە یان کەمە و تا چەند سوود لە وەرگرتنی هۆرمۆنەکە دەبینی. پشکنینەکە بەشێکە لە پاکێجێک کە پشکنینێکی بەرفراوانی هۆرمۆنەکانی سایرۆید، ئیترۆجین، ئیسترادایۆڵ، پرۆجێستیرۆن، پرۆلاکتین ، تێستۆستیرۆن و پشکنینی خانەکانی خوێنە، بۆ ئەوەی جگە لە ئاستی هۆرمۆنی نێرینە، هۆکاری کەمییەکەشی بزانرێ.

3- بەبێ دەرمانیش بەرز دەکرێتەوە: مەرج نییە هەر کەسێک ئاستی هۆرمۆنەکەی نزم بوو، خێرا ڕووبکاتە بەکارهێنانی ئەو هۆرمۆنە. هەندێکجار کەمیی ئاستی تێستۆستیرۆن هۆکاری دیکەی هەن، وەک: کەمخوێنی بەهۆی کەمیی ئاسن و کێشە لە ڕژێنی سایرۆید (غودە) کە بە چارەکردنی ئەوانە، ئاستی هۆرمۆنی نێرینەش بەرز دەبێتەوە. جگە لەوە، هەندێک نەریتی تەندروستانەی وەک ڕێکخستنی خۆراک، ئەنجامدانی وەرزش و نەهێشتنی گوشاری دەروونی دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆرمۆنی نێرینە لە پیاودا.

4 - لێکەوتەی نەخوازراویشی هەیە: بەکارهێنانی هۆرمۆنەکە لە هەندێک کەسدا ئەگەری قەڵەوبوون زیاد دەکات، هەروەک ئاستی هیمۆگلۆبین زیاد دەکات (خەستبوونەوەی خوێن) ئەوەش ئەگەری کلۆبوونی خوێن زیاد دەکات کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ جەڵتەی دڵ، مێشک و سییەکان.

5- مەمکی پیاو گەورە دەکات: لە هەندێک کەسدا هۆرمۆنە نێرینەکە دەگۆڕێ بۆ هۆرمۆنی مێیینە (ئیسترۆجین) و ئەوەش مەمک گەورە دەکات. بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونەدات، دەرمانی قەدەغەکەری هۆرمۆنی مێیینە بە کەسەکە دەدرێ کە هەندێکجار دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە هەست بە ماندوویی و لەشداهێزران بکات.

6- بژارەکانی بەکارهێنان جیاوازن: هۆرمۆنی نێرینە بەشێوەی حەب، جێڵ، لەزگە، دەرزی و ئامرازی چێندراو لەژێر پێست هەیە. دەگوترێ حەبەکە لەسەر جگەر قورسە و کرێم و جێڵەکە کاراترن، بەڵام ئەوە بۆ هەمووان هەمان شت نییە و هەر جەستە و یەکێکیان بە دڵخوازی خۆی دەبینێ.

7- سوودی تەندروستی هەیە: ئەگەر زانستانە و لە کاتی گونجاو بەکاربهێنرێ، تێستۆستیرۆن چەندین سوودی تەندروستیی هەیە. بۆ مێشک باشە و ئەگەری تووشبوون بە خەڵەفان کەم دەکاتەوە. هەروەها ڕۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی تووشبوون بە شەکرە و بەگشتی یاریدەی دابەزاندنی کێش دەدات، ماسولکە گەورە دەکات و هەستی خۆشحاڵی دروست دەکات.

8 - دوور نییە ببێتە هۆی نەزۆکی: بەکارهێنانی هۆرمۆنی نێرینە، لەوانەیە ببێتەهۆی پووکانەوەی گونەکان، بەجۆرێک توانای دروستکردنی تۆو و هۆرمۆنی نێرینە لە گونەکاندا کەم دەبێتەوە. ئەگەر بەکارهێنانی هۆرمۆنەکە درێژخایەن بێ، ڕەنگە ئیدی وا لە جەستەت بکات خۆی بە سروشتی دروستی نەکات.

9 – نابێتە هۆی شێرپەنجە: بەڵگەی زانستی نین دەریبخەن بەکارهێنانی هۆرمۆنی نێرینە دەبێتە هۆی شێرپەنجەی پرۆستات یان گەورەبوونی پرۆستات، بەڵام بەر لە دەستپێکردن بە بەکارهێنانی هۆرمۆنەکە، دەبێ پشکنینی شێرپەنجەی پرۆستات بکەی. چونکە لەگەڵ ئەوەی تێستۆستیرۆن نابێتە هۆی شێرپەنجە، بەڵام ئەگەر خۆت شێرپەنجەی پرۆستاتت هەبێ، ئەوە هۆرمۆنەکە دەبێتە هۆی خێرا گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەو شێرپەنجەیە.

# کورد و ئەرمەن لە گەلاوێژدا گفتوگۆ دەکەن

ڕووداو- سلێمانی

وا بڕیارە لە ڕۆژانی 20-2016/11/23 بیستەمین فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی لە ژێر دروشمی (ئەقڵی ئازادی نەوەیەکی ڕۆشـنگەر) بەڕێوەبچێت. د.نەوزاد ئەسـوەد، سـەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە هەموو پارچەکانی کوردسـتان و وڵاتانی دەرەوەش میـوان بانگهێشـت کـراون، کێبڕکێی ئەدەبیـش بۆ 7 لێکۆڵینـەوە و 7 چیرۆک و 15 شیعرە کە بەشداری فێستیڤاڵەکە دەکەن، جگە لەوەش پێشانگای کتێب و شـێوەکاری دەکرێتەوە". ڕۆژی دووەمی فێسـتیڤاڵیش تایبەت کراوە بە دیالۆگی کولتووریی کوردی- ئەرمینی کە بە دوو پانێل بەڕێوە دەچێت.

# ئیڤان و بنجامین دادەبڕێن



دەریاز یونس
ڕووداو- هەولێر

ئیڤان و بنجامین، ئەو دوو ناوەی هەمیشە پێکـەوە دەردەکەوتن و پێکەوەش گۆرانییان دەگوت، ئێسـتا لە یەکـدی جیابوونەتەوە و بنجامین خەریکی بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکی نوێیە بەتەنیا.

بنجامین بـە (ڕووداو)ی گـوت، ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئیڤانی برایدا نییە، گۆرانی گوتنیشـی بەتەنیا ئەزموونێکـە و دەیەوێت تاقیی بکاتەوە، باسـی ئەوەشـی کرد کە لە داهاتوودا گۆرانیی دیکە پێکەوە دەڵێن.

بنجامیـن گوتـی "لە ئایندەیەکـی نزیکدا گۆرانییەکـی نـوێ ئامـادە دەکـەم بەناوی دەستی پیس. گوتیشی "دەرفەت نەگونجاوە لەگـەڵ ئیڤان بەیەکەوە ئەو گۆرانییە بڵێین، بۆیـە من بـە تەنیا تۆماری دەکـەم و بڵاوی دەکەمەوە".

# کۆنسێرتەکەی باران دواخرا



ڕووداو- هەولێر

باران، خانمە گۆرانیبێژی کورد کە زیاتر گۆرانییەکانی بە زمانی فارسی بڵاودەکاتەوە و خاوەنـی دەیان هـەزار بینەرە لە یوتوب، بەنیازە بەم نزیکانە کۆنسێرتێکی گۆرانی لە ئەمەریکا سـاز بکات و دواتریش سـەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

باران بـە (ڕووداو)ی گوت "پلانم هەبوو بۆئـەوەی سـەردانی هەرێمـی کوردسـتان بکەم بۆ سـازکردنی کۆنسێرت، بەڵام دواتر پێیانڕاگەیاندم کە بارودۆخ لەوێ لەبار نییە، بۆیە پڕۆژەکەمان دواخست".

بـاران سـەرقاڵی ئامادەکارییـە بـۆ سـازکردنی کۆنسێرتێکی گەورە لە لۆس ئەنجلس، ئەو شـوێنەی کە خۆی لێی دەژی، دوای ئـەوە جارێکی دیکە بیر لە سەردانی کوردسـتان دەکاتەوە. لەوبـارەوە گوتـی "حـەز دەکـەم لە هەولێر و سـلێمانی کۆنسێرت بکەم".

بـاران خەڵکـی مەهابـادی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانە و ساڵی ڕابـردوو خەڵاتـی Big Apple Music Awards-ی وەرگرت.

# هەریری بەندی ئینگلیزی دەڵێت



دەریاز یونس
ڕووداو – هەولێر

فاخیر هەریری، گۆرانیبێژی میللی دەڵێت بەهۆی خۆشەویستیی بۆ کچێک بووە بەندبێژ، دەشڵێت بە زمانی عەرەبی و فینلاندی بەندی گوتووە و دەتوانێت بە ئینگلیزیش بیڵێت.

فاخیری هەریری کە بەندبێژێکی بەناوبانگی کوردستانە، بە (ڕووداو)ی گوت بەهۆی خۆشەویستیی بۆ کچێک دەستی بە کاری هونەری و گۆرانیگوتن کردووە، فاخیر کە بەندی بە زمانی عەرەبی و فینلەندی گوتووە، دەڵێت توانای هەیە بە زمانی ئینگلیزیش بەند بڵێت و ئەوەشی لە بەرنامەدایە.

ئەو دەڵێت، بەند وەک هەموو هونەرێکی دیکە دەتوانرێت بە جیهانی بکرێت، هەروەک چۆن ئەمەریکییەکان هونەری هیپ هۆپ-یان کردە هونەرێکی جیهانی.

# ئاراراتییەکان کۆچ دەکەن بۆ تونس



میوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

تیپـی شـانۆی ئاراراتـی کوردسـتان-ئەورووپا، بەشـداری لە فێسـتیڤاڵی نێودەوڵەتیی شـانۆی قرتاج دەکەن لە تونس و تاکە گرووپی کوردین کە دوو ساڵە لەسەر یەک لەو فێستیڤاڵەدا بەشدار دەبن.

شوان حەمەسەعید، ئەندامی تیپی شانۆی ئارارات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە لە 24ی نۆڤەمبەری ئەمسـاڵ، بە شانۆگەریی کۆچ بەشداری لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی قرتاج بکەین کە دەقەکەی لە نووسینی نووسەری پۆڵۆنی سلاڤۆمیر مرۆجیکە و لە وەرگێڕان و دەرهێنانی دکتۆر فازڵ جافە".

شـانۆگەرییەکە باس لە کێشـەی کۆچبـەران دەکات، بۆیە لە فێسـتیڤاڵی قرتاج وەرگیراوە. شـوان دەڵێت "سـاڵانە بەرهەمی شـانۆیی 50 تاوەکو 70 وڵات لەم فێسـتیڤاڵە نمایش دەکرێن کە دەبێت شانۆگەرییەکان زۆر بەهێز بن، چونکە بە چەندین فیلتەری لێژنەی پسپۆڕدا دەڕۆن".

بڕیارە دوای نمایشکردنی لە فێستیڤاڵی قرتاج، شانۆگەریی کۆچ لە فێستیڤاڵی شتوتگارت لە ئەڵمانیا نمایش بکرێت.

# هەژار ڕوو دەکاتە سینەما



میوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

هـەژار دهۆکـی، گۆرانیبێـژی کورد دەڵێـت بەهۆی ئەوەی ڕەوشـی گۆرانـی و میوزیکی کوردی باش نییە، ڕووی لە کاری سینەمایی کردووە.

هـەژار کـە لـە سـوید نیشـتەجێیە، بـە (ڕووداو)ی گـوت "ئەگەر لەبەر بارودۆخی ئێسـتای کوردسـتان نەتوانـم گۆرانی بڵێم، ئەوە دەتوانم لە بواری دەرهێنان و وێنەگرتـن پەرە بەکارەکانی خـۆم بدەم، بۆیە کورتە فیلمێکم لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی سویدی و کورد بەناوی A Stumble in the Woods بەرهەم هێناوە".

هـەژار دهۆکـی بۆ ئـەوەی بەشـێوازێکی ئەکادیمی و زانسـتی لـە بواری سـینەمادا کار بکات، ئێسـتا لە خوێندنگایەکی سینەمایی بەناوی Norrköping لە سوێد دەخوێنێت، ئەو دەڵێت فیلمەکەی نیشـانی مامۆستا و پسپۆڕانی سینەمای ئەو خوێندنگایە داوە زۆر بە دڵیان بووە، بۆیە بڕیاری داوە بەردەوام بێت.

# شاریا و ئایە دەچنەوە گوند



ڕووداو – هەولێر

شـاریا و ئایـە، دوو گۆرانیبێـژی منداڵـن و چەندیـن ڤیدیۆکلیپیـان بڵاوکردووەتەوە، لە نوێتریـن کاری خۆیاندا ڤیدیۆکلیپێک بەناوی بـەرەو لادێ بڵاودەکەنەوە کە خەڵک هان دەدات بچنەوە گوندەکان و ئاوەدانیان بکەنەوە.

سـاوێن حەمید، ئاوازدانەری گۆرانییەکـە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شـاریا و ئایە، ئەستێرەی گۆرانییەکانی منداڵانن و بینەرێکـی زۆریان هەیە، ئەمجار هەوڵمان داوە لە ڕێگەی ئەوانەوە خەڵک هان بدەین گوند و سروشتی کوردستانیان خۆشـبوێت، لەگەڵ ئەوەشـدا داوا دەکەن، خەڵک بچنەوە گوندەکان و ئاوەدانیان بکەنەوە".

ئەم دوێتە لە تێکسـتی ڕەسـوڵ سـوڵتانی و لە ئاوازی سـاوێن حامیـدە. سـابات حامیـدش دەرهێنـەری کلیپی گۆرانییەکەیە.

## بەختی ڕووداو

ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
گۆڕانـکاری نـوێ لە ڕێگایە و خۆتی بـۆ ئامادە بکە، بـە هەوڵێکی کـەم و کورتخایـەن ئەنجامێکی باش بەدەسـت دەهێنیـت. بەهۆی دیداری کەسـێکی گرنـگ، بیرۆکەیەکی نوێ دەبێتە خاڵی سەرەکیی بیرکردنەوەت.

**گا**
ئەگەر لە وەرگرتنی بڕیارێک ڕاڕایت، ئەوا بەشـێوەیەک یەکلایی بکەرەوە کە ویژدانت ئاسوودە بێت و ژیان بە دڵتەنگی بەسەر نەبەیت. کاتێکی باشە بۆ دووبارە هەوڵدانەوە بۆ کارێک کە پێشتر بێ ئەنجام بوو.

**دووانە**
هەندێک کات بابەتێکی ئاسـایی هێندە خەمبارت دەکات کە پاش ماوەیەک هۆکارەکەیت بیردەچێتەوە و کەچی خەمەکەت هـەر بەردەوامـە، ناتوانی ڕێ لە بیرکردنەوە زۆرەکەت بگریت، وا باشە تەنیا خۆت سەرقاڵی بابەتە بەسوودەکان بکەی.

**قرژاڵ**
خەم لە شکسـتەکانی ڕابـردوو مەخۆ، ڕەنگە وانەیەکی گرنگـت فێـر بـکات و ببێتە کلیلـی سـەرکەوتن. ڕووخۆش و دڵخۆش بە بەیەکجاری لە خەمێک ڕزگارت دەبێت. بەڵام گرفتی دارایی وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**شێر**
سـەبر و خۆڕاگری چارەسەری هەموو کێشە ئاڵۆزەکان دەکات، کارەکـەت وەک خـۆی بەڕێـوە دەچێـت تەنیا ماوەی جێبەجێکردنـی درێژ دەبێتەوە. ئەم ماوەیە خۆت لە هەڵچوونی کتوپڕ بەدوور بگرە.

**فەریک**
هەسـت دەکەیت دۆخەکە دەگۆڕێـت و بەخت لە کاتی پێویسـتدا هاوکاریت دەکات، چەند هەواڵێکی خۆش دەبیستی. پەیوەندییەکـی ئەڤینـداری بەهێز دروسـت دەکەیت. لە بارەی کەسێکەوە لە دوودڵی ڕزگارت دەبێت.

**تەرازوو**
بـە نەرم و نیانی هەڵسـوکەوت لەگـەڵ ئەڤیندارەکەت بکە. لە کاتی پێویسـتدا داوای هاوکاری لە خێزانەکەت بکەیت لـە خەڵکانـی دیکە باشـترە. دوای تەواوکردنی هـەر قۆناغێک پێداچوونەوە بە کەموکوڕییەکاندا بکە.

**دووپشک**
کاتێکی باشە بۆ سەردانی ئەو هاوڕێیانەت کە بەردەوام گلەییـت لێ دەکەن. بە تەلەفۆنیش بێت سوپاسـی ئەوانە بکە کـە هاوکارییـان کردوویت. گرنگیـدان بـە ئەڤیندارەکەت کەم مەکەرەوە.

**کەوان**
ئەستێرەی عەتارید دێتە کەلوەکەت، دەتوانی پلانەکانت لـە ماوەیەکی کورتدا جێبەجـێ بکەیت، توانای دەربڕینت باش دەبێـت و بـە گفتوگـۆی ژیرانە کۆتایی بـە گرفتێک دەهێنیت. قەرزێک وەردەگریتەوە.

**گیسک**
بەهاتنـی ڤینـۆس بـۆ کەلوەکـەت ڕوخسـارت گەش دەبێتەوە و بەئاشـکرا دڵخۆشـیت پێـوە دەبینرێت، وەڵامێکی خـۆش وەردەگریت کە بـە نائومێدییـەوە چاوەڕوانی دەکەیت. ئاگات لە خەرجکردنی پارە بێت.

**سەتڵ**
هاتنی ئەستێرەی مارس بۆ کەلوەکەت فشارت دەخاتە سەر بۆ ئەوەی لە هەموو هەنگاوەکانت پەلە بکەیت، لە هەندێک کاتدا ڕەشبینت دەکات بەڵام هەوڵ بدە بە دانایی بڕیار بدەیت. لە قسەکردندا ئاگات لە دڵی هاوڕێکەت بێت.

**نەهەنگ**
لە دەربڕینی وشەکانی ناخت مەترسە چونکە دەرگایەک دەکاتەوە هەرگیز بێدەنگی ناتوانێ لێی بدات. سـەرکەوتن ئەو کاتـە بەدی دێت کە شکسـتەکەت وەک خۆی قبـوڵ بکەیت و پلانێکی نوێ دیاری بکەیت.

# گەڕیدەی ناو خەیاڵ و نامە درەوشاوەکان



کامەران سوبحان

**ئەوەندە سەرشێتی حوسنی ئەو بووە دڵ**
**نازانم چ بکەم**
**دەمێ وەک گوڵ بەخەندەم**
**گاهێ وەک بولبول بە ئەفغانم**

**مەولانا خالیدی نەقشبەندی**

## کەڵکەڵەی سەفەر

گەڕیدەیەک بوو، لە نێو خەیاڵ و ڕوخسارێکی پڕ لە وزە و کۆڵنەداندا، بەشێکی زۆری تەمەنی بە نووسینی نامە بەڕێ کرد. پاش زیاتر لە دوو سەد ساڵ بەسەر مردنیدا، ئەگەر بتەوێت بەڕوونی لە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی بگەیت، پێش کتێب و پەیام و نهێنییەکانی ژیانی، دەبێت نامەکانی بخوێنیتەوە. چونکە لەناو دێڕ و وشەی نامەکانییەوە، هەموو ئەو لایەنانەی بە ڕوونی نووسیوەتەوە.

بەیانیان زوو، پێش دەرکەوتنی ڕوخساری خۆر، وەکو ڕۆژانی تر، بۆ بیرکردنەوە لە گەیاندنی پەیام و ڕێبازەکەی بە خەڵکی، خۆی و لاپەڕەی دەستنووسەکانی، لەسەر بانێژەکەی مزگەوتی (ڕەشید قەلعە بەگی) دەستی بە نووسینی نامە بۆ هاوەڵانی دەکرد. ئەو نامانە، بەشێکی زۆریان وەک دەستنووس و لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەی، ون بوون. ئەوەشی ماوەتەوە بووە بە ئاوێنەیەکی ئەو سەردەمە و بە ڕوونی لایەنە گەش و تاریکەکانی ئەو ڕۆژگارەی لێوە دیارە. ئەم گەڕیدە تەماوییەی نێو نامە و دەستنووسەکان، هەر لە سەرەتای خوێندنی زانست و ئاینەوە شەیدایەکی سەیری ژیان بووە لەگەڵ ناوەوەی خۆی، ئەمەش لەبری ئارامی و بێدەنگی، کەڵکەڵەی سەفەری لا دروست کرد و هەر جارە دڵی شەیدای شوێنێکی دوور و نادیاری سەر زەمین بووە. جارێک بەرەو هیندستان و جارێک بەرەو شام و جارێ بەرەو بەغدا و سەفەرێ بەرەو سنە.

بەیانییەک لەو بەیانیانەی کە سەرقاڵی نووسین بوو، سۆزی گەڕانەوە بۆ سلێمانی سەر دەکات. بیرکردنەوەیەکی سەیر بوو. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی سلێمانی لەم بەیانییە زووەی زیکر و نووسیندا بەو شێوە خێرایە هاتە نێو بیرکردنەوەی. هەر لەو ڕۆژانەدا بوو، شێخ قەسیمی مەردۆخی بڕوانامەی دەرچوون و مۆڵەتی مەلایەتی خالیدی ئیمزا کرد. ئەمەش هێندەی دیکە کەڵکەڵەی سەفەرەکەی بۆ سلێمانی بەجۆشتر کرد.

ئێستا جگە لە دەنگۆی سەفەری خالید لە سنەوە بۆ سلێمانی، هیچ باسێکی تر لەنێو زانایانی سنەدا نییە. دەمەو ئێوارانێکی درەنگ شێخ قەسیمی مەردۆخی، لە دوورەوە سەیری فەقێکانی نێو مزگەوتی دەکرد، چاوی چووە سەر ئەو گەنجە ڕوخسار نوورانییە کە زۆربەی کاتەکان لە نێو مزگەوتدا کتێبێکی بەدەستەوە گرتووە، بەڵام ئەم ئێوارەیە جیاواز لە ڕۆژانی تر، بەبێ کتێب بە جۆش و خرۆشەوە باوەش بە هاوەڵەکانیدا دەکات و دەستی ماڵئاواییان بۆ بەرز دەکاتەوە. بینینی ئەم دیمەنە شێخی نیگەران کرد، چونکە یەکێک لە قوتابییەکانی سەفەر دەکات. نەیدەزانی خالید بەرەو کوێ سەفەری خەیاڵ و بیرکردنەوە دەکات؟ شێخ لەم بیرکردنەوانەدا بوو کە خالید بەرەوڕووی هات و بەهەمان شێوەی هاوەڵەکانی باوەشی بەمیشدا کرد و بە تۆنێکی ئارام و پڕ لە ویقارەوە سوپاسی شێخی کرد کە ساڵانێکە لەسەر دەستی ئەو وانەی ئاین و زانست دەخوێنێت. شێخ قەسیم پرسیاری لە قوتابییەکەی کرد کە بۆچی سەفەر دەکات و ئەویش باسی گەشتێکی خەیاڵیی خۆی کرد بۆ سلێمانی بۆ بڵاوکردنەوەی وانەی میهرەبانی و لەگەڵ خۆژیان و لەگەڵ خوا ژیان. سەرەتا سلێمانی دەبێتە مەڵبەندی ئەو ڕێباز و بیرکردنەوەیە، ڕەنگە لە داهاتووشدا هەموو ناوچەکە بگرێتەوە. خالید ئەمانەی بۆ مامۆستاکەی باس کرد. لە بری وەڵام، شێخ قەسیم بەبێ دەنگییەکی تێکەڵ لە شادی و نیگەرانی، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە خالیدی بە خۆیەوە گوشی و ماڵئاوایی لێکرد، نزای سەرکەوتنی لەم ڕێگە و ڕێبازەدا بۆ کرد.



## کەمەربەستەی غەزەلی شاعیران

خالید لەو سەرەتایەوە، بەخۆی و خەیاڵێکی گەورە و کۆمەڵێک دەستنووس و هەندێ پەیامی تایبەت بە ڕێبازەکەی، دوای وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی، یەکەم وێستگەی گەشتەکەی دەستپێکرد و لە سلێمانی گیرسایەوە، پاش ماوەیەک لە بری خالید بە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) ناوبانگی دەرکرد. گەشەدان بە ڕێبازەکەی مەولانا، خستبوویە بیرکردنەوە لە ڕێگەیەک بۆ لێبوردەیی و میهرەبانی لە ناسینی خودەوە بۆ ناسینی خودا. سەرەتا ئەم بیروباوەڕە تەنها لە بیرکردنەوەی خۆیدا بوو، پاشتر دەستی بەکارکردن و بڵاوکردنەوەی کرد، لەسایەی فەرمانڕەوایی میرنشینی بابانەکاندا. بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە، ڕۆژانە یان لە سووچی ژوورە بچووک و تاریکەکەیدا خەریکی خوێندنەوە و یادکردنەوە بوو، یان خەریکی گەیاندنی ئەو پەیامە بوو بە خەڵکی سادە و میرەکان.

لەسەرەتای ئەم شۆڕشە لە بیروباوەڕ و زانیاری، میرانی بابان پێشوازییەکی گەرمیان لە مەولانا خالیدی نەقشبەندی کرد. هەرچەندە پاشتر سلێمانی بۆ مەولانا بوو بە ئاگر و لەبەر کێشە و ململانێ، ئەو شارەی مەڵبەندی گەیاندنی ڕێبازەکەی بوو، بە نیگەرانییەوە جێهێشت و بەرەو بەغدا و پاشان شام و هیندستان هەڵات. بەڵام تەنیا بوونی ئەو وەک زانایەکی مەزنی ئاینی لە سلێمانی، هۆکاری دروستکردن و دامەزراندنی مەڵبەندێکی زانستی و ئاینیی بەناوبانگی وەک (خانەقای مەولانا خالید) بوو. دروستکردنی ئەم مەڵبەندە ئاینی و زانستییە لە سلێمانی، گەورەترین ڕێزی میرانی بابان بوو لە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی).

خانەقاکەی مەولانا، جگە لە خوێندنی ئاینی و زانست، سلێمانیی لەو ڕۆژگارەدا کردبووە مەڵبەندێکی گەورەی کۆکردنەوەی زانایان و ئەدیبانی هەموو ناوچەکانی کوردستان، ئەمەش وای کردبوو کە چەندین شاعیری وەکو سالم، مستەفا بەگی کوردی و نالی لە خانەقاکەی مەولاناوە گەشە بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی بدەن. ئەم بەیتە شیعرەی سالم دەرخەری وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمەی خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندییە لە سلێمانی:

**لە ڕۆژی ئیمتیحانا دیم، بەرابەر تالب و مەعشووق**
**کەمەربەستەی هونەر هاتن، لە تیپی عەشقبازانا**
**لەلایە (نالی) و (مشوی) لەلایە (سالم) و (کوردی)**
**لە هەنگامەی هونەر گەرمی، تکاجۆ بوون لە (مەولانا)**

پاشتریش مەولانا خالیدی نەقشبەندی، بەدەر لە هەموو ئەو مەکتوبات و نووسینانەی لەسەر زانست و ئاین و ڕێبازی نەقشبەندی نووسی، لە بواری ئەدەبیاتیشدا بووە شاعیرێکی ڕەوانبێژی مەزن. بەداخەوە بەشێکی زۆری شیعرەکانی ون بوون، ئەوانەی ماونەتەوە، بەشێکیان ئاینی و بەشێکیان پیاهەڵدان و بەشێکیشیان ڕەوانبێژین لەسەر ریتمی غەزەل و بەیتە شیعرییەکانی ئەو سەردەمەی ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی کە زمانی باوی شاعیرانی ئەو سەردەمە بوو.

## کۆکردنەوەی نامەکانی دوای ڕەشەبا

لە هەر شوێنێکدا ژیابێت، جگە لە ناوبانگ و ئاین و زانستەکەی، بەشێکی زۆر دەستنووس و لاپەڕەی ڕەشکراوەی لێ بەجێماوە. مەولانا لەماوەی ئەو 50 ساڵەی ژیانی بێ ئۆقرەییدا، 18 کتێبی جۆراوجۆری ئاینی و شیکاری و زانستی و ئەدەبیی نووسیوە. کتێبێکیان دیوانێکی شیعرییە. ئەمە جگە لە نووسینی کۆمەڵێکی زۆر لە نامە و پەند و گێڕانەوە کە زۆربەیانی بۆ کەسایەتی و زانایانی بەناوبانگی ناوچە جیاوازەکان نووسیوە. زۆر لەو نامانە پەرشوبڵاو بوونەتەوە. یەکێک لەو هەوڵە گرنگانە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ کۆکردنەوەی ئەو نامانەی مەولانا خالید درابێت، لەلایەن مامۆستا و زانای مەزنی کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بووە.



مودەڕیس لە کتێبی (یادی مەردان- بەرگی یەکەم)دا، جگە لە دیوانە شیعرییەکەی و ژیاننامە و وێستگە گرنگەکانی سەفەرەکانی مەولانا خالید، باری کۆمەڵایەتی و وانە گوتنەوە و وانە خوێندن و کتێبەکانی و شیکردنەوەی تەریقەتەکەی و کاریگەری و ڕۆڵی مەولانای لەو قۆناغانەدا شی کردووەتەوە. لە (یادی مەردان)دا، نزیکەی 250 نامەی مەولانای بە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی تێدایە. ئەم کتێبە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی ناسین و ئاشنابوون بە ڕۆحی مەزنی مەولانا خالید.

دوای خوێندنەوەی ئەو کتێب و نووسینانەی لەسەر مەولانا نووسراون، ئەگەر مەولانا موڵکی میللەتێکی بێ باک لە (وشە و نووسین)ی وەک کورد نەبووایە، بە دڵنیاییەوە ئێستا وەک فەیلەسوف و گەورە زانایانی دونیا ئەژمار دەکرا. هەرچەندە چەندین توێژەری بیانی، لە کورد زیاتر ئاوڕیان لە مەولانا داوەتەوە، چەندین توێژەری وەک: مارتن ڤان بروینەسن، تێری زارکۆن، مێشێل کامپەر، ئارسەر بوهلەر نووسین و توێژینەوەیان لەسەر بیروباوەڕ و پەیامەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی نووسیوە، بەڵام ناسینی ئەم کەسایەتییە و بیروباوەڕ و ڕێبازەکەی پێویستی بە کارکردنی زیاترە.

یەکێکی تر لەو کەسانەی ساڵانێکە لەگەڵ ساخکردنەوە و کۆکردنەوەی دەستنووسی زانایانی پێشەنگی کورد کار دەکات مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداخی-یە کە لەم ماوەیەدا، بەرهەمێکی پڕ بایەخی بڵاوکردەوە، ئەویش کتێبی (مکتوبات)ی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بوو. ئەم کتێبە لە بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی هاشمییە لە ئیستەنبوڵ و لە بەیرووت بەشێوازێکی هونەریی سەرنجڕاکێش لە دووتوێی (730 لاپەڕەدا) بەزمانی عەرەبی و فارسی چاپ بووە.

لە سەرەتای ئەم کتێبەدا، وێستگە گرنگەکانی ژیان و تەریقەت و بیروباوەڕی مەولانا خالیدی نەقشبەندی باس دەکات. سەرەتا لە شوێنی لەدایکبوونییەوە لە قەرەداغ، پاشتر سەردەمی لاوی و سەرەتای خوێندنی ئاینی لە سلێمانی، دواتر دەچێت بۆ چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستان، پاشتریش وەرگرتنی بڕوانامەی زانستیی ئاینی لە شاری سنە لەسەر دەستی زانای بەناوبانگی ئەو سەردەمە، شێخ قەسیمی مەردۆخی. دووەمین قۆناغی گرنگی مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە لەم کتێبەدا خراوەتەڕوو، ئەو گەشتەیەتی بۆ هیندستان و بینینەوەی (شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی)یە. لە لاپەڕە (310)ی کتێبەدا، چوار نامەی شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی تێدا بڵاوبووەتەوە کە بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی ناردووە. هیچ کام لەو نامانە لە کۆتاییەکەیدا مێژووی نووسینی نامەکەی لەسەر نییە.

کاتێک نامەکان دەخوێنیتەوە، ئاستی کاریگەریی مەولانا خالیدت لەو سەردەمەدا بۆ دەردەکەوێت کە چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر هەموو ئەو زانا و کەسایەتییانەی لە ناوچە جیاوازەکان ناسیونی و باسی بیروباوەڕی خۆی بۆ کردوون.

پاش ئەم وێستگەیەی ژیانی مەولانا، شوێنێکی دیکەی گرنگی ژیان و مردنی مەولانا دەردەکەوێت کە ئەویش دیمەشقە. بە گەیشتنی مەولانا خالید بە شام، ئەو شار و ناوچەیەی کردە مەڵبەندی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەی. ئیدی لە وڵاتانی ناوچەکەوە سەدان کەس دەهاتن و لەسەر دەستی مەولانا تەریقەتیان وەردەگرت و دەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان. بە ماوەیەکی کەم ناوبانگی مەولانا و تەریقەتەکەی بە ناوچەکەدا بڵاوبووەوە.

قەرەداغی نامە عەرەبی و فارسییەکانی مەولانای لەم کتێبەدا جیاکردووەتەوە. پێشتر مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس نزیکەی (250) نامەی فارسی و عەرەبیی مەولانای لە (یادی مەردان- بەرگی یەکەم)دا بڵاوکردبووەوە. ئەم جارێکی تر ئەو نامانەی لە کتێبەکەدا داناوەتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێ نامەی دیکە کە هەموویان پێکەوە زیاتر لە 520 نامە دەبن. زۆربەی نامە نوێیەکان کە یەکەم جارە بڵاودەبنەوە، نامەی گرنگن و دەرخەری بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی ئەو سەردەمەن کە مەولانای تێدا ژیاوە.




نووسەر لەبارەی بایەخ و کاریگەریی سەرچاوە و نامەکانی ئەم کتێبە، لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت " لە ئیستەنبوڵ زیاتر لە 130 نامە و نووسراوی بڵاونەکراوە لە دەستنووسەکەی (شێخ مەحموودی شێخ کاکە حەمە) و زیاتر لە 80 نامە و نووسراوی بڵاونەکراوەی تری مەولانا خالیدی نەقشبەندیم دۆزیوەتەوە، بەمەش لەم کتێبەدا زیاتر لە 200 نامەی عەرەبی و فارسیی مەولانا هەن کە یەکەمجارە بڵاودەبنەوە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە پڕ بایەخەکانی کتێبخانەی کوردی، بەتایبەتیش لە بواری شیکردنەوە و توێژینەوە لەسەر بیروباوەڕی نەقشبەندی و عیرفانیەت و دەستنیشانکردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەم و قۆناغەی ئەم بیروباوەڕە تێیدا گەشەی کردووە، ئەوەی گرنگ بوو لەم کتێبەدا بکرێت دوو لایەنە:

**یەکەم:** وەرگێڕانی نامەکان بۆ زمانی کوردی. لەبەر ئەوەی زمانی مەجاز و زاراوەسازیی مەولانا لەو نامانەدا کە مێژووەکەی بۆ 200 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، زمانێکی ئاڵۆز و قورسە. ڕەنگە نەوەی نوێ بە ئەستەم بتوانن ئەو نامانە بخوێننەوە و چێژی لێ ببینن، ئەمەش بەشێک لە هەوڵ و کۆششی نووسەر سنووردار دەکات. ناکرێت بڵێین ئەم هەوڵانە بۆ خوێنەرانی فارسی زمان و عەرەبی زمانن. چونکە لە کتێبخانەی ئەواندا زۆر زیاتر لە کتێبخانە هەژارەکەی خۆمان لەسەر مەولانا خالید، کتێب و سەرچاوەی گرنگ هەن.

**دووەم:** لەگەڵ وەرگێڕانی نامەکاندا، دەکرا توێژەرێک یان خودی مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی، خوێندنەوەی بۆ هزر و بۆچوونی مەولانا خالید بکردایە. چونکە لە زۆرێک لە نامەکانیدا کە بۆ والی و کەسایەتییە ناودار و زانا ئاینییەکان نووسراون، باسی بیروباوەڕ و تەریقەتەکەی خۆی دەکات. بەمەش لە مانای نێو ئەو نامانەوە، خوێنەر زیاتر بە بیروباوەڕ و بۆچوونی مەولانا خالید بۆ ژیان و ئاین و مرۆڤ و ڕێبازەکەی ئاشنا دەبێت. بەڵام من وەک خوێنەرێک بە ماندووبوون و هیلاکییەکی زۆر، ئەوسا توانیم ئەو نامە درێژ و وشک و ئاڵۆزانەی مەولانا خالید بخوێنمەوە.







# دیکالیۆنس و پیرا (ئوستوورە و لێکدانەوەی فەلسەفی)

میشێل پیکماڵ
وەرگێڕانی (لە فارسییەوە): کیشوەر پیرۆتی

ڕۆژێـک هەواڵیان بـە زیوس دا، گوتیان مرۆڤەکان لە ڕێی ڕاست و دروست لایانداوە و ڕێـز لە خوداکان ناگـرن. زیوس بەپەلە دابەزییە سـەر زەوی، بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی ڕاستی و دروستیی هەواڵەکە ببینێت. بەڵام ئەوەی کە بە چاوی خۆی دیتی، زۆر خراپتـر بـوو لەوەی بیری لـێ دەکردەوە. خانەخـوێ دزیی لە میوانەکەی دەکرد، ژن مێردی خۆی ژەهرخوارد دەکرد و کوڕ ڕێزی لە باوکی نەدەگرت... زیوس حەجمینی لێ هەڵگیرا و شـارە گەورەکانی بەجێهێشـت و ڕووی لـە گوندەکان کرد، بەشـکم لەوێ کەمێـک مرۆڤایەتـی بدۆزێتەوە. گەیشـتە وڵاتـە دوورەدەسـتەکەی شـا لایکایـۆن. لەوێ شـا میواندارییەکی بۆ ساز کرد و بۆ لاسـاری، بە گۆشتی مرۆڤ میوانداریی لێ کرد. ئەم ڕووداوە وەکو پریشـکی ئاگر بوو کە لە کۆگای بارووت دەدا.

زیـوس هێنـدە تـووڕە بـوو، بڕیـاری دا مـرۆڤ لەسـەر زەوی نەهێڵێـت. ئیتـر پۆسـایدۆنی بـرای کە خـودای دەریا بوو، بانـگ کـرد و داوای لێ کرد سـەرلەبەری مەخلوقاتەکـەی لـە ئـاودا نوقـم بـکات. بەمجـۆرە بارانێکی بەخـوڕ دایکرد و لافاو هەسـتا و زەوی هەتا لووتکـەی کێوەکان وەژێر ئاو کەوت. ئەم بارانە نۆ شـەو و نۆ ڕۆژ بەردەوام بوو، هەتا مرۆڤ بەتەواوەتی لەنێو چوو.

لەسـەر زەوی بێجگە لـە دیکالیۆنس و پیرای هاوسەری کە دڵێکی پاکیان هەبوو، هیچ کەسـی دیکە نەما. دیکالیۆنس کوڕی پرۆمێتیـوس بوو، هەر پرۆمێتیوسـیش لە هەستانی تۆفانەکە ئاگاداری کردەوە. بۆیە هەر کە باران دایکرد، دیکالیۆنس و پیرای هاوسەری چوونە نێو سندووقە دارینەیەکی گەورەی پڕ لە خۆراک و پێداویسـتییەوە و تێیدا حەوانەوە.

کـە بارانەکـە خۆشـی کـردەوە، لـە سـندووقەکە هاتنـە دەرێ و بینییـان بەسـتێنێکی بەرینی ئاو لە بەردەمیاندایە، دەسـتیان بۆ نزا و شـوکور بـەرز کردەوە کە بە سـەلامەتی ڕزگاریان بـووە. زیوس گوێـی لە دەنگیان بوو. زیوس دەیزانی کە دیکالیۆنـس و پیرا دڵێکـی پاکیان هەیە، بۆیە فەرمانی کرد، ئاوەکان بنیشنەوە.

دیکالیۆنـس و پیـرا دەسـتیان لەنێـو دەستی یەکتر نا و وەک بڵێی ئەمە یەکەم ڕۆژی دنیایـە، ماوەیەکـی درێـژ بـە ڕێدا ڕۆیشـتن و گەیشـتنە چیای پارناسیوس. لەوێـوە بەپەلە خۆیان گەیاندە پەرسـتگە تایبەتییەکـەی زیـوس. لـەوێ کـە بـەدەم گریانـەوە گلەییـان لـە تەنیاییـە ترسـناکەکەیان دەکـرد، دەنگێـک کەوتە بەرگوێیان: "لەم پەرسـتگەیە بچنە دەرێ و بـەدەم ڕێوە ئێسـکەکانی دایەگەورەتان فڕێدەنە پشت خۆتانەوە".

لە پەرسـتگەکە هاتنـەدەرێ و کەوتنە فکـرەوە کـە دەبـێ ئـەم مەتەڵـە بـە چ مانایـەک بێت. دیکالیۆنس بە دەنگی بەرز گوتی: "بێگومان... دایەگەورەمان زەوییە، چونکـە خۆراکـی ئێمە لـە زەویـڕا پەیدا دەبێـت. بەڵام ئێسـکەکانی دایەگەورەمان دەبێ بە چ واتایەک بێت؟"

پیـرا گوتـی: "حەتمـەن مەبەسـتی بەردە...؟"

بەبـێ ئـەوەی زۆر دڵنیا بـن، فەرمانی دەنگەکەیـان بەجـێ هێنـا. خڕکەبـەردی درشـتیان کۆکردەوە و بەسـەر سـەریاندا هاویشـتیانە پشـت خۆیانـەوە. لەنـاکاو موعجیزەیـەک هاتـە دی. هـەر بەردێکـی پیـرا فڕێـی دەدا، دەبـوو بـە ژنێـک و هەرچی دیکالیۆنسـیش فڕێی دابایە دەبوو بـە پیاوێک. بەمشـێوەیە زەوی پڕ بوو لە مـرۆڤ و ڕەچەڵەکی مرۆڤ کە لەو بەردانە کەوتەوە، تاهەتایە هێز و خۆڕاگریی بەردی پاراست.

## لێکدانەوەی فەلسەفی:

بەشـێک لـە کتێبـی پیـرۆز باسـی بەسـەرهاتی نووح دەکات کـە چۆن خودا نووحـی هەڵبـژارد تاوەکـو هەمـووان لە زریانێکـی چاوەڕوانکـراو ڕزگار بـکات. ئوسـتوورەی دیکالیۆنـس و پیـرا لەگـەڵ بەسـەرهاتی کەشتییەکەی نووح لە کتێبی پیـرۆزدا زۆر لێک دەچـن. بەڵام کۆمەڵێک حیکایەتـی زۆر کۆنمـان لـە ناوچەکانـی نێوان چۆمان (بین النهرین) پێ شک دێت کە باسـی زریانێکـی گـەورە دەگێڕنەوە. حیکایەتـی داسـتانی گلگامێـش یەکێکـە لـەو حیکایەتانـە. هەروەهـا کۆمەڵێـک حیکایەتی دیکەش لە شارسـتانەتییەکانی دیکـە لەبەردەسـتدا هەیـە کـە هیـچ پێوەندییەکیـان بە یۆنانییەکانەوە نەبووە، وەکو ئەفریقاییەکان یان سوورپێسـتەکانی هۆپی یان سوورپێستەکانی ئەلگۆنکیون لە ئەمریـکای باکوور. ئەم حیکایەتانە زانایان دەخەنە بەرەگەی بابەتێکی ڕژدەوە: ئاخۆ ئەم ئوستوورانە ئاسـەواری بیرەوەرییەکی زۆر زۆر کـۆن نین کە بەڵایەکیان لە زەیندا هەڵگرتبێـت، کـەوا سـەردەمانێکی زۆر کەونـار بەسـەر هەسـارەکەماندا هاتووە؟ زۆرکەس بەمجۆرە بیر دەکەنەوە. هەروەک دەبینیـن، جـاری وایە ئوسـتوورە لەگەڵ زانست پێوەندی دروست دەکات.

## سەرچاوە:

میشـل پیکمـال، حکایت های فلسـفی (اسگورەهای یونان باستان).



# لەڕوانگەی(ئۆشۆ)وە



حەمەسەعید حەسەن

(13)

ئەگـەر لە سـێکس بـەولاوە، هیچی دیکە شک نابەیت، کەواتە خاوەنی هیچ نیت، دەزگایەکیـت ئەرکێکی بایەلۆجی کـە وەچـە خسـتنەوەیە، جێبەجـێ دەکەیـت و هیچـی دیکـە. ئینسـان ئامێرێـک نییە لە کارگەیەکـدا، کرۆکی بوونی ئینسان، بریتییە لە خۆشەویستی و دەتوانێـت کەسـێکی هێنـدە خـۆش بوێـت، هاوڕێیەتییەکـی هێنـدە قووڵی لەگەڵ ببەسـتێت، بە دڵ پێکەوە سەما بکـەن و ببـن بـە یـەک ڕۆح، ئەوسـا کەسـیان پێویسـتیان بە ئایین نابێت، ئاخـر خۆشەویسـتی پیرۆزترین ئایینە و تەنیـا خۆشەویسـتی بـەرەو لای ئەو حەقیقەتەمان دەبات کە دەتوانین ناوی بنێین خوا.

ئەگەر تەنیا بیر لە سێکس بکەیەوە، ئەگەر لە مانای خۆشەویسـتیی حاڵیی نەبیت، ئـەوا بەردەوام ڕووت لە نشـێو دەبێـت، دەتوانیـت منـداڵ بەرهـەم بهێنیت و ژیان بە شتی پووچەوە بەڕێ بکەیـت، بـەڵام دەمریـت و تێناگەیت، حەقیقەتی ژیان بـەری چ دارێکە. ئەوە خۆشەویسـتی نییە، ئەگەر پێت وابێت، چونکە کەسێکت خۆش دەوێت، کەواتە موڵکـی خۆتـە، ئـەوە خانەگومانـی و چاوچنۆکییە، ئاخر ئەگەر کەسـێک بە موڵکی خۆمان بزانیـن، وەک ئەوە وایە بیکوژیـن، خـۆ ئینسـان کاڵا نییە، تا خاوەنـی هەبێت. خۆشەویسـتی لە کن کۆنخوازان کۆیلایەتییە، ئەگەر نا، خۆی ئازادییە.

خۆخۆشویسـتن، خۆپەرسـتی و لووتبڵنـدی نییە، ئاخر خۆشەویسـتی لە دڵی خۆمانەوە دەسـت پێ دەکات و ئەگەر خۆمان خۆش نەوێت کە نزیکترین کەسـین لە خودی خۆمانـەوە، ناتوانین ئەوانـی دیمـان خـۆش بوێـت. ئـەوە سرووشـتییە هەموو کەس، جەسـتەی خـۆی و ڕۆحـی خـۆی خـۆش بوێت، چونکـە بەوە جوانتر دەبێت. کەسـێک خۆی خۆش بوێت، کەسـێکی بێدەنگی لـێ دەردەچێـت و زیاتـر بـە ڕامانەوە خەریک دەبێت. وەک چۆن ئەگەر ماڵی خۆتت خۆش بوێـت، جوان ڕایدەگریت، بـۆ خۆیشـت هـەر وایە، ئەگـەر خۆت خـۆش بوێت، خـۆت پـاک ڕادەگریت. ئەگەر کەسـێک نەتوانێـت خۆی خۆش بوێـت، ئەسـتەمە کەسـانی دی بتوانن خۆشیان بوێت.

لـە ژیانـدا بێلایەنـی نییـە، ئەگەر نەتوانیـت خۆت خۆش بوێت، ئەوا ڕقت لـە خـۆت دەبێت، کەسـێکیش ڕقی لە خۆی بێت، ڕقی لە ژیان و لە خەڵکیش دەبێـت. ئـەوی خـۆی خـۆش نەوێت، کەسـێکی تێکـدەر و تـووڕە و دڵڕەقی لـێ دەردەچێت، خەڵکیـش ناچار نین کەسـی وایـان خـۆش بوێت. خـۆم و خۆشەویسـتی، وەک تاریکی و ڕووناکی وان، پێکەوە هەڵناکـەن، کە دووەمیان هـات، یەکەمیان بـزر دەبێت، کە خۆت خۆش ویسـت، خۆت بـزر دەبیت، هەر خۆشەویسـتی دەمێنێت. کە یەکێکمان بـە ڕاسـتی خۆش ویسـت، وا لە ناویدا دەتوێینـەوە، هەسـت بـە بزربوونـی خۆمان دەکەین، ئەو خۆشەویستییە بە خۆخۆشویستن دەست پێ دەکات.

کە خودی خۆت خۆش ویست، ئیدی هەر خۆشەویستی دەمێنێتەوە و خودی خۆت بزر دەبێـت، وەک چۆن بە هەتاو بەفـر دەتوێتەوە، بە خۆشەویسـتییش خود بـزر دەبێت. تا زیاتر خودی خۆت خۆش بوێـت، زووتر خـودی خۆت بزر دەبێت، خودبزربوونیش لووتکەی ڕامانە و نزیکبوونەوەیـە لـە باڵایـی. تـۆ کە لەم هاوکێشـەیە تێناگەیت، هی ئەوەیە خۆت خۆش نەویسـتووە، کەست خۆش نەویسـتووە، بەڵام وابەسـتەی ئەم یان ئـەو بوویت. ئەگەر لەناکاو هەسـتت بە بزربوونی خودی خۆت کردووە، ئەوا هەم خۆت خۆش ویسـتووە و هەم کەسێکی دیکەیـش. جوانیـی خۆشەویسـتیی لەوەدایە کە دوو ئەوینداری ڕاسـتەقینە لەتەنیشت یەکەوە دادەنیشن، ئەوە دوو کەسی بێ خودن، خودیان بزربووە، هەر خۆشەویستییان لێ ماوەتەوە.

ئەوی خـودی خۆی خـۆش نەوێت، کەسێکە نێرگزی و لەخۆبایی. نەرسیس خودی خۆی خۆش نەدەویسـت، وێنەی خۆی خۆش دەویسـت، تا وێنەی خۆی لە ئاوەکـەدا نەدیتبوو، شـەیدای خۆی نەبووبـوو، بـەڵام ئـەوی خـودی خۆی خۆش بوێت، پێویستی بە ئاوێنە نابێت، ئاخر خود لە ئاوێنەدا بەدەرناکەوێت و بۆ ئەوەی بزانین، ئێمە هەین، پێویسـتمان بـە ئاوێنـە نابێـت. ئەوەی نەرسـیس وێنـەی خۆی خـۆش ویسـت، جۆرێک بوو لە دوولەتبوونی کەسایەتی، نەک لە خۆشویسـتنی خود، ئاخر بـوو بە دوو کەس، هەم عاشق و هەم مەعشووقیش.

کـە حـەزت لە ژنێـک کـرد، ئاگات لەوە بێت ڕەنگە خۆشەویسـتی نەبێت، نارسیسـیزم بێت، ڕەنگـە ڕووی ژنەکە، چاوەکانـی و وشـەکانی ڕۆڵـی گۆمێک بگێـڕن و وێنـەی تـۆ پیشـان بـدەن. نزیکـەی نەوەدونـۆ لـە سـەدی ئـەو حاڵەتانەی پێمان وایە خۆشەویستیین، ڕاسـتییەکەی نارسـیزمن، ئاخـر پیاو، ژنـەی وەک هەیـە خـۆش ناوێـت، ئەو هەڵسـەنگاندنەی خـۆش دەوێـت، ژنە بۆی دەکات، ئـەو ڕێزەی خۆش دەوێت ژنە لێـی دەنێت، ئـەو بایەخەی خۆش دەوێـت ژنە پێـی دەدات و ئەو ڕێژنەی ستایشەی خۆش دەوێت، ژنە بەسەریدا دەبارێنێـت. ئیـدی ئەو بە تـۆ دەڵێت: قەت کەسـی لە تۆ مەزنتـرم نەدیتووە! تۆیش بەو دەڵێیت: تۆ شاکاری خوایت و دووبـارە نابیتـەوە! بـەو شـێوەیە ستایشـکردنی یەکتری درێژەی دەبێت. ئەوە نارسیسیزمە، خۆشەویستی نییە، ژنەکـە دەبێتە گۆمێـک وێنەی پیاوەکە پیشان دەدات، پیاوەکە دەبێتە گۆمێک وێنـەی ژنەکـە پیشـان دەدات، بـەڵام گۆمەکـە وێنـە ڕاسـتەقینەکە پیشـان نادات، جوانتری دەکات، ئەوەندە جوان، خۆمان شـەیدای خۆمـان دەبین، بەڵام ئـەوە خۆشەویسـتی نییـە، ڕازیکردنی منێکی یان خودێکی تینووە بۆ ستایش، هەرچەندە خۆشەویسـتیی ڕاستەقینە، من یان خود ناناسێت.

خۆشەویسـتی بە خودخۆشویسـتن دەسـت پـێ دەکات، بوونـی خـۆت، جەسـتەی خۆت و ڕەگوڕیشـەی خۆت وەک هەیـت، خـۆش دەوێت و بە خۆت قایلیت، خۆت بە کەس بەراورد ناکەیت، هەر کە خۆت بە کەسێکی دیکە بەراورد کرد، لەوێوە لووتبڵنـدی پەیدا دەبێت، خۆشەویسـتی بـزر دەبێـت و فریودان دێتـە گـۆڕێ. ئەوە ئاسـاییە بە ژنێک بڵێیت خۆشـم دەوێیـت، بەڵام کە پێت گوت: لـە کلیۆپاترا جوانتریت، یان ئەو بـە تۆی گوت: لە ئەسـکەندەری گەورە مەزنتریت، ئـەو بەراوردکارییە، جۆرێکە لە نارسیسیزم، بۆ گەورەنیشاندانی خود دەکرێـت، هەرچەندە کە خۆشەویسـتی هات، دەبێت خود بزر ببێت.

2016 .10 .25
ستۆکهۆڵم

(*) أوشو، الحب و الحريه و الفردانيه، ترجمـه: ميتـم الجايـع، دار الحوار 2013 اللاذقيه.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# شوکور هۆشیارە لە بەغدا

پۆپۆلیست کەسێکە ختووکەی هەستی عەوام دەدات، جا تا عەوام نەخوێندەوارتر و هیچ لەباردانەبووتر بن، بازاڕی پۆپۆلیستیش گەرمتر دەبێ، ئەوە بۆیە ڕێزدار شێخ ئارام محەممەد کە لەسەر شەقام دەیکا بە هات و هاوار، مامۆستایان کە گوایە چینی خوێندەواری گەلن، دەمێ هووها دەکێشن و دەمێکیش بە یەک دەنگ هاوار دەکەن، عەبادی عەبادی.

پۆپۆلیست کەسێکە نە داتای لە کنە، نە ئارگیومێنت، ئاخر داتا و ئارگیومێنت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەری وریایە. ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەری وریا لە کۆمەڵگەی زیندوودا دەبێ و کارێکی سەختیشە، کاکە شێخ باش دەزانێ ئەوە بۆ کوردستان کار ناکات، ئەوە بۆیە هانا بۆ فیکە و هۆیها دەبات، ئاخر فیکە و هۆیهاکێشان لە کن پۆپۆلیست، جێگەی داتا و ئارگیومێنت دەگرێتەوە.

ئەوە ئاساییە هاووڵاتییەکی کوردستان بێت و تا ڕادەی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ئەزموونە شەپرێوەکەمان دژی دەسەڵاتدار بێ، ئەوەیان سەیرە هاوزەمان شەریک و دژە دەسەڵاتیش بێ، ئاخر ئەوە هاووڵاتییە دێتە سەر شەقام خۆپیشاندان دەکات، ئەمما کە شەریکە دەسەڵات خۆی هاتە سەرشەقام، ئەوە هەڵوێست نییە، ئەوە سواربوونی شەپۆلی باوە. ئەوە ڕێک ئەو کارەیە کە پۆپۆلیست دەیکات.

شەرت نییە ناو، ئاوێنەی ناواخن بێت، ئەوە بۆیە کە خاتوو حەنان فەتلاوی داوای سزادان و گوێڕاکێشانی دەسەڵاتی کوردی دەکات، هۆشیار عەبدوڵڵا لە تەکیەوە سەری ئەرێی بۆ دەلەقێنێ، ئەوە تەنیا لە کن گۆڕان هەیە داوای سووککردنی ئەو حکوومەتە بکەی کە وێڕای ئەوەی لێی دەرکراوی، دەستبەرداری نابی، ئەی ئەوە نییە چڤات و شت هێشتا ئاوی زاریان بۆ لەتە نانی ئەو دەسەڵاتە دەڕژێ کە بە زەبری هێز لێی وەدەر نراون؟

ئەوەیان ئاساییە هاووڵاتییەکی تووڕە و مافخوراو، ڕەحمەت بۆ سەردەمی سەددامی گۆڕبەگۆڕ بنێرێ، ئەوەیان سەیرە نوێنەری گەل لە بەغدا، داوا لە حکومەتی شیعەی ئێران لە عێراق بکات، حیسابی تووری قورلوی بۆ حکومەتی کوردستان بکات، خۆ وەنەبێ حکومەتەکەی خۆشمان زەریف و ماقووڵ بێ، فەقە هانابردن بۆ نەیار، دوور لە ڕووی ئێوە لە کوردیدا پێیدەڵێن جاشایەتی.

لەبری ئەوەی بزووتنەوەیەکی بەرپرسیار لەبەرامبەر خەڵک، پێشنیازە قۆڕەکەی کاک هۆشیار، لەبارەی بازدان بەسەر حکومەتی کوردستاندا ئارام بکاتەوە، کاک ئارام دێتە سەرشەقام و هەمان پێشنیازی قۆڕی هۆشیار کردەوە، هێژا کاک ئارام، وەک بڵێی خۆشی پێهاتبێ، هەمان ئەو هۆیها کێشانەی لە بەغدا لەخۆی کرا، لە سلێمانی گەرمی کردەوە. لەو ڕۆژەدا کە هێژایان ئەندامانی جڤاتی نیشتیمانیی بزووتنەوەی گۆڕان نەیانتوانی بڕیاری دەستبەرداربوون لە چوار پێنج پۆستی حکومەتێکی ئیفلیج بدەن، کاک ئارام، عەوامی نەخوێندەواری هان دەدا بیلرووح بیلدەم بۆ عەبادی بڵێن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کاتی کۆنگرەی نەتەوەییە

هیچ کاتێک بە ئەندازەی ئێستا نێوانی هێزە سیاسییەکانی کورد خراپ نەبووە، تەنانەت ئەوکاتەش کە شەڕی براکوژی لەنێوان چەند هێزێکدا هەبوو، لانی کەم ئەوکات هەریەک لە بەرەیەکی شەڕەکە چەند حیزبێک هاوپەیمانی بوون و هەمووشیان پێکەوە دوژمنێکی هاوبەشیان هەبوو. هێزە سیاسییەکانی دیکەی بەشەکانی کوردستانیش ئەگەر ڕۆڵی نێوەندگیریان نەبووبێت، تاڕادەیەک بێلایەن بوون. بەڵام ئێستا هەموو هێزەکانی کورد لە تەواوی کوردستان خەریکی ململانێی یەکترن و دوژمنە سەرەکیەکانیان لەبیرکردووە.

بارودۆخی سیاسی ناوچەکەش لەبەردەم ئاڵۆزیی زۆر و کۆمەڵێک ئەگەر و پێشهاتدان کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر کوردستان دەبێت، دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان خەریکی خۆکۆکردنەوە و خۆڕێکخستن و خۆپڕچەککردنن، هەموو سەرنجیان لەسەر میراتی ئەم جەنگەیە، هەر یەک دەیەوێ لەوە زیاتریان دەستکەوێت کە ئێستا هەیانە. کوردیش خاوەنی شتێکی دانپێدانراو نین، ئەوەی هەشمانە لەبەردەم مەترسیدایە.

لە ڕۆژهەڵات و باکوور جێ پێیەکمان نەکردووەتەوە، لە ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ ئەوەی بناغەی ماڵۆچکەیەک دانراوە، بەڵام بە قۆناغێکی ڕاگوزەری مەترسیداردا تێدەپەڕێت. هەرێمی کوردستانیش سەرباری ئەوەی وا چارەکە سەدەیەک تەمەنی حوکمی خۆبەڕێوەبەرێتی تێدەپەڕێنێ، بەڵام ئەمیش دۆخی ناوخۆیی یارمەتیدەرە بۆ داڕووخان.

پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانیانەی بۆ دوای داعش هەبوون، لە ئەگەری دابەشبوون و سەرلەنوێ کێشانەوەی نەخشەی سیاسیی ناوچەکەدا کە دەگوترا کورد لە هەریەک لە عێراق و سووریا گەورەترین سوودمەندی ئەم جەنگە دەبێت و ئەوەش دەبێتە یارمەتیدەر بۆ بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە تورکیا و ئێران، ئێستا هاوکێشەکان گۆڕاون و بەشێوەیەکی گشتی کورد لە هەمووان زیاتر لەبەردەم مەترسیدایە. نەک ئەگەری دەستکەوتی زیاتر و خۆشکردنی زەمینەی گەشەکردنمان لەبەردەم نەماوە، بەڵکوو ئەوانەی پێشتریش بەدەستمان هێنابوون، مەترسی لە دەستچوونیان هەیە.

هۆکارگەلی زۆر هەن بۆ گۆڕینی ئەم هاوکێشەیە، بەرژەوەندیی دەوڵەتان و پێویستیی ڕاگرتنی هاوسەنگیی هەرێمایەتی و مەترسی لە کۆنترۆڵ دەرچوونی نەخشەکە لە ئەگەری هەر دەستکارییەک، بە ئەندازەی ئەو هۆکارانەش یەک نەبوونی کورد و نەبوونی ستراتیژیەتێکی دیاریکراوی کوردی لە ناوچەکەدا، مایەی لاوازیی پێگەی کورد دەبن بۆ دوای ڕووداوەکانی ئێستا. ئەمڕۆ ئەو قۆناغە تێپەڕیوە کە کورد گەلێکی نەناسراوبێت، بە پێچەوانەوە جیهان ئاشنایە بە کورد، بەڵام نازانرێت کورد چی دەوێت؟ ئایا مایەی هەڵوەستەو لەسەروەستان نییە گەلێکی زیاتر لە چل ملیۆنی و دابەشکراو لە نێوان چوار دەوڵەت، ستراتیژێکی ڕوونی نەبێت؟ لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە وەک خۆمان خاوەن ئەجێنداو ئامانجێکی ڕوون نین، دابەش بووین بەسەر ئەجێندا و ئامانجی هێزە ئیقلیمییەکاندا. ئەوەش وای کردووە هێزە سیاسییەکانی کورد چ لە ناوخۆی هەر بەشێکی کوردستان و لەنێوان پارچەکانیشدا، زیاتر لە دوژمنایەتییان بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکان، دوژمنی یەکتر بن. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیە تاڵەیە کە لەبری چنینەوەی دەستکەوت و بەری ڕەنج و خوێنی قوربانیەکان، دەبێت چاوەڕێی مەترسی بین، مەترسی بەریەککەوتنی براکان. لە باشترین حاڵەتیشدا ئەگەر بەریەک نەکەوین، دەبێ وزە و تواناکانمان لە ململانێی یەکتر بەهەدەر بدەین و چاوەڕێی باشتر نەکەین.

بۆیە لە دۆخێکی شێواوی وەک ئێستای ناوچەکە و پەیوەندییەکی ناتەندروستی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و هەلومەرجێکی پڕ لە گومان بەرامبەر بە یەکتر، لە هەمووکات زیاتر پێویستمان بە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەیە. ئەوی دەیان ساڵە کاری بۆ دەکرێت و هەر جارەی بەهۆی هەلومەرجێکی تایبەت و دۆخێکی نەخوازراوەوە لەبار دەبرێت. سێ ساڵ لەمەوبەر ئەوکات بەهۆی "کەشی دۆستانەی" نێوان حیزبە سیاسییەکان و گیانی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوانیانەوە، ئامادەسازی زۆری بۆ کرا و قۆناغی زۆریان بڕی، بەڵام دواجار بەهۆی سەرهەڵدانی هەندێ ناکۆکیی بچووک لە نێوان "پەکەکە و پارتی" پرۆسەکە ڕاگیرا. ئەگەر پێشتر چاوەڕوانییەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، خۆشکردنی زەمینە و کەشی ئاشتەوایی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردی هەر چوار پارچەکە بوو، ئێستا بەپێچەوانەوە نەبوونی زەمینە و ناکۆکیی نێوان لایەنەکان و مەترسیی بەریەککەوتن و ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی لە بەردەم کوردی هەموو بەشەکانی کوردستاندان، ئەوەمان لێدەخوازێت کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستین، ئەویش لانیکەم بۆ دانانی ئامانجێکی هاوبەش و دیاریکردنی ستراتیجێک کە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان پابەند بکات پێوەی، ئەمەش بەر لە هەر شت لە مەترسی بەریەککەوتن دوورمان دەخاتەوە و لەبری ململانێ زەمینەی هاوخەباتی خۆش دەکات.

پرسیارێکی بەجێیە ئەگەر بگوترێت میللەتێک لە هیچ کام لەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی ڕابردوو کە ناکۆکی و ململانێ و دابەشبوون بەسەر جەمسەرەکان بە ئەندازەی ئێستا نەبووبێت، نەیتوانیبێت کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستێ، لە بارودۆخێکی دژواری وەک ئێستادا چۆن دەتوانێت ئەم کارە بکات؟ بەڵام سەرکردە دەبێت کەڵک لە قەیرانەکان و دەرفەت وەرگرێت و دۆخی مەترسیدار هەڵگێڕێتەوە. ئێستا سەرەڕای بوونی هەڕەشە و مەترسیی دەرەکی لەبەردەم ئایندەی کورد لە ناوچەکە، بوونی ناکۆکی و بەدگومانییەکی زۆر لە نێوان پارتی و پەکەکە دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، ترس و گومانیان لە یەکتری گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئەولەویەتی دوژمنەکانی پێ گۆڕیون و هەریەک بەپلەی یەکەم ئەوی دیکە بە مەترسی بەردەمی خۆی دەبینێ، پەیەدە و پارتیش بە هەمان ڕێچکەدا دەڕۆن. دەکرێت دەستگیرکردنی دەمیرتاش دەرفەتێک بێت بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی نێوانیان و بکرێت بە کلیلی کردنەوەی دەرگای قۆناغێکی تازە. ئەمەش تەنها بە بارزانی دەکرێت.

بارزانی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ تورکیا و دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ ئەردۆغان هەیە، دەتوانێت ئەو پەیوەندی و دۆستایەتیەی بەکاربەرێت بۆ ڕاگرتنی پرۆسەی دادگایی دەمیرتاش و هەوڵی ئازادکردنی بدات. ئەردۆغان سەرەڕای سەرەڕۆییەکانی و گوێنەدان بە لێکەوتە و کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان بەرانبەر بە دەستگیرکردنی دەمیرتاش، بەڵام لە هەلومەرجێکی وەک ئێستادا جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێم و پێویستی پاراستنی ڕەچاو دەکات و لەم تەوقیتە و لە کەیسێکی لەم جۆرەدا قسەی بارزانی ڕەت ناکاتەوە. بۆیە پێویستە بارزانی ئەم ڕێگەیە بگرێتەبەر و بەمەش دەرگایەکی تر لە پەیوەندیی نێوان خۆی و پەکەکە دەکاتەوە و دەتوانێ ئەو هاوسۆزی و پشتیوانییەی ئێستا بۆ دەمیرتاش هەیە، ئیستیغلال بکات بۆ خۆشکردنی زەمینەی کۆنگرەی نەتەوەیی.

بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەلومەرج و دۆخێکی پڕ لە چاوەڕوانیی گۆڕانکاری و مەترسی، لە هەموو کات پێویستترە، بە تایبەتیش کە کورد چەند ئەزموونێکی هەیە لەوەی هەمیشە لەکاتی شکست و هەڕەشە و مەترسیدا، بیریان لە یەکێتی نێوانیان کردووەتەوە.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# ترەمپی نوێ و درۆی پۆپۆلیزم

پاش دوو سەدە لە مێژووی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هیچ یەکێک لە خولەکانی ئەم پرۆسەیە وەکو هەڵبژاردنی نۆڤەمبەری 2016 ، گەلی ئەمەریکای بەسەر دوو سەنگەر و دوو تێڕوانینی تەواو دژ بەیەک و شەڕانگێز تا ئاستی ڕەتکردنەوەی یەکدی، دابەش نەکردووە. کێبڕکێی سەرۆکایەتی نێوان هیلاری کلینتۆنی دیموکرات و دۆناڵد ترەمپی کۆماری، سەختترین جەنگی پێکدادانی نێوان هەژار و دەوڵەمەند، نوخبەی ڕۆشنبیر و پۆپۆلیست، ڕەوەندی ئەنگلۆسەکسۆنی خۆبەخاوەنماڵزانی ئەمەریکا و نەتەوەکانی دیکەی دەرەوەی ئینگلیزی زمان و هەمیشە بە میوان دانراو لە ئەمەریکا، جەنگی نێوان سپیپێست و چاوشین و چینی نازدار و دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵاتی ئەمەریکا لەگەڵ ڕەشپێست و سەرڕەش و ئەسمەر و ڕەگەزە کەنارخراوەکانی ئەمەریکای تەقاندەوە.

پێش هەشت ساڵ، باراک ئۆباما خەونە ئەمەریکاییەکەی قەشە مارتن لۆتەر کینگی ڕەشپێستی هێنایە دی و بۆ جارێک هەموو ئەمەریکای لەگەڵ یەکدیدا ئاشت کردەوە بەوەی هەموو ئەمەریکییەک بە جیاوازیی ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و ئاینییەوە، دەتوانێت خەونی سەرکەوتن بەرجەستە بکات، بەڵام دوای هەشت ساڵ جارێکی دی دۆناڵد ترەمپی پۆپۆلیست ئەمەریکای گەڕاندەوە ناو بازنەی دوژمنایەتییەکی سەختی یەکدی ، ئەوەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ڕوویدا، پێکدادانی ئەمەریکییەکان بوو بە شێوەیەکی ترسناک و تا ئاستی ڕق لە یەکدی بوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی وەهمی یەکشوناسیی ئەمەریکا، دابەشبوونی نێوان دوو جیهانبینیی جیاواز و دژبەیەک کە دەرئەنجامەکانی نەک هەر مەترسی بۆ دەرەوەی ئەمەریکا هەیە بەو پێیەی هیچ وڵات و کۆمەڵگەیەکی جیهان نییە بە شێوەیەک لە شێوەکان نەکەوێتە ژێر کارلێکەریی ئەمەریکاوە، سیاسی، سەربازی، ئابووری یان کولتوری بێت، بەڵکو مەترسی بۆ خودی ئەمەریکا خولقاند کە جەنگی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەمانا ترسناکەکەی لە نێوان دوو حیزب و ڕووبەڕووبوونەوەی دوو کاندیدەوە گواستەوە بۆ پێکدادانی شەڕانگێزی نێوان تەواوی کۆمەڵگەی ئەمەریکی و دەنگدەرانیان. ترەمپ پرۆسەی دیموکراسی کردە جەنگی دابەشبوونەوە و لێکترازانی شوناسی ئەمەریکی.

بەڵام ئەوەی تراژیکۆمیدی بوو، هەر چەند خولەکێک لەدوای هەڵبژاردنی، ئەمەریکییەکان دۆناڵد ترەمپێکی نوێیان بینی، تەواو پێچەوانەی ساتەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و پێش ئاشکرابوونی ئەنجامەکان . وێنەیەک کە تا سەر ئێسقان نمایشێکی درۆزنانە و دیماگۆگی و فێڵاویی دۆناڵد ترەمپ نمایش دەکات کە لە هەمان کاتدا نمایشی هەموو ئەو هێز و لایەنە پۆپۆلیستانەیە، لە ئەوروپا و ڕۆژئاوا سەریان هەڵداوە و لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندن و هەمیشە ترساندنی دەنگدەرانیان و بەڵێنی پاراستنیان لە هاونیشتمانییەکانیان کە دەشێت دراوسێ و هاوپیشە و هاونەتەوە و ڕەگەز و هاوئاینی خۆیان بن، دەنگدەران دەکەنە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ یەکدی، تەنها لە پێناوی گەیشتن بە دەسەڵات، ئەگەرچی بنەماکانی ئەو دەسەڵاتە لەسەر درۆش هەڵبچنرێت.

گاڵتەجاڕییەکە ئەوەبوو، یەکسەر دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ترەمپێکی داماڵراو لە پێستەکەی خۆی کە نمایشی ترەمپی ساتەوەختەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی نەدەکرد، خۆی نمایش کرد. ئەو شەڕانگێزە تووڕە و بازاڕییەی کە بەڕاشکاوی جنێو و سووکایەتی دابەش دەکرد بەسەر چەندین توێژ و پێکهاتە و ڕەوەندی ئەمەریکی و نەتەوەی دەرەوەی ئەمەریکاشدا، گوتارە سیاسیەکانی گاڵتەجاڕ و هەڕەشەئامێز و پۆپۆلیستانە بوو بۆ ترساندنی بەشێکی ئەمەریکییەکان لە هاونیشتمانیانی خۆیان، بۆ تۆقاندنی بەرەیەک و دڵخۆشکردنی بەرەیەکی پۆپۆلیستی، ئەو پیاوەی بۆ ئارامیی ئەمەریکا (چارەسەری کۆتایی) لەسەر میتۆدی نازیزم هەبوو کە هاوتای (هۆلۆکۆست و شوا) یە، هەڕەشەی زیندانیکردنی هیلاریی دەکرد، دیوارێکی بڵندی لە نێوان ئەمەریکا و مەکسیک بە پارەی مەکسیک بنیات دەنا بۆ ڕێگەگرتن لە مەکسیکییەکان کە بە تاوانبار و دز و تلیاکفرۆش ناوی دەبردن، هەموو بیانییە بەڕەگەز ئیسپانی و ئەمەریکی لاتینەکان و هەژارانی بێ کارتی مانەوە فڕێ دەدایە دەرەوەی سنوورەکانی ئەمەریکا، بێکارەکانی بە مشەخۆر و زیادە دادەنا، موسوڵمانەکانی ئەمەریکای دەناردەوە بۆ وڵاتانی خۆیان و لە مزگەوت و ماڵەکانیشیاندا چاودێریی دەکردن و ڕێگەی لە هاتنە ناوەوەی موسوڵمانی دیکە دەگرت بۆ ئەمەریکا، ئەو کە سووکایەتی بە ئافرەتان و نەخۆش و هاندیکاپ و هاوڕەگەزباز و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران دەکرد، چارەسەری کۆتایی لابوو کە ئەویش بە ئاسایی پاکتاوکردنی ئەمەریکا بوو لە بوونەوەرە بێ کەڵکەکانی دەرەوەی توێژە سپیپێست و باڵا و قەشەنگەکەی ئەمەریکا. بەڵام ترەمپی شەڕانگێز چەند خولەکێک دوای هەڵبژاردنی بووە ترەمپێکی هێمن و مرۆڤپەروەر و ئایدیالیستی ئەمەریکا، لە یەکەم گوتاری دوای هەڵبژاردنیدا زۆر بە سادەیی و بە هێمنی و قورسایی سیاسییەکی عەقڵانییەوە لەسەر شانۆ دەرکەوت و هیلاری بە کەسایەتییەکی خەباتگێڕ دانا، داوای یەکێتی لە هەموو ئەمەریکییەکان کرد و دەستی ئاشتبوونەوەی بۆ ئەوانەش درێژ کرد کە دەنگیان پێ نەدا، گفتی دا کە دەبێتە سەرۆکی هەموو ئەمەریکییەکان و پێگەو بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە دنیادا بەباڵایی ڕادەگرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئامادەیە لەگەڵ هەموو دەوڵەتێکدا بە دانوستاندن و سازان کاربکات. ترەمپ ئەمریکییەکانی کردە دوژمنی یەکدی، کەچی وەکو سەرۆک بەڵێنی هێنانی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانیی پێدان. ئەو کە ماوەی ساڵێکی ڕەبەقە کۆمەڵگەی ئەمەریکی لە یەکدی دەڕەنجێنێ، تازە درەنگە دوای هەموو درۆکانی بە درۆیەکی مەزنتر و نمایشی وێنەیەکی نوێی ترەمپی ئارام و کۆکەرەوەی هەمووان، بتوانێت چوار ساڵی ئارام لە نێوان ئەمەریکییەکاندا بەڕێ بکات. چاوەڕوان ناکرێت کە چوار ساڵی ئارامی ترەمپ لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا تێپەڕێت لە کاتێکدا ئەو درۆی لەگەڵ هەموو ئەمەریکیەکاندا کرد، ئەوانەی دەنگیان پێ داوە و ئەوانەی نەیاریشی بوون. ترەمپ و ئەو هێزە پۆپۆلیستیەی کە ئێستا لەپێناوی دەسەڵاتدا میتۆدێکی نازیانە بەکاردێنن (درۆبکە، درۆبکە تا باوەڕت پێدەکەن) ، ناتوانن ئەو کۆمەڵگەیە بێننەدی کە بە گۆشەگیری و لەدەرەوەی ئەوانی دی تەنها بە بەها دیماگۆگیەکانی خۆی بژی، بەڵکو ئەم هێزانە شیرازەی ئەو کۆمەڵگایانە تێکدەدەن کە شوناسێکیان لەسەر تێکەڵاوی و پێکەوە ژیانی چەندین شوناس و کولتوری دیکە پێکهێناوە و دواجار ئەوانەی لەو گەمەیەدا دەخەڵەتێن، خودی ئەوانەن کە دوای گەمەی سیاسییەکان بۆ دەسەڵات، تەنیا دۆڕاوی و بە فیڕۆدانی دەنگەکانیان بۆ دەمێنێتەوە. ئەگەر ترەمپ کاندیدێکی کلاسیکی کۆماری میانڕەو و هاوتای کاندیدەکەی دیموکراتەکان بووایە کە بە شێوەیەکی تەقلیدی لە ساتی هەڵبژاردندا لێک تووڕە دەبن بێ بەزاندنی سنووری بەها مرۆییەکان و لە دوای هەڵبژاردن خۆیان بە نوێنەری هەموو ئەمەریکییەکان و کۆکەرەوەی دەزانن، دەکرا بوارێک بۆ لێبوردەیی بمێنێتەوە. بەڵام ترەمپ کە جنێوی بە زۆرینەیەکی ئەمەریکییەکان دەدا، کە دەیکردنە دوژمنی یەکدی، ئێستا بە چ ڕوویەکەوە خۆی بە باوک و کۆکەرەوە و نوێنەری هەموو ئەمەریکیەکان دەزانێت.

ترەمپی ملیاردێر و بزنسمان لە کتێبەکەیدا کە باسی دەوڵەمەندبوون و سەرکەوتنی خۆی دەکات، دەڵێت ئەو دەیەوێت ئەمەریکا وەکو کارگەیەک بەڕێوەبەرێت. ترەمپ کە خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای بیناسازییە و ملیارەکانی لەسەر ڕەنج و عارەقەی چەندین ملیۆن کرێکاری بیانی خستووەتە سەر یەک کە زۆرینەیان بێ کارت و نایاساییین و دەیەوێت دەریان بکات، ئەو کە دەیەوێت سنوورێک بۆ ئابووری و هێنانی کەرەستەی چینی بۆ ئەمریکا دابنێت، هەموو کارگەکانی خۆی بە بەرهەم و کەرەستەی چینی خستووەتە گەڕ. زۆر لە سەرۆکەکانی ئەمەریکا خاوەنی ئابڕووچوون بوون، بەڵام ئەمجارە ئەمەریکییەکان خاوەنی سەرۆکێکی دیماگۆگی و درۆزنن کە لەسەر بنەمای هەڵچنینی هەڵەمەتێکی هەڵبژاردن لەسەر درۆ، ئێستا لە شەقامدا ئەمەریکییەکانی کردووە بە گژ یەکدیدا و خۆیشی بە کۆشکی سپی شاد دەبێت. هەرچۆنێک بێت باشتر وایە ئەمەریکییەکان خۆیان لەنێو خۆیاندا ئاشت ببنەوەو ناچار بن بە سەرۆکێکی درۆزن ڕازی بن و هیوا بخوازن کە هەموو بەڵێنەکانی ترەمپی پێش بوونە سەرۆک درۆیەکەی گەورە بن و هیچی لێ نەهێنێتە دی. سەرۆکێکی درۆزن باشترە لە سەرۆکێکی شەڕانگێز و وێرانکەری ئەمەریکا و جیهان.



بەرزان عەلی حەمە

# وەهمی سلێمانی !

نزیک بە نەوەد ساڵ بەر لە ئێستا، کاتێک کوردستانی خواروو (بەبێ ڕەزامەندیی خاوەنەکەی!) بە عێراقی عەرەبییەوە لکێنرا، تەنیا شوێنێک کە بەتوندی دژی وەستایەوە، سلێمانی بوو! ئەوکات شار تەنیا ئێرە بوو، شۆڕش هەر لێرە بوو، ڕاپەڕین هەر لێرە بوو، کەچی ئەمڕۆ لەجەرگەی سلێمانیدا، ئەو شارەی کە بەدرێژایی یەک سەدە دانووی نە لەگەڵ تاران و نە لەگەڵ شام و نە ئەنقەرە و نە بەغداش نەدەکولا، ئێستا دروشمی گەڕانەوە بۆ بەغدا، نە سەری کەس دەسوڕمێنێ و نە کەسیشی پێ شەرمەزار دەبێت !

لە سایەی شەڕە قۆچی گۆڕان و پارتی، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەسلێمانی دەوڵەتی کوردییان بەیەک پوولی قەڵب ناوێت، هێندەی ژمارەی ئەو کەسانەی لێ هاتووە کە لە تکریت و عۆجە و قوم دەوڵەتی کوردییان ناوێت. ڕێک بەقەد ژمارەی ئەو شەهیدانەی لێ هاتووە کە لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لەپێناوی کوردستانی ئازاد گیانی خۆیان بەخشی!

تۆ ببینە، سلێمانی بە ڕووبەری حەڤدە هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەوە، بە چڕیی دوو ملیۆن دانیشتووەوە کە هەر بەتەنیا خۆی لە ڕووبەر و دانیشتووانی هەردوو وڵاتی قەتەر و بەحرەین گەورەترە، سەرقاڵ کراوە بە باسە پڕوپووچەکانی چەند تاقمێکی لۆکاڵی و گەمەی چەند بەقاڵێکی سیاسەتەوە!

سلێمانی ڕۆژگارێک سەرقاڵ بوو بەوەی کە سنووری کوردستانی گەورە لەکوێی قەوقازەوە تا کوێی ئەرمینیایە، کەچی ئەمڕۆ لە هەموو هاوکێشەکانی سیاسەت دابڕێنراوە و گڵە کوێر بیت، پۆستی پارێزگاری پێ یەکلایی ناکرێتەوە، پاش یەک سەدە خوێن، خەریکن تازە بارگە و بنەی پێ دەپێچنەوە بەرەو بەغدا. شێرکۆ بێکەسی ڕەوانشاد دەیگوت: هەڵەبجە دەچێت بۆ بەغدا، کەچی وا دەرنەچوو! قەرارە سلێمانی بچێت!

تۆ ببینە، دوو ملیۆن مرۆڤی ماندووی شارەکە، سەرقاڵ کراوە بە خۆپیشاندان و فەرتەنەی مێژوویی دوو بنەماڵەوە، لە هیچ شوێنێکی دونیادا نەبووە، مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی پارە، هەم کار بکات و هەمیش خۆپیشاندان بۆ وەرگرتنی حەقی کارەکەی بکات!

لەدونیای نوێدا خۆپیشاندان ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنان و چەسپاندنی مافە مەعنەوییەکانی کۆمەڵگە، چ عەیبە خۆپیشاندان بۆ نان! بۆ مووچە! بۆ کارەبا! لەوەش زۆرتر، چ عەیبە میللەتێک پاش یەک سەدە لە قوربانی، هێشتا ئەم شتە سەرەتاییانەی نەبێت، هێشتا (لای حیزب بێت) و پێی نەدات! وا نەزانن ئەم خۆپیشاندانانە، نیشانەی مەدەنیەت و هۆشیارییە، نەخێر ئەمە نیشانەی برسێتییە، نیشانەکانی قاتوقڕییە، نیشانەکانی فەلەجبوون و داڕمانی بیری شارستانی و نزیکبوونەوەیە لە ژیانی ئەشکەوت! ناکرێت شارێک بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک بخەڵەتێنیت، هیچی نەدەیتێ و هیچی بۆ نەکەیت و تەنیا پێی بڵێیت ڕۆشنبیرە! ئەمە وەهمی سلێمانییە، شارێک جگە لە برسێتی هیچی دیکەی تێدا نییە و تەنیا بە شکۆی مێژووەکەیەوە هەڵیدەخەڵەتێنن! شارێک برسییەتی و لەبری ئەوەی بڵێن ها نان، دەڵێن: تۆ ڕۆشنبیری! وەک ئەوەی وەزیفەی ئەم شارە لە ڕۆژگاری نوێدا، تەنیا خۆپیشاندان بێت! ئێستا چەرخی سیاسیی ڕۆژگار بەبێ سلێمانی دەسووڕێت و شار لە وەهمی خۆی و حیزب و برسێتیی خەڵکەکەیدا بەڕێ دەکات، بەڵێ لێرەیە وەهمی سلێمانی، پایتەختی قاتوقڕیی کوردستان!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

ڕووداو
ژمارە ( 432 ) - دووشەممە 2016/11/14



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کەی نۆرەی دەرکردنی یەکێتی دێت؟

1

لە بنەڕەتدا، دوای 23ی حوزەیرانی 2015، پارتی لە جیاتی ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت دەربکات و پەرلەمانیش تەعتیل بکات، ئەگەر یەکێتی (باڵی ماڵبات)ی دەرکردبایە ڕاستتر بوو، چونکە بە هەموو پێوەرێک بزووتنەوەی گۆڕان لە قۆناغی ئۆپۆزیسیۆنی ئاشکراوە، بۆ یەکەمجار بەشداریی لە حکومەتدا دەکرد و ڕێی تێدەچوو کە بیەوێ نەفەسی ئۆپۆزیسیۆنبوونی خۆی تا ماوەیەک بپارێزێ. بە تایبەتیش کە بزووتنەوەی گۆڕان چوار وەزارەتی وەرگرتبوو، دوای هێرشی داعش، هەر چوار وەزارەتەکە بە ئەوقافیشەوە لە قەیراندا بوون، بەڵام هاوئاهەنگی و پاڵپێوەنانی گۆڕان بۆ سەرکێشیی زیاتر (لە سەرەتای پرۆسەکەدا و بەپێشکەشکردنی پرۆژەی ئاگرین بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم) ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی (باڵی ماڵبات)ی یەکێتی بوو. بۆیە ئەوەی دەبووایە لەو مەسەلەیەدا، سزا بدرێت! ئەوان بوون نەک گۆڕان. گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم ڕێککەوتنێکی ئیداری و تا ڕاددەیەکیش سیاسی لەگەڵ پارتیدا هەبوو، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت (بە حیسابی هەردوولا)، شتێک بەناوی ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا ماوە و تەنانەت لەو کاتانەشدا، باسی پێداچوونەوە و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەشی دەکرا. کەواتە لایەنی خەتاباری پرۆسەکە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە و بۆ هەناردەکردنی قەیرانی ناوخۆیی خۆی کوردستانی تووشی گەورەترین قەیرانی سیاسی و ئیداری کردووە، بەڵام هێشتا دەیەوێ خۆی وەکو پیاوچاک وێنا بکات.

پارتی دەبێ بە هەموو شتێکی خۆی لەگەڵ باڵی ماڵباتی یەکێتیدا بچێتەوە، هەموو ئاوەکان لە سلێمانی و زۆنی سەوزی پێشوو بە کەرکووکیشەوە ئەوان دەیڕێژن و گۆڕانیش بەدوای خۆیاندا پەلکێش دەکەن، سەردانی مالیکی دەکەن، بانگی دەکەن بۆ سلێمانی، پێشنیازی بڕینی بودجە دەکەن، داوا دەکەن بەغدا ڕێگە بە کورد نەدات نەوت بفرۆشێت و لە دوا هەولێشدا، داوا دەکەن بەغدا ڕاستەوخۆ لە ڕووی بودجەوە مامەڵە لەگەڵ سلێمانی بکات!

گۆڕان لە سیاسەتدا، لەلایەن پارتییەوە ئێنفیرادی پێ کراوە و ڕەنگبێ وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی هەرچی هەیەتی بیکات. ئەوەیان ڕێی تێدەچێت، بەڵام کە شەریکی حوکمڕانی ئەوە بکات، کەس نازانێ ناوی بنێ چی؟ کەمێک گەڕانەوە بۆ دواوە و نوێکردنەوەی زاکیرە وەڵامی ئەو پرسیارەی پێیە. لە 2009 تا 2011 سەرۆکایەتیی حکومەت لای یەکێتی بوو، بەڵام باڵی ماڵبات ئەوکاتیش دژایەتیی حکومەتیان دەکرد و هەر چاویان لە حوکمڕانیی سلێمانی بوو تاوەکو کوردستان.

## پارتی بۆ وا تەنگاو بووە؟

2

ئەگەرچی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان گۆڕان و باڵی ماڵباتی یەکێتی لەسەر ئاستی کوردستان ئیفلیج بووە و کەسیان باوەڕیان پێی نەماوە، بەڵام لانیکەمی ئەوەیە کە لە بەغدا هێشتا کاری پێدەکرێت و ئەوەی لە کوردستان دەرهەق بە پارتی پێیان ناکرێت لە بەغدا دەیکەن. ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە کە بە کورتی لە ڕووی ئیداری و داراییەوە، سلێمانی و هەڵەبجە بە بەغداوە ببەستنەوە و لەوەشیاندا، پشتیان بە هاوپەیمانە شیعەکانی ناو پەرلەمانی بەغدا بەستووە. جارێ پێش هەموو شتێک ئەمە لەڕووی دەستوورییەوە کارێکی زەحمەتە، چونکە لە دەستووردا، پێناسەی هەرێمی کوردستان، بە سنووری ئیداری و جوگرافی و دەسەڵاتەکانییەوە کراوە و، بۆ ئەمجۆرە جیاکردنەوانەش دەبێ لە داهاتوودا پەنا ببەنە بەر ریفراندۆم.

پارتی دوای ئەو هەوڵە (کە وەک ئەوەی ساڵی 1966ی برایم ئەحمەد وێنا دەکرێت) زۆر تەنگاو بووە، بەڵام لەڕاستیدا دەبێ پارتی بەوە دڵخۆش بێت، چونکە لە شوێنێک کە هوتافی (عەبادی عەبادی..) ببیسترێت، چ بەهایەکی کوردایەتی و کوردستانی ماوە بەتەنگ لەدەستچوونییەوە بێ؟ کە سلێمانی ئامادە بێت هەموو داهاتەکانی خۆی ڕادەستی بەغدا بکات (لەکاتێکدا دەمێکە نایداتە حکومەتی هەرێم) و لەبری ئەوە بودجە لە بەغدا وەربگرێت، دەبێ پارتی پیرۆزباییان لێ بکات و وەک کەمبوونەوەی قورسایی بەسەر حکومەتی هەرێمەوە سەیری بکات. ئەگەر یەکێتی و گۆڕان بتوانن مووچە و خۆشگوزەرانی بۆ ئەو دەڤەرە بگەڕێننەوە، مامۆستا و مووچەخۆرەکان بیووژێننەوە ئەوا دەبێ دەستخۆشییان لێ بکرێت. هەر نەبێ ئەو کاتە دەردەکەوێ بە ڕەسمی چەند پارە لە بەغدا وەردەگرن (کە ئەوە دەمێکە بە نهێنی دەیکەن) و چۆنی خەرج دەکەن. ئەو کاتە دەردەکەوێ کە مەرامی ڕاستەقینەیان بژێوی خەڵکە، یان تەسلیمکردنی قەدەری خەڵک و دەڤەرەکەیە بە سیاسەتی ئێران. ئەگەر ئەوەی دووەمیان بێت، وا بەئاسانی بۆیان ناچێتە سەر و دەبێ چاوەڕێی گورزێکی گران بن.

## هاتنی ترەمپ و شەڕێکی گران

3

بە هاتنی دۆناڵد ترەمپ، بەرەی شیعی لە ناوچەکەدا کە ئێران سەرکردایەتیی دەکات، گورزێکی گەورەی بەرکەوت، ترەمپ دەڵێ: "گەورەیی بۆ ئەمریکا دەگەڕێنمەوە"، ئەوەش لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەبێ لغاوکردنی ئێران و دەستوپێوەندەکانی مەیسەر نابێ. سیاسەتەکانی ئۆباما و دیموکراتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتاییان پێدێت، هەر بۆیەشە ئێران کەوتووەتە پەلەقاژەوە و دەیەوێ پێش ئەوەی هیچ ڕوودات، جێی خۆی قایمتر بکات. لانیکەم لە وڵاتی بەناو عێراقدا، جیاکردنەوەی سلێمانی لە کوردستان، هەوڵدان بۆ هێنانەوەی مالیکی لە بەغدا، جێگیرکردنی پەکەکە لە ناوچەکانی نفوزی پارتی و پێداچوونەوە بە ساختار و ڕێکخستنەوەی بزووتنەوە تیرۆریستییەکان، بەشێکن لەو سیاسەتانەی کە ئێران دەیەوێ وەک نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا نیشانیان بدات و ئەمریکای پێ بەرزەفت بکات، بەڵام ئەوە هاوکات دەبێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕۆڵی سعودیە، تورکیا و بەرەی سوننە. بۆیە ئەو کێشمەکێشە تازەیە بێ شەڕ و خوێنڕێژی نابێت.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# حیزب وەک موڵکی کەسی یەکەم

هەفتەی ڕابردوو باسم لە گرفتی پرسی نوێنەرایەتی لای حیزبی کوردی کرد. ئەم هەفتەیە دەگەڕێمەوە سەر قەیرانێکی دیکەی هەمان ئەم حیزبە کە خۆی لە دیاردەی "پێرسۆنالیزاسیۆن/ شەخسەنەکردن" دا دەبینێتەوە.

لێرەدا، مێژووی حیزب و مێژووی کەسی یەکەم، ژیانی تایبەتی کەسی یەکەم و ژیانی گشتیی حیزب، بەرژەوەندییەکانی کەسی یەکەمی حیزب و بەرژەوەندییەکانی حیزب بەشێوەیەک تێکەڵ بەیەک دەبن کە هیچ کەس و ئۆرگانیزم و دەسەڵاتێک ناتوانێت لەیەکیان جیابکاتەوە.

لە کوردستاندا، هیچ زیادەڕەوی نییە گەر بڵێین: حیزب کۆبوونەوەیە لە دەوری کەسێک، حیزب یەکسانە بە لیدەرێک و "دێپەندانس/ تەبەعیەت" بۆ پرۆگرامێک نییە، بەڵکو بۆ لیدەرێکە و کۆی چالاکییە سیاسییەکان و تەنانەت پرۆگرامێکیش ئەگەر هەبێت، هەر لە بوونی لیدەرەوە شەرعیەت وەردەگرێت. بەزمانێکی سادەتر: ئامادەیی "وجودیی" حیزبێک لەکاوە بە ئامادەیی "وجودیی" لیدەرێکەوە و بە نەمانی ئەو لیدەرەش حیزبەکە دەکەوێتە بەر مەترسی لەناوچوونی وجودییەوە.

بۆئەوەی حیزبێک لە کوردستاندا "وجودی" هەبێت، پێویستە بە پرۆسێسی "بەئایدیاڵکردنی" مێژووی لیدەرەکەیدا تێپەڕێت! پێویستە لیدەرەکەی بکات بە قوتابخانەی فیکری، ڕەمزی قارەمانەتی، لووتکەی فیداکاری، نموونەی پاکێتی، ئۆقیانووسی دیپلۆماسی، پرانسیپی سەقامگیری و هتد.

ئەمانە ئەو مۆدێلەن لە حیزب کە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ناویان دەنێن: مۆدێلی سەرۆکایەتی لەبەرامبەر مۆدێلی پەرلەمانیدا. هەموو حیزبەکانی کوردستان، هەر لە پارتیی بارزانییەوە، تا دەگاتە یەکێتیی تاڵەبانی، گۆڕانی نەوشیروان مستەفا، یەکگرتووی سەلاحەدین بەهائەدین، کۆمەڵی عەلی باپیر، سۆسیالیستی محەممەدی حاجی مەحمود ...، لەنێو ئەم مۆدێلەدان.

یەکگرتوو پێیوابوو لە دەرەوەی ئەم مۆدێلە دەتوانێت ژیانێکی سیاسی بۆ خۆی دروست بکات، بەڵام بەخێرایی تێگەیشت لەوەی کە بەبێ سەلاحەدین بەهائەدین، دروست وەک حیزبەکانی دیکەی کوردستان، ئەستەمە بتوانێت بە ستراکتۆرەکانی ئێستا و ئێرەیەوە، درێژە بە مانەوەی وجودیی خۆی لەنێو کێڵگەی سیاسیدا بدات، بۆیە بە دەنگی حەفتا و پێنج لە سەدی ئەندامانی کۆنگرە، هێنایانەوە و پەیمانیان بۆ تازە کردەوە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەوەتەی کە سکرتێرە گشتییەکەی، جەلال تاڵەبانی، نەخۆش کەوتووە، کۆی وجودی یەکێتی نەخۆش کەوتووە، بەڕادەیەک کە تەواوی ئۆرگانەکانی لەبەردەم مەترسیی ئیفلیجبوونی سەرتاسەریدان! ئەمە هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە، بەڵکو دۆخێکی تەواو ئاساییە، چونکە جەستەی سامبۆلیک و فیزیکیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕاستەوخۆ لەنێو جەستەی سامبۆلیک و فیزیکیی تاڵەبانیدا ستراکتۆری گرتووە و بەنەخۆشکەوتنی تاڵەبانی، زۆر ئاساییە کە کۆی یەکێتیش نەخۆش بکەوێت. هەفتەی داهاتوو بەدرێژی لەسەر دۆخی یەکێتی نیشتمانی دەوەستم و باس لە ئاوابوونی کاراییەکانی شەرعیەتی هەژموونی کاریزماتیکی مام جەلال لەسەر داهاتووی ئەم حیزبە دەکەم.

دیاردەی "شەخسەنەی حیزب" دەکرێت لە قۆناغێکدا کۆمەڵێک دەسکەوت بۆ حیزب دابین بکات، بەتایبەتی لە چرکەساتی بەرەنگاری و شۆڕشدا، بەڵام لە قۆناغی پەڕینەوە بەرەو دیمۆکراسیدا، دەبێت بە گرفتێکی گەورە بۆ حیزب کە دەکرێت دواتر هەڕەشە لە مانەوەی بکات. بۆنموونە، ڕووبەری هەژموونی حیزب تا ئەو شوێنە بڕ دەکات کە ڕووبەری هەژموونی لیدەرەکەیەتی و ناتوانێت بەکۆی ڕووبەرەکانی نیشتماندا بکشێت. بێهوودە نییە کە ڕووبەری هەژموونی حیزبی سۆسیالیست ناوچەی شارەزوور تێناپەڕێنێت، چونکە لەو شوێنەدا سنوورەکانی هەژموونی محەممەدی حاجی مەحمود کۆتایی دێت. سنووری هەژموونی یەکێتی ناوچەی سۆران تێناپەڕێنێت، وەک چۆن سنووری هەژموونی پارتی ناوچەی بادینان تێناپەڕێنێت، چونکە سنووری هەژموونی دوو لیدەرەکەیان لەو شوێنانەدا کۆتاییان دێت. بێگومان لەنێو ئەم پرانسیپە گشتییەدا، دەکرێت ئیستیسنایەکی وەک یەکگرتوو هەبێت کە هەوڵ دەدات لە زۆربەی ڕووبەرەکاندا ئامادەیی هەبێت، بەڵام گرفتی ئەم ڕیزپەڕەش بریتییە لەوەی کە لە ڕووبەری هەژموونی پارتیدا، یەکگرتوو ناچار دەکرێت بە "تەبەعیەت" بۆ هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی بارزانی و لە ڕووبەری هەژموونی یەکێتیشدا، ناچار دەکرێت بە هەمان "تەبەعیەت" بۆ هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی تاڵەبانی/ نەوشیروان و هەر ئەمەش وادەکات کە مۆتەکەی لەتبوون، هەمیشە ئەژنۆی لەسەر سنگی یەکگرتوو دانابێت.

بەشێوەیەکی گشتی، قەیرانی حیزب لە کوردستان، چەندین ڕەهەند و ئاستی جیاوازی هەیە و بەتەنیا میراتی بەعس ناتوانێت شرۆڤەی بکات. بۆ تێگەیشتن لەم قەیرانە، دەبێت سەرەڕای هەموو ئەوەی کە تا ئێرە باسمان کرد، ڕووناکیش بخەینە سەر ئەو مایکرۆ گۆڕانکاریانەی کە ناچاری دەکەن بە تاقیکردنەوە و خۆلەمەحەکدانی پەڕینەوەی فەرزکراو لەلایەن گرەوە نوێیەکانی سەردەمی نوێ و پرۆسێسەکانی تێکەڵبوون بە قۆناغی پۆست سەدام حوسەینەوە کە وا بڕیارە قۆناغی بیناکردنی دیمۆکراسی بێت.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# سەرئێشەی کوردی و ئەسپرینی ئێکسپایەر

تۆمەتی پشتگیریکردنی تیرۆر هەروا وەک شەستەبارانی پاییزی بەسەر هەدەپەییەکاندا دادەبارێت. خۆ ئەگەر حکومەتی ئاکەپە بیەوێ هاوپێوەندیی لەگەڵ پەکەکە بکاتە بیانووی سزادانی هەدەپەییەکان، ئەوە بەدڵنیاییەوە سەلماندنی ئەو تۆمەتە و سەپاندنی ئەو تاوانە بۆ دادئەستێنەکانی تورکیە زەحمەت نابێت. پێوەندیی پەکەکە و هەدەپە ئەگەر پێوەندییەکی ئۆرگانیک و ڕێکخراوەییش نەبێت، ئەوا پێوەندییەکی هەستی و خوێنییە. ڕێبەرانی هەدەپە زۆرجار ڕۆڵی مێژوویی پەکەکەیان لە بووژانەوەی ڕۆحی نەتەوایەتی لە باکووردا وەبیرهێناوەتەوە و خۆیان بە قەرزباری گەریلا زانیوە. تەنانەت جارێکیان لە وەڵامی مام جەلالدا کە پێشنیاری بە وەفدێکی باکوورییەکان کردبوو "بۆخۆیان خەریکی کاری سیاسی بن و خۆ لە گێچەڵی پەکەکە دوور ڕابگرن"، عوسمان بایدەمیر وەڵامی مام جەلالی دابووەوە و گوتبووی "دەوڵەتی تورک ئەگەر ترسی پەکەکەی لە دڵدا نەبێت، هەر هەمووومان بە دەروازەکانی دیاربەکردا هەڵدەواسێ".

پەکەکە وەک سیستمێکی تایبەتی ئەخلاقیاتی شۆڕشگێڕانە، مۆرکی خۆی لە کەسایەتی سیاسیی هەموو هەدەپەییەکان داوە. ئەمە حاشای لێ ناکرێ. ئەوە ئیتر شتێکی تراژیکۆمیکە کە کەسانێک بەگیانی خوێنەویستی و ورەی بەرخۆدانی هەدەپەییەکاندا هەڵدەڵێن، کەچی لەولاوە تانە لە پەکەکە دەدەن. هەدەپەییەکان، دوور لە هەر دەربڕینێکی هەستەکی، گەریلاکانی خەباتی سیاسی و مەدەنین.

بەڵام هەموو ئەو هاودڵییەی نێوان پەکەکە و هەدەپە ناکاتە ئەوەی خەتای شەڕفرۆشی و شەڕەنگێزییەکانی حکومەتەکەی ئەردۆغان بخرێتە ئەستۆی هەدەپە یان پەکەکە و ئیتر ئەو هەموو دەستی دەستی پێکردنەی پرۆسەی ئاشتی، هەست بریندارکردنەی باکوورییەکان (بۆ وێنە لە سەروەختی بەرخۆدانی کۆبانێدا) و پاشگەزبوونەوەی ئەردۆغان لە ڕێککەوتنەکەی دۆڵمەباخچە و — کاریگەرییە دەروونییەکانی— لەبەرچاو نەگیردرێن. بەبڕوای منیش، لەم هەلومەرجە هەستیارەی ناوچەکەدا، پەکەکە دەبووایە لەژێر بارانی بۆمبیشدا نەچووبایەوە ناو سیناریۆی شەڕی دوولایەنە لەگەڵ حکومەتی تورکیە.

ئەمە بەڵام ڕەنگە هیچ کات ئاواتێکی واقعبینانە نەبێت. ئاخر پەکەکە وەک تۆڕێکی فراوان و نایەکدەست، بە باسکی فکریی توندڕەو و میانەڕەووە و هەروەها بە شانەی جیاجیای گرێدراو و نیمچە سەربەخۆوە، سەرباری هەموو دیسیپلینێکی ڕێکخراوەیی و گرێدراویی ئایدیۆلۆژیکیش، هێشتا ناکرێ چاوەڕێ بین هەردەم بە یەک ئیقاع بجووڵێتەوە. ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوەش نیشان دەدا کە ناکرێ چاوەڕوان بین پەکەکە و هەدەپەش هەموو دەم خەتی یەکتر بخوێننەوە. وەبیرهێنانەوەی نموونەیەک خراپ نابێت:

ڕەنگە زۆرمان لە بیرمان بێت کە هەر لە گەرماوگەرمی ڕاگەیاندنی سەرکەوتنە پەرلەمانییە مێژووییەکەی هەدەپە لە حەوتی حوزەیراندا، دەمیرتاش لەیەکەم وتەی دوای سەرکەوتندا گوتی ئەوان ناچنە هیچ کابینەیەکەوە لەگەڵ ئاکەپە. هەر حەوتوویەک دواتر قەرەیلان لە قەندیلەوە ڕەخنەیەکی ڕاشکاوی لەو هەڵوێستەی دەمیرتاش و هەدەپەییەکان گرت و بەباشی زانی دەرگای بەشداریی سیاسی، بەکراوەیی ڕابگیردرێت. هەدەپەییەکان دواتر ئەو ڕوانگەیەی خۆیان بەو ئارگیومێنتە هەموار کردەوە کە ئەوان نەدەکرا بە ئومێدی وەدیهاتنی دیموکراسی پشتگیری لە چەسپاندنی دیکتاتۆریەت بکەن. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە چرکەساتی واش هەبووە پەکەکە و قەندیل لە هەدەپە واقعیتر و پراگماتیستتردەرکەوتوون.

لەلایەکی ترەوە، پێموایە ئەو بۆچوونەش ڕاست نییە کە گۆیا هەموو کرانەوە ڕێژەییەکانی پازدە ساڵی ڕابردووی حکومەتی ئاکەپە درۆ و پیلانێکی ڕووت بووە. ڕاستەکەی ئەوەیە کە ئاکەپە نیازی بوو کێشەی کورد لە کۆڵ تورکیە بکاتەوە. ئێستاش هەر ئەو نیازەی هەیە. بەڵام بە مەرجی خۆی.

ئاکەپەییەکان بە دوو شت دەستخەڕۆ بوون: یەکەم بەو داشکاندنە نەتەوەییە گەورانەی پەکەکە کە لە چوارچێوەی تیۆری نەتەوەی دیمۆکراتیکی ئۆجەلاندا فۆرموولە کرابوون و، دووەم بەو وەهمەی کە ڕەنگە بە دابینکردنی لانیکەمێک ئازادیی سیاسی و مافە کولتوورییە سنووردارەکان، ئیتر فەلسەفەی وجودی پەکەکە دابڕووخێ و وزەی شۆڕشگێڕانەی باکوور بەتاڵ ببێتەوە. واش بڕیار بوو کە لە پەراوێزەکانی ئەو پرۆسەیەشدا، ئیسلامی ئاکەپەیی بەستێنسازی بۆ شکڵگرتنی جۆرێکی تر لە وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکردایە و ببووایە بە بنەمای نەشتەرگەرییەکی بنچینەیی لە ناسێنە و هەوێنی نەتەوەیی خەڵکی باکووری کوردستاندا.

بەڵام لە کردەوەدا نە ئۆجەلان و تێزەکەی ئەو مێوە شلک و خاوە دەرچوون کە ئەوان وێنایان کردبوو، نە پەکەکە بەو ئاسانییە حازر بوو بچێتە ناو سیناریۆ گوماناوییەکانەوە و نە باکووریش بەو شێوەیەی ئاکەپە دەیویست، لە بۆتەی ئایدیۆلۆژیای ئاکەپەییدا قاڵ بووەوە. هەموو ئەمانەش لە کاتێکدا دەستیان دایە دەستی یەک کە ئاگری شەڕەکانی سووریە و عێراق، نەک هەر ئەو مارەی ژیاندەوە کە تورکیە پێی وابوو بە پرۆسەی ئاشتی سڕی کردووە، بەڵکو بە کردەوە "مارە نیمچە سڕکراوەکە"شی لەپێش چاوی تورکیەدا کردە مارێکی حەوت سەر کە هەر ڕۆژەی سەرێکی، لە شوێنێکەوە زەق دەبێتەوە!

پرسی کورد لە تورکیە بۆیە هەڵپەسێردراوە، چونکە پەکەکە تورکیەی تووشی کێشەیەکی ناوچەیی گەورەتر کردووە. تەبیعەتی چالاکیی ناوچەیی پەکەکە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە هەموو سیناریۆکانی حکومەتی تورکیە بۆ ئاشتی لە داهاتووشدا، وەک ڕابردوو، مەحکووم بە شکست دەبن و ئەو شتەیان لێ شین نابێت کە تورکیە مەرامیەتی. ئەوەی تورکیەی ئاکەپە لێی نائومێد بووە، لە پلەی یەکەمدا، نە هەدەپەیە و نە پەکەکە، بەڵکو ئەو ڕاستییەیە کە زەحمەتە "سەرئێشەی کوردی" بە ئاسپرینی حکومەتی تورکیە چارەسەر ببێت. تەبیعەتی سەرچڵ و سەرکەشی پەکەکە، ڕەنگدانەوەیەکە لە سروشتی سەرکەشی پرسی کورد.

ئێستا و لەم هەلومەرجەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوین پێیدا تێپەڕ دەبێ، دەوڵەتانی ناوچەکە سوور دەزانن ئەوەی ئێستا ڕەنگڕێژ دەکرێ دەبێتە ڕاستینەی دەیان ساڵی داهاتوو. هەر بۆیە پرسەکە بۆ ئەو دەوڵەتانە، شەڕی مان و نەمانیانە —لەفۆرمی ئێستایاندا. ئەم قۆناغە بۆ دەوڵەتانی ناوچە، قۆناغی ترس و خۆکۆکردنەوەیە. بەبڕوای من، هەموو پەلکێشییە بان-سنوورییەکانی وڵاتانێکی وەک ئێران و تورکیەش، لەم هەلومەرجەی ئێستایاندا، پێش ئەوەی زادەی فراوانخوازییان بێت، نیشانەی ترس و بێ ئۆقرەییانە و جۆرێکە لە ڕاکردن بۆ پێشەوە.

لە تابلۆیەکی ئەوتۆدا کە دەوڵەتێکی وەک تورکیە، لەلایەکەوە ترسی پەلهاویشتنی بەردەوامی مەسەلەی کورد ئۆقرەی لەبەر بڕیوە و لە هەمووکات زیاتر هەست بە مۆتەکەی سەرشانی خۆی دەکا و لەلایەکی تریشەوە، ئیسلامی سیاسیی ئەردۆغانی تەرکیزی لەسەر تێکەوەپێچانی میراتی سێکۆلاریسم و ئەو وردە دیمۆکراسییەشە کە تا ئێستا لەتورکیەدا هەبووە، دەبێ چ ئێستا و چ ئایندەیەک چاوەڕوانی هێزێکی وەک هەدەپە بێت؟ ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە، تازە هەدەپە نە هێز نە ئیمکانی ئەوەی نەماوە بە تەنیا وەک ڕەوت و ڕێبازێکی سەربەخۆ بمێنێتەوە و بەرگەی تەوژمی بەرامبەر بگرێت.

بەتێگەیشتنی من هەدەپە لە دوو ڕێگەی زەحمەت زیاتر بژارەیەکی لەبەردەمدا نەماوە: یان گەڕانەوەیەکی ڕادیکاڵ بۆ کوردستان، یان دابڕانێکی ڕادیکاڵ لە کوردستان. لەحاڵەتی یەکەمدا، دەبێ لەو فۆرموولە ئۆجەلانییەی پرسی کورد دووربکەونەوە و، جارێکی تر پرسی باکوور وەک پرسێکی نەتەوەیی بهێننەوە ناو ڕۆژەڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمەش واتە کۆتایی "هەدەپە". ڕێگەی دووەمیش، ئاوێتەبوونێکی ڕادیکاڵە لەگەڵ بەرەیەکی تورکی بۆ هەرەوەرزێکی گشتی لەپێناوی نەجاتدانی میراتی سێکۆلاریسم و نیمچەئازادییەکانی تائێستای تورکیە لە تەوژمی ئەردۆغانی- ئەگەر چیتر دەرفەتێک بۆ ئەم کارە مابێت. سیاسەت جاری وایە دەبێتە هونەری ناموومکینەکان. ئەمەش واتە کۆتایی سیاسەت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سلێمانی جیاناکرێتەوە

لە خۆپیشاندانەکەی هەفتەی ڕابردوودا لە سلێمانی، خۆپیشاندەر هوتافیان بۆ عەبادی کێشا. ئەمەش هەرچەندە دەربڕینێکی سیمبۆلیک بوو بۆ پیشاندانی ناڕەزایی بەرامبەر بەردەوامبوونی بێ مووچەیی، بەڵام زۆر کەسی هێندە نیگەران کرد کە کەوتنە توانجگرتن لە شاری سلێمانی و مێژووی کوردایەتییەکەی. ئێستا با بێین بە ئەعسابی ساردەوە بپرسین: هەم هوتافدان بۆ عەبادی و هەم ئامادەکردنی پرۆژەش بۆ جیابوونەوەی سلێمانی لە هەولێر چی لێ شین دەبێ و چەند ئایندەی هەیە؟

پێویست نییە بیر کەسی بهێنینەوە کە سلێمانی پایتەختی مەملەکەتی باشووری کوردستان و شاری تەسلیمنەبوون بە بڕیاری خولقاندنی دەوڵەتی عێراق بووە. بۆیە مەنتیقی نییە هوتافی پشتیوانی بۆ عەبادی بۆ پشتکردنە ئەو بیروباوەڕ و مێژووە بووبێت. ئەوەی من لێی تێگەیشتم، پەیامەکە زۆرتر ئەوەبوو کە هێندە لە ناسەرکەوتوویی فەرمانڕەوایی کوردستان ناڕازین و هێندە گیرفانی بەتاڵ و ئایندەی ناڕوون گوشاری بۆ دروستکردوون کە خۆزگە بە عەبادی دەخوازن. واتە پەیامی دووبارە و سەتبارە بوو بۆ بەخۆداچوونەوەی فەرمانڕەوایی لە کوردستان.

بەڵام ئەو پرۆژەیەی پەرلەمانتار و سەرکردەکانی چەند حیزبێک بۆ مامەڵەی ڕاستەوخۆی بەغدا لەگەڵ پارێزگاکان باسی دەکەن (لەحاڵەتی پابەندنەبوونی هەولێر بە ڕێککەوتنی نەوتی لەگەڵ بەغدا) زۆرتر لەوەی پرۆژەیەکی واقیعیی قابیلی جێبەجێکردن بێت، موزایەدە و بەکارهێنانی کارتێکی گوشارە کە بەر لە بەکارهێنانی سووتاوە.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە بەغدا، جوان ڕوونیکردووەتەوە کە بۆچی بیرۆکەکە هەڵەیە. پوختەی ئارگیومێنتەکە ئەوەیە کە ئەگەر هەولێر پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبوو، هەروەها سلێمانی بەتەنیا داهاتی هێندە زۆر بوو کە بینێرێتە بەغدا، لە بەرامبەردا بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی سلێمانی و هەڵەبجە بنێرێت، کەواتە بۆ سلێمانی ئەو داهاتە زۆرە لەئێستاوە ناداتە مووچە و چ پێویست دەکات ئەوکات بینێرێتە بەغدا و جارێکی دیکە بەشێکی لێ وەربگرێتەوە؟ ئەگەریش سلێمانی داهاتێکی ئەوتۆی نییە، لەبەرامبەر چیدا عەبادی و بەغدا ئامادە دەبن لە داهاتی نەوتی بەسرە و شوێنەکانی دیکە بەشی سلێمانی جیابکەنەوە؟ بێگومان وەڵامەکە ڕوونە: دەبێ زۆنی سەوز و نیلی لە هەرێمی کوردستان جیاببێتەوە و بیگۆڕێتەوە بە لامەرکەزییەتی مووچەیی.

ڕاستییەکەی بەشێک لە پارتییەکان ئەمەیان پێخۆشە و لە دانیشتنە نافەرمییەکانیشیاندا نایشارنەوە کە بە جیابوونەوەی سلێمانی و هەڵەبجە، حکومەتی کوردستان هەم بەشی ئەوە داهاتی نەوتی دەبێت کە مووچەی فەرمانبەرانی بەزیادەوە دابین بکات و هەم ڕزگاریشی دەبێت لە دردۆنگیی ڕکابەرەکانی پارتی و ڕەخنەگرە سەرسەختەکان لە سیاسەتەکانی.

بەڵام هەردوو خەون بەتاڵن، چونکە نە خەڵکی سلێمانی بە جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر مووچە ڕازی دەبن و نە پارتییە جوداخوازەکانیش دەتوانن خۆیان لەوە بدزنەوە کە مەلا مستەفا شۆڕشەکەی لەسەر ئەوە دانا بە نیوەی کەرکووک ڕازی نەبوو و داوای هەمووی دەکرد، بۆیە ئێستا نەوەکانی بۆیان نییە و ناتوانن بە جیاکردنەوەی سلێمانی و هەڵەبجە ڕازی بن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# هەریری بەندی ئینگلیزی دەڵێت

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







